# کورد و کیسنجەر

## سەرەتایەکی کێشەدار و
## کۆتاییەکی کارەساتبار

بورهان أ. یاسین

زستانی ٢٠٢٤

*"تراجیدیای کورد سەپێندراوی مێژوو و جوگرافیایە"*

هێنری کیسنجەر، *ساڵانی نوێبوونەوە*، لاپەڕە ٥٧٨

**تێبینی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە قۆناغی یەکەمە لە کارێکی فراوانتر، بە مەبەستی ئەوەی لە داهاتوودا بە شێوەی کتێب بڵاوببێتەوە. هەر بەم هۆیەشەوە، لە ئێستادا سیستمی ئاماژەدان بە سەرچاوەکان لە **قۆناغی بەر لە تەواوبوونە.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بەو دایکانەی کە جگەرگۆشەکانیان گیانی خۆیان لە پێناو خەونێک بەخت کرد، بەڵام دواجار ئەوەی ئەزموون کرا ڕێک پێچەوانەی ئەو خەونە بوو!

## ناواخنی بابەت


١- پێشەکی ........ ٤-١٥
٢- کورد و کیسنجەر ........ ١٥-١٦
٢-١ سەرەتاکان ........ ١٦-٢٧
٢-٢ شەڕی پێشوەخت: شەڕی نێوان دوو "هاوپەیمانی" ........ ٢٧-٤٥
٣- شەڕی سەرلەنوێ: بەرەو شکستی جوڵانەوەی چەکداری ........ ٤٥-٦٤
٤- شکستی جوڵانەوەی چەکداری یا کۆتایی شەڕی بە وەکالەت؟ ........ ٦٤-٧٨
٥- دەرەنجام ........ ٧٨-٨٩
ژێدەرەکان ........ ٨٩-٩٣

**پاشکۆکان** ........ ٩٣-٩٤
پاشکۆی یەکەم: هێنری کیسنجەر ........ ٩٤-١٠٠
پاشکۆی دووەم: نامەی هێنری کیسنجەر بۆ بارزانی ........ ١٠٠-١٠١
پاشکۆی سێهەم: نامەی بارزانی بۆ شای ئێران ........ ١٠١-١٠٣
پاشکۆی چوارەم: وێناکردنی هێنری کیسنجەر لە جیهانی عەرەبییدا ........ ١٠٣-١٠٤
پاشکۆی پێنجەم: نامەی بارزانی بۆ هێنری کیسنجەر ........ ١٠٤-١٠٥
پاشکۆی شەشەم: هێنری کیسنجەر وەک، گوایە، "ئەندازیاری ڕێکەتنی جەزائیر"! ........ ١٠٥

# ١- پێشەکی

هێنری کیسنجەر[1] (لە بەردەوامی ئەم باسەدا، کیسنجەر)، یەکێک لە ناودارترین دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکا، لە تەمەنی سەد ساڵیدا لە ٣٠-١١-٢٠٢٣ کۆچی دوایی کرد. کیسنجەر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تا دوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بوو لەوەی حزورێکی جیددی و سەنگینی لە قسە و باسەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسیی ئەمریکا و مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا هەبێت. تەنانەت، کاتێک لە تەمەنی سەد ساڵی نزیک ئەبوویەوە، قسەی خۆی لە بابەتی شەڕی روسیا و ئۆکراینا هەبوو، لە چوارچێوەی واقیعبینی سیاسیی (realpolitik)دا وتی "لەسەر ئۆکراینا پێویستە سازشێک بکات بۆ روسیا، ئەگەر بە راستی ئەو وڵاتە خوازیاری ئەوەیە ئەم شەڕە کۆتایی پێبێت". تەنانەت بە کاتێکی کورت بەر لە کۆچی دوایی، قسەی خۆی دەربارەی کێشەی فەلەستین کرد، ئەو کێشەیەی کە جارێکی دیکە بە هۆی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل سەری هەڵدایەوە. کیسنجەر لەم بارەیەوە وتی ئیتر کاتی بیرۆکەی دوو دەوڵەت، واتە دەوڵەتێک بۆ جولەکە و دەوڵەتێکیش بۆ فەلەستینییەکان، تەواو بوو، پێویستە کەناری رۆژئاواش بخرێتە سەر شانشینی ئوردون.

ناوی کیسنجەر بە زۆرێک لە رووداوە هەرە گرنگەکان بە مێژووی دیپلۆماسیی ئەمریکاوە لکاوە، زۆر بە تایبەتی لە ساڵانی نیوەی یەکەمی دەیەی ١٩٧٠کان. کیسنجەر ئەو دیپلۆماتکارەیە کە بە توندی جێگای خۆی لە یادەوەری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی لە باشوری کوردستان، کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشی تا ئێستا هیچ دیپلۆماتکارێکی **بێگانە** لەو ئاستە لە گرنگی و ناوداری، بە رادەی کیسنجەر، ئەو ئامادەییەی لەو یادەوەرییەدا نەبووە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ناو کوردا **بە هەڵەتێگەیشتنێکی** زۆر لە پێگەو رۆڵی کیسنجەردا هەیە، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە نسکۆ و شکستە مێژووییەکەی بزاڤی چەکداری کوردستان، ناسراو بە "شۆڕشی ئەیلول"، لە بەهاری ١٩٧٥[2]. لە راستیدا ئەم بە هەڵەتێگەیشتنە لە رۆلی کیسنجەر دەگات بە ترۆپک کاتێک ئەو

---

[1] دەکرێ ناونیشانی ئەم باسە هەندێک کێشەدار بێت، بەو واتایەی ئێمە چۆن دەکرێ باس لە پەیوەندییەکانی گەلێک و جولانەوە چەکدارەکەی لە لایەک وە دیپلۆماتکارێک لە لایەکی ترەوە بکەین. لە راستیدا هەرنەبێ دوو هۆکار هەن بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە: **یەکەم**، رۆڵی کیسنجەر ئەوەندە گرنگ بووە لەو پەیوەندییانەدا، تەنانەت کاتێک نیکسۆن دەست لەکار دەکێشێتەوە و جەراڵد فۆرد دێتە جێگای، کیسنجەر دەبێتە بڕیاردەری سەرەکی لە دۆسیەی کورددا، واتە دۆسییەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جولانەوەی چەکداری کورد لە باشور. چونکە لە لایەکەوە فۆرد زۆر ئاگاداری ئەو دۆسیەیە نەبووە، لە لایەکی تریشەوە لە هاوینی ١٩٧٤ەوە سی ئای ئەی لایەنگری ئەوە بووە ئیتر، هەر نەبێ، یارمەتییەکان بۆ کورد کەمبکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کیسنجەر بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی جولانەوەکە؛ **دووەم**، حزووری بەهێزی کیسنجەر لە مێژوو و یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا و بە هەڵەتێگەیشتنێک لە نووسینەوەی ئەو مێژووە هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەو بژاردەیە. کۆچی دوایی ئەو دیپلۆماتکارە لە تەمەنی سەد ساڵیدا و گرنگی ناوەندە کوردییەکان بەم رووداوە، دیسان لەوێشدا بە هەڵەتێگەیشتن، پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی ناوی کیسنجەر بخرێتە چەقی گرنگییەوە.

[2] بە ئاگاییەوە چەمکی شۆڕش بۆ جولانەوەی چەکداری (١٩٦١-١٩٧٥) بەکار نابەم، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی هەر لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەم جولانەوە چەکدارییە، ئاراستەی گەشەکردنی جولانەوەکە و بە تایبەتی ئەو پەیوەندییە ئیقلیمییانەی کە ئەم جولانەوەیە تێیکەوت، بە تایبەتی **وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکە** و گۆڕانی ئەم جولانەوەیە، بە ئاگا

دیپلۆماتکارە بە "ئەندازیاری ڕێکەوتنی جەزائیر" لە قەڵەم دەدرێ[3]. هەر ئەو **بە هەڵەتێگەیشتنەش** یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی بڵێین هێشتان نووسینەوەی مێژووی ئەو نسکۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەی زانستییانە، وردتر و فرەلایەنتر هەیە.

بەشێکی زۆر لەو بۆچوونەی کە تا ئێستا لە ناو کورددا باوە ئەوەیە کە نسکۆی ١٩٧٥ بە هۆی "خیانەتی" ئەمریکا ڕوویدا[4]. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەگەرچی بڵاوکراوەی زۆر، هەر لە نووسینی سیاسی تا ئەکادیمی، دەربارەی ئەم شکستە مێژووییە بڵاوبوونەتەوە[5]، بەڵام هێشتان ئەم ڕووداوە پێویستی بە لەسەر وەستانی زیاتر و وردتر هەیە[6]، لەبەر ئەوە هەرنەبێ یەکێک لە مەبەستەکانی ئەم وتارە ئەوەیە قسەیەک دەربارەی ئەم گەورە دیپلۆماتکارە، بە پەیوەندی لەگەڵ دۆسیەی کورد لە باشوری کوردستان، زۆر بە تایبەتیش ماوەی بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥ بکات. بە دیوێکی تردا، ئەم دۆسیەیە وەک دەربڕی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، لە سەرەتا تا کۆتایی، لە لایەن کیسنجەرەوە بەڕێوە دەبرا.

---

یان بێئاگا، بۆ کرداری **شەڕی بە وەکالەت** (proxy war)، سروشت و گەوهەری ئەم چالاکییە چەکدارییە لە "شۆڕشەوە" دەگۆڕێ بۆ **جوڵانەوەی چەکداری**.

[3] بۆ بۆچوونێکی لەو جۆرەی کە کیسنجەر دەکات بە ئەندازیاری ڕێکەوتنی جەزائیر، بڕوانە پاشکۆی ژمارە شەش.

[4] هەر لەبەر ئەوەش لە، هەر نەبێ بەشێک لە میدیای کوردی، هەواڵی کۆچی دوایی کیسنجەر بە سەردێڕی "ئەندازیاری ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا کۆچی دواییکرد" بڵاوکرایەوە.

[5] یەکێک لە باشترین لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە دەربارەی شکستی ١٩٧٥ و ڕۆڵی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل لەو بەستێنەدا، لێکۆڵینەوەکەی (بریان گیبسۆن)ە: Bryan R. Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds and Cold War*, New York: Palgrave Macmilan, 2015.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن شەفیقی (حاجی خدر)ەوە کراوە بە کوردی.

ئەگەر چی ئەم لێکۆڵینەوەیەی برایان گیبسۆن زۆر گرنگە، بەڵام بە گشتی دوو کێشەی میتۆدی هەیە: **یەکەمیان**، نووسەر ئاگاداری کۆمەڵێ سەرچاوەی گرنگ بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی نییە، **دووەمیشیان**، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە پڕ زانیارییە و زۆر سەرچاوەی دانسقەی تیادا بەکار براون، بەڵام نووسەر کەمتر هەوڵی داوە ئەم هەموو زانیارییە دانسقەیە بکات بە شرۆڤەی پێویست بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕووداوەکان.

[6] بەشێک لە لێکۆڵینەوەی بەردەست یەکتر دەگرێتەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە نووسەر لە ئێستادا کاری لەسەر دەکات بە ناوی (باوک و کوڕ، دوو نامە، دوو شکست) کە بە هیوام لە داهاتودا بە ئەنجامی بگەیەنم و بڵاوی بکەمەوە. **مەبەست لە باوک و کوڕ**، مەلا مستەفا و مەسعودە؛ **مەبەست لە دوو نامەکەش**، یەکەمیان ئەو نامەیەیە کە لە ساڵی ١٩٧٣ سەدام حوسەین، جێگری سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی عێراق، بۆ مەلا مستەفای ناردووە وە نامەی دووەمیشیان هی ریکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی پێشوتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە تەنها چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧ بۆ مەسعود بارزانی ناردبوو، هەردوو نامەکەش دوو هۆشداریدانی زۆر گرنگ و چارەنووسساز بوون، بەڵام لە دوو کاتی جیاوازدا؛ **مەبەست لە دوو شکستیش**، یەکەمیان نسکۆی ١٩٧٥ و دووەمیشیان شکستی ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧یە، وەک دوو ڕووداوی تراجیدیای بۆ کورد. هەر ئێرە دەرفەتە بڵێم کە مەسعود بارزنی بە درێژایی ماوەی دوای نسکۆی ١٩٧٥، لە مامەڵەیدا لەگەڵ ئەمریکییەکان، جا پۆڵ بریمەر، برێت مەکگۆرک، ریکس تیلەرسن یا هەر دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی دەبێت، زۆر لە ژێر کاریگەریی مێژووی ئەو شکستە و ڕۆڵی **تەسەوورکراوی** کیسنجەر لەو شکستەدا بووە. ئەو تەسوورە ئەوەندە نێگەتیڤ بووە ئیتر دواجار کیسنجەر بۆ مەسعود بارزانی بووە بە "کۆدەردی کیسنجەر" (Kissinger syndrome). ئەم کۆدەردە لە ئەنجامی شکستی ریفراندەمەکەی ٢٠١٧ بەرجەستە و پشتڕاست بوویەوە؛ لە ڕاستیدا جێگیرتر بوو. . . بە هیوای ئەوەی دەرفەت هەبێت لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بگەڕێمەوە سەر ئەم باسە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات چوار پرسیاری سەرەکی وەڵام بداتەوە: **یەکەم**، ئایا ئەو بەستێنە مێژووییە چی بوو کە جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان تیایدا، لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کان، گەشەی کرد و شکستی هێنا؟ **دووەم**، ئایا چۆن دەتوانین لە سروشت و ماهیەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە بگەین، بە لەبەرچاوگرتنی جۆری پەیوەندییەکانی جوڵانەوەکە، لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا؟ **سێیەم**، چۆن دەکرێ لە رۆڵی رابەرایەتی جوڵانەوەکە، بە تایبەتی هی مەلا مستەفا بارزانی، بگەین هەر لە توانستی خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەستێن و رووداوەکان تا دەگاتە دانی بڕیار و دیاریکردنی ستراتیج؟ ئایا ئەو کێشە و ئاڵنگارییانە چی بوون کە بەرەوڕووی ئێران و ئەمریکا بوونەوە لە پرۆسەی پاڵپشتیکردنی کورد، وە ئایا بە تایبەتی ئەمریکا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆسیەیەدا کرد؟

وەک یەکێک لە لایەنە تیورییەکان، ئەم باسە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵسەنگاندنی بەهەڵەداچوو و **بە هەڵەتێگەیشتن** (misperception)ی[7] سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کورستان خەسڵەتێکی سەرەکی مامەڵەکردنی جوڵانەوەکە بووە لەو ساڵانەدا و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر کۆی رووداو و پەیوەندییەکان هەبووە. بە هەر حاڵ، ئەم بۆچوونە لە رووی تیۆرییەوە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، زۆر جار کە هەوڵ دەدەین لە شێوازی تێگەیشتن و بڕیاری سیاسی سەرکردەی وڵاتان یا جوڵانەوە و دامەزراوە سیاسییەکان بگەین، توانستی ئەم سەرکردانە لەبەر چاو دەگرین کە ئایا تا چ رادەیەک، **بە دروستی**، لە ئاڵۆزی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان[8] و گوتار و زمانی دیپلۆماسی دەگەن و خوێندنەوە و **تێگەیشتن** بۆ پەیام و ئاماژەکان دەکەن، یان تەواو پێچەوانەوە، واتە **بە هەڵە** تێیان دەگەن؛ وە ئایا دواتر، چۆن **تێگەیشتنی دروست یا بە هەڵەیە تێگەیشتن**، دەبێتە بنەما بۆ **وەرگرتنی بڕیار** (decision making)ی سیاسی **دروست یا هەڵە**.

زۆر جار مێژوونووسان لە ئاستی هەرە فراوانی مێژووی جیهان، بڕیار و ئاراستەکانی کار و بیرکردنەوەی سەرکردەکانی ئەڵمانیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەک وە دواتریش شێوازی مامەڵەکردنی سەرکردەکانی جیهانی رۆژئاوا لەگەڵ هیتلەر لە ١٩٣٠کاندا لە لایەکی

---

[7] کتێبی "تێگەیشتن" (perception) و "بە هەڵەتێگەیشتن" (misperception) لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە نووسینی (رۆبەرت جەرڤیس)ە، جاری یەکەم لە ١٩٧٦ بڵاوبوویەوە و جاری دووەمیش لە ٢٠١٧، تا ئێستاش ئەم کتێبە نموونەیە لە بواری خۆیدا. ئەگەرچی لە سەرەتادا تێگەیشتن (perception) پرۆسەیەکی دەروونییە، بەڵام وەک چەمکێکی لە دەروونناسی سیاسیش، بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەکار دێت. Robert Jervis, *Perception and Misperception in International Politics*, Princiton and Oxford: Princeton University Press, rev. ed. 2017.

[8] لە باس و لێکۆڵینەوەکان لە زمانی کوردیدا هەردوو چەمکی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی، وەک دوو وشەی هاوتای یەکتر بەکار دەبرێن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها نێونەتەوەیی بەکار دەبرێ، چونکە هەر وەک لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا ئاماژەی پێدراوە، لە سیستمی جیهانیدا چیتر **تەنها دەوڵەت** تاکە بکەر نییە لەو سیستمەدا، بەڵکو **بکەری نادەوڵەتیش**، بە تایبەتی ئەو گروپە ئیتنییانەی کە بە چالاکی خۆیان، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر، کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیستمی جیهانی دادەنێن، پێگەو کاریگەریی خۆیان هەیە. هۆکارێکی تریش بۆ بەکاربردنی چەمکی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە لە نەریتی ئەنگلۆ-سەکسۆنیدا وشەی (nation)ی ئینگلیزی بە هەدوو مانای دەوڵەت و نەتەوە دێت، بەم واتایەش بەکاربردنی نێونەتەوەیی دروستە و کێشەی نییە.

ترەوە، وەک دوو ئەزموون و نموونەی مێژوویی لە **بە هەڵەتێگەیشتن** باس دەکەن[9]. هەروەها نموونەیەکی تری بەرچاو لە بە هەڵەتێگەیشتن ئەوەیە کە زۆرێک لە بڕیارەکانی سەدام حوسەین نەک هەر بە هەڵەتێگەیشتن و دوورکەوتنەوە لە عەقڵانییەت بوون، بەڵکو لە ساڵانی دوایی فەرمانڕەوایی خۆیدا، جگە لە بە هەڵەتێگەیشتن، تەنانەت توشی جۆرێک لە "خەیاڵ خاوی" (delusion) ببوو[10].

ئەگەرچی لە سەرەتادا هەردوو چەمکی "**تێگەیشتن**" و "**بە هەڵەتێگەیشتن**" لە بواری دەروونناسیدا بەکاربراون، بەڵام دواتر لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی لە بابەتی دەروونناسی سیاسیدا، بە تایبەتی تریش لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەکاربراون. ئەوە یەکلا بۆتەوە کە تێگەیشتن و بە هەڵەتێگەیشتن ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە هەر دوو حاڵەت و چەمکی **ژیریتی** (rationality) و **ناژیریتی** (irrationality). بەم واتایەش بە هەڵەتێگەیشتن پرۆسە و حاڵەتی **دوورکەوتنەوەیە لە ژیریتی**، واتە دەچێتە خانەی **ناژیریتییەوە**[11]. ئەکرێ بە **هەڵەتێگەیشتن** و دوورکەوتنەوە لە حاڵەتی ژیریتی دەرهاوێشتەی ئاوێتەبوونی سێ پێکهاتە یا ڕەگەز بێت، کە لە کۆیاندا دەربڕی ئەو پرۆسە مرۆییەن کە لە کاتی وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا، لە کەسی بڕیاربەدەست یا بڕیاردەردا، ڕوو دەدات: **یەکەم**، بڕیاربەدەست لە کاتی کۆکردنەوەی **زانیاری** پێویست، بۆ ئەوەی دواجار زانیاریەکە ببێ بە بنەمای بڕیاری سیاسی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بژاردەیەی کە پێشتر هەڵوێستێکی پێشوەختیی لێوەرگرتووە، بەم پێیەش ئەو زانیارییە هەڵدەبژێرێت **کە خۆی حەزی لێیەتی**. واتە پێشخستنی ئەو جۆرە زانیارییە کە لەگەڵ بژاردەی **پێشوەختیدا** ئەگونجێ، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا بڕیارەکە ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە زانیارییە بێت کە دڵخوازی بڕیاردەرە، لە بری زانیاری ڕاست و دروست؛ **دووەم**، ئەکرێ ژیریتی بکەوێتە ژێر کاریگەریی **هەست و نەستی** خاوەن بڕیاری سیاسی، لە کاتی وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا؛ **سێیەم**، خاوەن بڕیاری سیاسی لە بڕیارەکانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حاڵەتیک لە "**بیرکردنەوەی دڵخوازانە**" (wishful thinking). لەم حاڵەتەشدا ووردی هەڵسەنگاندن و خەملاندنی دروستی ڕووداوەکان **گرنگی و بەهای خۆی لەدەست دەدات**[12]. ئەکرێ چەمکی بیرکردنەوەی دڵخوازانەش بەم شێوەیە پێناسە بکەین: جۆرێکە لە دیدگا و باوەڕ کە زیاتر لەسەر بنەمای **تەسەورێکی دڵخۆشکەر** بەرهەم هاتووە، نەک لەسەر بنەمای **بەڵگە**، **عەقڵانییەت** یا **واقیعبینی**. هەروەها بیرکردنەوەی دڵخوازانە ئامرازێکی تایبەتە بە پرۆسەی فێربوون، کە پەنای بۆ دەبرێ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ لە نێوان **باوەڕ** لە لایەک وە **حەز و خواست** لە لایەکی ترەوە، دەرەنجام

---

[9] Richard Ned Lebow, ”Perception and Misperception in International Relations”, in *Naval War College Review,* Vol. 30, No. 3, summer 1977, p. 146.

[10] Joshua S. Goldstein, & Jon C. Pevehouse, *International Relations,* New York. . .: Priscella McGreen, 7th ed. 2006, p. 144.

[11] Goldstein, & Jon C. Pevehouse, *International Relations,* 2006, p. 144.

[12] Goldstein, & Jon C. Pevehouse, *International Relations,* 2006, pp. 145-46.

بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی **بیرکردنەوەی دڵخوازانە** و پرسە پەیوەندیدارەکان، بڕوانە: Jervis, *Perception and Misperception,* 2017, pp. 354-382.

www.burhanyassin.com

لەو پرۆسەیەدا **حەز و خواست** **براوەن**. بەشێوەیەکی گشتی، بیرکردنەوەی دڵخوازانە دەگەڕێتەوە بۆ **سەرنجدانی** لایەنگرانە، **لێکدانەوەی** لایەنگرانە و **کاردانەوەی** لایەنگرانە[13].

کێشەیەکی تر، کە لە رووی میتۆدۆلۆجی لێکۆڵینەوە لەبەرچاو بگیرێ پرۆسەی بڕیار و **کارتێکردن** و **کارتێکراوە** لە دامەزراوە جیاوازەکانی ئەمریکادا، بە تایبەتی ئەو دامەزراوانەی پەیوەندیدارن بەو دۆسیەیەی کە ئامانجی لێکۆڵینەوەی بەردەستە. ئەوەی کە یەکلابۆتەوە، دەربارەی ئەو ماوەیەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیخاتە بەر تیشکی شرۆڤەکردن، ئەوەیە کە کیسنجەر، لەسەر پێشنیازی نیکسۆن، توانیبووی لە رێگای دروستکردنی ستافێکی کاریگەرەوە دەسەڵاتێکی زۆر لە ژێر دەستی خۆی و دامەزراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی دواجار نیکسۆن، لە رێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کۆنترۆڵی تەواوی سیاسەتی دەرەوە بکات[14]. لەم حاڵەتەشدا، هەروەک دواتر لەم باسەدا دەبینین، وەزارەتی دەرەوە تا رادەیەکی زۆر، بە تایبەتیش بە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، پەراوێزخراوە و لە تاریکیدا هێڵراوەتەوە. لە راستیدا بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، واتە پەراوێزخستنی وەزارەتی دەرەوە، تەنانەت هەندێک جار نیکسۆن و کیسنجەر هەندێ عورفی دیپلۆماسیشیان شکاندووە. بۆ نموونە، لە کاتی ئامادەکاری نیکسۆن و کیسنجەر بۆ سەفەرە مێژووییەکەیان بۆ مۆسکۆ لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٧٢ پەنایان بۆ سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە واشنتن، ئەناتۆلی دۆبرینین، بردووە، لە بری وەزارەتی دەرەوە یا سەفیری خۆیان لە مۆسکۆ، بە ئامانجی رێکخستنی کاروبارە پێویستەکان وەک ئامادەکاری بۆ سەفەرەکەیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت[15]. بە پێی بۆچوونی باری رۆبن، چڕبوونەوەی زیاتری دەسەڵات لە دامەزراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، هەڵبەتە لەژێر فەرماندەی کیسنجەر، لە بەرامبەر وەزارەتی دەرەوە و هەندێک لەو دیپلۆماتکارانەی کە دەورەی سەرۆکیان داوە، تەنانەت ساڵانێکی زۆریش دوای ئەوەی کیسنجەر دەسەڵاتی لە کۆشکی سپی (لە ساڵی ١٩٧٧) جێهێشت، بەردەوام ناهاوسەنگییەک لە پەیوەندی و هێز و دەسەڵاتی دامەزراوەکان بەدیدەکرا، زۆر بە تایبەتی لە نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزارەتی دەرەوە[16]. زانینی ئەم راستییە زۆر گرنگە بۆ ئەو دەرەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەی بەردەستەدا پێی دەگەین، بە واتای جەخت کردنەوە لەسەر رۆڵ و گرنگیی کیسنجەر لە شێوازی ئیدارەدانی دۆسیەی کورد، کاتێک باس دێتە سەر پەیوەندی کورد و ئەمریکا. جگە لەوەش، دەبێ زۆر بە ئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوونی هەر دامەزراوەیەک بکەین، هەڵبەتە تا ئەو جێگایەی، کە لە رووی سەرچاوە بەردەستەکان، دەرفەت هەبێ کە ئەو جیاوازییە ببینین و دەستنیشانیان بکەین. بەم واتایەش پێویستە، لە بابەتی

---

[13] https://en.wikipedia.org/wiki/Wishful_thinking retrived 14-2-2024; https://www.google.com/search?client=opera&q=theories+of+wishful+thinking&sourceid=opera&ie=UTF-8&oe=UTF-8. retrived 14-2-2024

[14] Barry Rubin, *Secrets of State: The State Department and the Struggle Over U.S. Foreign Policy,* New York, Oxford: Oxford University Press, 1987, p. 142-43.

[15] تەنانەت کیسنجەر لەوە نیگەران بوو کە دوا جار دەکرێ دۆبرینین باسی نهێنی ئامادەکارییەکانی سەفەرەکە بۆ ولیەم رۆجەرز، وەزیری دەرەوە، بدرکێنێ! Rubin, *Secrets of State,* 1987, p. 148.

[16] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 140.

ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەندیدارن بە گەڵاڵەکردن و بەرهەمهێنانی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا، بە ئاگادارییەوە مامەڵە بکەین. لێرەدا، بۆ ئەوەی وێنەکە روونتر بێت، پێویستە نموونەیەک لە فرەڕەنگی بیرکردنەوە و هەڵوێست لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکا بهێنینەوە. بە پێی نووسراوێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە "ئاڵۆزییەکی" سەرنجڕاکێش دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە جوڵانەوەی چەکداری کورد لە عێراق دەخرێتە روو: **یەکەم**، بۆچوون و روانگەی وەزارەتی دەرەوە بەرامبەر بە کورد مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران و نووسینگەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغداد، **لەمەڕ هەمان مەسەلە**، کۆک و یەکانگیر بن؛ **دووەم**، مەرج نییە سیاسەتی ئەمریکا لە لایەک وە هی ئێران لە لایەکی ترەوە، روو لە کورد و رژێمی عێراق، بە تەواوەتی یەکتر تەواو بکەن یان یەکانگیر بن[17]. هەموو ئەمەش وا ئەکات کە پێویست بکات لێکۆڵەر بە ئاگاداریی زۆرەوە لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە تایبەت روو لە کورد، ئێران و عێراق، نزیک بێتەوە.

دیسان لە رووی مێتۆدی لێکۆڵینەوە پێویستە لە سەرەتادا ئەوە یەکلا بکەینەوە کە بە هۆی ئەو هەموو **وابەستەیی**، تا رادەی زۆریش **بە بارمتەگیراوی**، لە مەڕ شێوازی پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئێران، بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٥، سروشتی جوڵانەوە چەکدارییەکە لە "**شۆڕشی ئازادیخوازییەوە**" گۆڕی بۆ "**شەڕی بە وەکالەت**"[18]. کەواتە ئەم شەڕە دوو رەهەندی سەرەکی هەن: **یەکەمیان**، ئەو لایەنەی لە مەیداندا شەڕەکە دەکات و قوربانی دەدات کوردە، بەڵام ئەم **لایەنە بڕیاری کۆتایی** و **یەکلاکەرەوەی** دەربارەی چارەنووسی شەڕەکەی لە دەستدا نییە. بەم واتایەش، بڕیار لەسەر چارەنووسی شەڕەکە ئەو لایەنە نایدات **کە لە گۆڕەپانی شەڕدا قوربانی دەدات**. لەوەش ئەولاتر، لایەنی شەڕکەر بەری خەباتی قوربانییەکانی ناچنێتەوە، بەڵکو ئەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکە دەدات و بەری قوربانییەکە دەچنێتەوە ئەو لایەنەیە کە لە ژێر پەردەی یارمەتیدانی جوڵانەوەکە "**شەڕەکەی بۆ**

---

[17] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٣٠ی دیسامبەری ١٩٧٤، بابەت: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد و کێشەی ئێران-عێراق. لە: وریا رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، سلێمانی: ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٩٧-٦٠٠.

ئەم کتێبەی وریا رەحمانی گرنگی تایبەتی هەیە چونکە بەشی زۆری کتێبەکە بەڵگەنامە ئەمریکییەکانی تایبەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر جوڵانەوەی چەکداری باشووری کوردستان لەخۆ دەگرێ. ئەگەر چی بەڵگەنامەی زۆر زیاتر هەن، بەڵام ئەم سەرچاوەیە دیسان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

[18] جەنگی سارد ژینگەی هەرە لەباری شەڕەکانی بە وەکالەت بوو، واتە لە ماوەی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا کۆتایی کۆتایی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان. لەو ماوەیەدا، **بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا راستەوخۆ بەرەوڕووی یەکتر نەبنەوە** و خۆیان و جیهانیش بەرەوڕووی ئەگەری بەکاربردنی چەکی ناوەکی نەکەنەوە، ئەو دوو زلهێزە پەنایان بۆ شەڕی بە وەکالەت (proxy war) دەبرد. وەک بەشێکیش لەم شەڕی بە وەکالەتە، ئەم دوو زلهێزە لە رێگای یارمەتی ئابووری و پڕچەککردن پشتیوانییان دەکرد لە لایەن و هێزگەلێک کە **دەوڵەت بوون** یا بکەری **نادەوڵەتی بوون**:

Shedrack C. Igboke, *et al* ”Proxy War and Global Security: A Critical Analysis”, in *Frican Journal of Politics and Administrative Studies,* Vol. 16, No. 2, December, 2023, pp. 521-522. file:///C:/Users/Kjs135/Downloads/ajol-file-journals_677_articles_260290_656795f3523fa.pdf. Retrived 9-1-2024; Betty S. Anderson, *A History of the Middle East: Rulers, Rebels, and Rogues,* (Stanford, California: Stanford University Press, 2016, pp. 323, 374.

**ئەکرێ**"، واتە ئێران؛ **دووەمیان**، ئەو لایەنەی کە ناچێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆوە، بەڵکو لە ڕێگای شەڕی بە وەکالەت شەڕێکی "**ناڕاستەوخۆ**" لەگەڵ عێراقدا دەکات، بۆ ئەوەی بگات بە هەندێک ئامانجی سەربازیی و سیاسی، کە دواجار هەر ئەویش دەگات بە ئامانج. بەڵام لایەنی شەرکەر و قوربانیدەر نەک هەر بە دەستی بەتاڵ، بەڵکو بە کاریسەیەکی پشتشکێن، لە شەڕەکە دەردەچێت.

❋ ❋ ❋

لێرەدا پێویستە، لە رووی تیۆرییەوە تیشک بخەینە سەر چەمکی "**شەڕی بە وەکالەت**" بۆ ئەوەی دواتر، وەک بنەمایەکی گرنگی تیوری لێکۆڵینەوەکە، بەکاری ببەین.

سەرەتا گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە تێکەڵاوی و تێکهەڵکێشییەک، لە نێوان هەر دوو چەمکی **هاوپەیمانی**[19] لە لایەک وە شەڕی بە وەکالەت لە لایەکی ترەوە، هەیە. تەنانەت هەندێک جار "**هاوپەیمانی بە وەکالەت**"یش، وەک چەمکێکی جێگرەوە بۆ هەردوو چەمکی شەڕی بە وەکالەت و هاوپەیمانی، بە تایبەتی بۆ گوزارەشکردن لەو جۆرە پەیوەندییەی کە لە نێوان دەوڵەتان لە لایەک وە بکەر (ئەکتەر)ە **نادەوڵەتییەکان** لە لایەکی ترەوە، بەکار دەبرێت[20]. واتە ئەو لایەنەی شەڕی بە وەکالەت دەکات دەکەوێتە جۆرێک لە پەیوەندی "هاوپەیمانیی" لەگەڵ ئەو وڵاتەی یا ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی ئەو لایەنە شەڕکەرە دەکەن بۆ بە مەبەستی "بەکار بردنی" و بۆ سوود وەرگرتن لێی بۆ هەندێک ئامانجی سەربازیی یا سیاسی. ئەکرێ ئەم جۆرە پەیوەندییە لە چوارچێوەی شەڕی بە وەکالەت[21] یا هاوپەیمانی، گوزارەشی لێ بکرێت[22]. بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییە سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ ئەگرێ: **یەکەم**، یارمەتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئۆپەراسیۆنی نهێنی یا ئاشکرا، کە زیاتر سەربازییە؛ **دووەم**، بوونی ئامانجێکی هاوبەش بۆ هەردوو لای "شەڕکەر" لە لایەک وە دەڵەت یان دەوڵەتانی "پشتیوان" لە لایەکی تر؛ **سێهەم**، بوونی جۆرە پەیوەندییەک کە بۆ هەردوولا سوودبەخشە[23]. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم جۆرە لە

---

[19] هاوپەیمانی، وەک شێوازێک لە ڕێکەوتن، وا پێناسە کراوە وەک ئەوەی "ڕێککەوتنێکی نووسراو بێت، کە لە لایەن نوێنەری ڕەسمیی، هەر نەبێ دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری، بە مەبەستی هاوکاریکردنی یەکتر لە حاڵەتی جەنگدا" یا هەر شێوازێکی تری هاوئاهەنگی و پشتگیریکردنی یەکتری. بڕوانە: Vladimir Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", in *Civil Wars,* Vol. 23, No. 1, 2021, p. 23. https://centaur.reading.ac.uk/94927/1/Proxy%20Wars%20-%20A%20%20Reconceptualisation.%20Final.pdf Retrived 9-1-2024

[20] Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", 2021, pp. 8-9.

[21] شەڕی بە وەکالەت، وەک چەمک و تیوریسازی، لە ساڵانی ١٩٩٠کانەوە گەشەسەندنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و زیاتر و زیاتر لە بواری توێژینەوەی زانستی بەکار براوە. بابەتەکە زیاتر پەیوەندیدار بە هەردوو بواری توێژینەوە لە **ئاسایشی جیهانیی و لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکان**. لە لایەکی ترەوە، ئەم چەمکە دووریش نەبووە لە ڕەخنە، چونکە وەک چەمکێکی "پیس و چەپەڵ" (dirty) بینراوە لە بواری سیاسەتی دەرەوە. بە تایبەتی، بڕوانە:

Rauta, "'Proxy War': a reconceptualisation", 2021, p. 4.

[22] Amos C. Fox, "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", in *Journal of Strategic Security,* Vol. 12, No. 1, 2021, p. 49. https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1701&context=jss Retrived 9-1-2024

[23] Rauta, "Proxy War", 2021, pp. 17-20.

دەشکرێ ئەم پەیوەندییەی کە لە نێوان لایەنی پشتیوان و بکەری شەڕکەر، لە چوارچێوەی شەڕی بە وەکالەت، وەک پەیوەندییەک دەرکەوێ کە بە پەیوەندی نێوان پشتیوان و دەستوپەیوەند (patron client) خۆی بنوێنێ، یا گوزارەشی لێ بکرێ.

پەیوەندی، لە نێوان **لایەنی شەڕکەر** و **دەوڵەتی پشتیواندا**، ئەوەیە کە لایەنە پشتیوانەکە دەیەوێ بە "**شەڕێکی سنووردار**" و تێچوویەکی کەم، وە بەبێ بەکاربردنی هێزی چەکداری لە شەڕێکی ڕاستەوخۆدا، هەندێ ئامانجی سیاسی یا سەربازی بەدەست بهێنێ. لەم شێوازە لە پەیوەندی و "هاوپەیمانییە"، جۆرێک لە بەرژەوەندی هاوبەش بەدی ئەکرێ، بەڵام لەولاشەوە **ناهاوسەنگییش** لە نێوان لایەنی **پشتیوان** لە لایەک وە، لە لایەکی ترەوە، **شەڕکەردا** هەیە: **یەکەم**، بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتی پشتیوان و لایەنی شەڕکەر هەیە؛ **دووەم**، لە هەمان کاتدا، هەر لایەنێک، بە جیا، بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەر چاو دەگرێ؛ **سێهەم**، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی هاوبەش کاڵبوویەوە و بەرژەوەندی تایبەت پێگەی باڵادەستیی وەرگرت، یا ڕادەی مەترسییەکان بۆ هەر لایەنێک بەرزبوویەوە، ئەوا پەیوەندییەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، تەنانەت هەڵدەوەشێتەوە. لە هەمان کاتدا ڕەهەندێکی هەرە گرنگی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە هەرگیز دەوڵەتی پشتیوان ئامانجەکانی لایەنی شەڕکەر، **بەقەدەر ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی**، بە گرنگ نابینێ و وەک ئامانجی هەرە لە پێشینە مامەڵەی لەتەکدا ناکات: **دواجار لایەنی پشتیوان لەو جۆرە پەیوەندییانەدا باڵادەستە**[24]. کەواتە، بەردەوام بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی پشتیوان **لە ناوەڕاستە** و هی ئەو لایەنەشی کە "شەڕی بە وەکالەت" دەکات بەردەوام **لە پەراوێزدایە**. لە ڕاستیدا، زۆربەی کات شەڕی بە وەکالەت ململانێیەکی چەکداریی **کاتییە**، بەردەوامبوونیشی تەواو **وابەستەیە بە بڕیاری لایەنی پشتیوان**، واتە لە کات و ساتێکی دیارکراودا، بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، **کە لە ناوەندی هاوکێشەکەدان، کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنێت**[25]. بەم پێوەرەش، کاتێک دەوڵەتی پشتیوان ئامانجەکانی خۆی لە شەڕە سنووردارەکەدا بەدەست دەهێنێ، ئیتر بە ئاسانی دەست لە پشتیوانیکردنی لایەنی شەڕکەر هەڵدەگرێ. دەرەنجام، بە ئەگەری زۆر چیتر لایەنی شەڕکەر ناتوانێ لەسەر پێی خۆی بوستێ و بەرگری لە پێگەی خۆی بکات. کەواتە ئەکرێ پەیوەندی و "هاوپەیمانی" جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان لەگەڵ ئەو سێ وڵاتە، واتە ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا، بەڵام **زۆر بە تایبەتی لەگەڵ ئێران**، لە چوارچێوەی چەمکی **هاوپەیمانی** یا **شەڕی بە وەکالەت** تێگەیشتن و شرۆڤەی بۆ بکرێت.

لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا، هەردوو چەمکی هاوپەیمانی و شەڕی بە وەکالەت بەکار دەبرێن. **پێویستە** بە جەخت کردنەوەوەشەوە ئەوە بڵێین کە لایەنی کوردی لەم هاوپەیمانییەدا **بکەرێکی نادەوڵەتییە** و **لایەنی هەرە لاوازە**، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەک **ناکەوێتە پەیوەندییەکی هاوسەنگەوە** لەگەڵ سێ لایەنەکەی تری هاوپەیمانی. هەڵبەتە لێرەشدا سەرچاوەی هەرە گرنگی **هاوسەنگی** لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا پشت بە گەورەی و بچووکی دەوڵەت نابەستێ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەت **خاوەن سەروەریی نیشتمانییە**. لێرەدا گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە واتە بێبەشە لە سەروەریی نیشتمانی ناهاوسەنگییەکی بونیادی دەبێتە خەسڵەتی سەرەکی لە هاوپەیمانییەکاندا و دواجار ئەو

[24] Fox, "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", 2021, pp. 55-57, 62.

[25] Catherin Latchford, "Proxy Wars & Sovereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", in *Liberty University of Statemanship & public Policy,* Vol. 3, Issue 1, September, 2002, online version. https://digitalcommons.liberty.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1163&context=jspp Retrived 9-1-2024

ناهاوسەنگییەش لە زیانی کورد و لە قازانجی لایەنەکانی تری هاوپەیمانییە. لە راستیدا سەروەری نیشتمانی نەک هەر رۆڵی گرنگی لە **هاوسەنگی هێز** هەیە بەڵکو رەگەزی هەرە گرنگی **مانەوەی** دەوڵەتیشە، هەروەها سەرچاوەی هێز و پێگەکەیەتی لە سیستمی جیهانیدا[26]. دەرەنجام، چەمکی شەڕی بە وەکالەت، بۆ هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی لایەنی کوردی و جۆری پەیوەندییەکانی بە تایبەتی لەگەڵ ئێران، بە گونجاو دەزانین بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەی بەردەست.

پێویستە لێرەدا، هەر وەک بەشێک لە قسەکردن لە رووی مێتۆدییەوە، ئاماژەیەک بە بەشێک لەو سەرچاوانە بدەین کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار براون. لەم بارەیەوە، بیرەوەرییەکانی کیسنجەر، بەشی یەکەم، *سالانی کۆشکی سپی*[27]، ١٩٧٩، وە بە تایبەتی بەشی سێهەم، *سالانی نوێبوونەوە*، ٢٠١٢[28]، زۆر بە سوود بوون. بەڵام دەبێ بە جەخت کردنەوەوە پەنجە لەسەر دوو تێبینی دابنێین، کە لە کاتی بەکاربردنی ئەم بیرەوەریانەدا پێویستە رەچاوبکرێن: یەکەم، بیرەوەری سیاسیەتکار و دیپلۆماتکارەکان، بە گشتی، پێویستە بە ئاگادارییەوە وەک سەرچاوە بەکار بهێنرێن، بە تایبەتی ئەگەر نووسەری بیرەوەرییەکە رۆڵی سەرەکی هەبووبێت لەو رووداوانەی کە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسیان دەکات، زۆر بە تایبەتیش کاتێک قسە دێتە سەر مژاری **بەرپرسیاریی**، واتە پرسی ئەوەی ئایا کێ **بەرپرسە** لە چ رووداو یا دەرهاوێشتەیەک؛ **دووەم**، کیسنجەر، لە سالانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٧، رۆڵی کلیلیی لە زۆربەی پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی نیشتمانی و ستراتیجی سیاسی و سەربازیی ئەمریکادا، هەبووە. بە تایبەتی رۆڵی کیسنجەر گرنگ و ناوەندیی بوو لەدۆسیەی کوردیدا لە ماوەی سێ ساڵ، لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، واتە رێک لەو کاتەی کە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا لە دۆخێکی هەرە هەستیار و یەکلاکەرەوەدا بوون. لێرەدا گرنگە سەرنج بدەین کە لە هەردوو بەشی یەک و سێی بیرەوەرییەکاندا کیسنجەر هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان رادەیەک لە پاساو بۆ شێوازی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ دۆسیەی کورد بهێنێتەوە، بە تایبەتی لە چرکەساتی یەکلابوونەوە و شکست و هەرەسهێنانی جوڵانەوە چەکدارییەکە. کەواتە دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەکرێ کیسنجەر "بەهانە بۆ بڕیاری ئەمریکا سەبارەت بە راگرتنی یارمەتی بۆ جوڵانەوەی کورد لە عێراق بهێنێتەوە و بەم شێوەیەش رەوایی بدات بەم هەڵوێستەی ئەمریکا"[29]. گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە، لە گەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، گۆڕانکاری بەسەر قسەکانی کیسنجەر، دەربارەی نسکۆی ١٩٧٥ و چارەنووسی کوردا هاتووە. لە ساڵی ١٩٩١ کیسنجەر تەنانەت بە روونی وتویەتی بڕیارەکەی ١٩٧٥ "ئازاربەخش، تەنانەت جەرگبڕ، بوو"[30]. لە راستیدا ئەم بۆچوونە، وەک رەنگدانەوەی گۆڕانکاری لە جیهانبینی و رادەیەک لە هاوسۆزی،

---

[26] Latchford, "Proxy Wars & Sovereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", 2002, online version.

[27] Henry Kissinger, *The White House Years*, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd, 1979.

[28] Henry Kissinger, *The Years of Renewal,* G. B.: Simon & Schuster, 2012.

[29] بورهان أ. یاسن، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٥، ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢. ئەم وتارە بۆ جاری دووەم لە کتێبی نووسەر *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی مێژووە*، ٢٠٠٢، لاپەرە، ١٠٥–١٣٨ بڵاوبۆتەوە.

[30] Walter Isaacson, *Kissinger: A Biography,* London: Faber & Faber, 1992, p. 564.

لە تەواوی ئەو فەسڵەی کە لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەردا هاتوە وە ناونیشانی "تراجیدیای کورد"ی وەرگرتووە، دەردەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەوڵدان بۆ بینینی هەموو رەهەندەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکە، ئەکرێ بە بەراوردکردنی دید و زانیارییەکانی کیسنجەر لەگەڵ سەرچاوەکانی تر، دەرەنجامێکی هاوسەنگ، یا هەرنەبێ تا بکرێ نزیک لە هاوسەنگمان، دەست بکەوێت. جگە لەوەش کتێبەکەی وریا رەحمانی *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی نیشتمانی ئەمریکا، پەیوەندیدار بە جوڵانەوەی چەکداری ١٩٦١–١٩٧٥، بڵاوکراونەتەوە، زۆر بە سوود بووە. دوو لێکۆڵینەوەی خۆم[31]، دەربارەی ئەو ساڵانە و ئەو بابەتەی کە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەی بەردەستن، نەک هەر لە جێگای گونجاودا وەک سەرچاوەی زانیاری بەکار براون، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە سوود بوون لە فەراهەمکردنی هێڵ و چوارچێوە گشتییەکانی ئەم باسەمدا.

لە دوای شکستی جوڵانەوەی چەکداری کورد، ژمارەیەک نامیلکەی هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام هەموویان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە ژێر کاریگەریی دۆخی دەروونی ململانێکاندا بڵاوبوونەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تایبەتی سوود لەو نامیلکەیە وەرگیراوە کە زۆر جار نووسەرەکەی وەک مەحمود عوسمان، یەکێک لە سەرکردە هەرە نزیکەکان لە مەلا مستەفا، دەناسرێت، ئەگەرچی نامیلکەکە ناوی ئەوی لەسەر نییە. ناونیشانی نامیلکەکە *تقييم مسيره الثوره وانهيارها والدروس المستخلصه منها*. لە نووسینی الحيزب الديمقراطی الكردستانی – اللجنه التحضيريه، ١٩٧٧. ئەگەر قسەکانی مەحمود عوسمان لەو هەموو ساڵانەدا، واتە ١٩٧٧ تا ئێستا، بکەین بە پێوەر، ئەکرێ بڵێین زانیارییەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە "**تا رادەیەکی زۆر**" رەنگدانەوەی راستییە مێژووییەکانن. هەر ئەوەشە وا دەکات کە، تا رادەیەکی باش و بە رادەیەک لە دڵنیاییەوە، سوودی لێ وەرگیراوە. جگە لەوەی کە بواری بەراورد هەیە لە نێوان ئەم نامیلکەیە و سەرچاوەکانی دیکەی بەردەست، کە ئەمەش بۆ خۆی یارمەتیدەرە لە فەراهەمکردنی زانیاری باوەڕپێکراو. راپۆرتێک کە لە لایەن لیژنەیەکی کۆنگرێس، بە سەرۆکایەتی کۆنگرێسمان ئۆتێس پایک، ئامادەکراوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە راپۆرتەکەی ئەم لیژنەیە ناوی "راپۆرتی پایک"ی وەرگرتووە[32]، سەرچاوەیەکی گرنگە. ئەم راپۆرتە، لەبەردەوامی ئەم باسەدا،

---

[31] هەر دوو لێکۆڵینەوەکە: بورهان أ. یاسن، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥، ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٤–٥٨. هەروەها: B. A. Yassin, "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1958-1991," i Sven Tägil (utg.), *Kon-flikt och samarbete vid Persiska viken,* Malmö: Lund University Press, 1992, sid. 127-173.

[32] ناوی تەواوی ئەو راپۆرتەی کە بە ناوی "راپۆرتی پایک" ناوی دەرکردووە، ئەمەیە: The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read” in *Village Voice,* Feb. 1th, 1976, pp. 72-92.

ئەم راپۆرتە دەرهاوێشتەی لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ و هەمەلایەنەی لیژنەیەکی کۆنگرێسە کە بە لیژنەی هەڵبژاردە (select committee)ی کۆنگرێسەوە ناسراوە وە لە لایەن کۆنگرێسمان (ئۆتیس پایک)ەوە سەرۆکایەتی دەکرا. لیژنەکە لە ١٣ کۆنگرێسمان پێک ئەهات، زۆرینەشیان لە حیزبی دیموکراتی بوون. ئۆتێس پایک وەک رەخنەگرێکی سەرسەختی سی ئای ئەی ناسرابوو. ئەو پێیوابوو ئەم دامەزراوەیە "فیلێکی فیڵبازە" (a rogue elephant). ئامانجی سەرەکی ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار، سی ئای ئەی بە تایبەتی، لە لایەک وە دەسەڵاتی یاسادانان لە لایەکی

وەک **راپۆرتی پایک** ئاماژەی پێدەدرێت. ئەگەرچی ئەم راپۆرتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ دزەی کردە ناو میدیاکان، بەڵام ئێستاش لە باسی ئەزموونی سێ ساڵەی پەیوەندی کورد و ئەمریکا، واتە ١٩٧٢ تا ١٩٧٥، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان و زۆریش بەکار براوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەدا دەبێ ئەم راپۆرتە، وەک سەرچاوەیەکی مێژووی و رادەی "متمانە" پێی، لە رۆشنایی ململانێی نێوان دامەزراوەکانی دەسەڵات لە ئەمریکا، بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکار لە لایەک وەک وە دەسەڵاتی یاسادانان لە لایەکی ترەوە، خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بەکار ببرێت. لەم بارەیەشەوە گرنگە بڵێین کە رەنگدانەوەی ئەم ململانێیە بە روونی لە راپۆرتەکەدا دەردەکەوێت.

لە رووی کات و مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیە، گرنگە ئەوە بڵێین کە کاتەکە بە تایبەتی ساڵانی نێوان (بەهاری ١٩٧٢ و بەهاری ١٩٧٥)ە، واتە کاتەکە بە دوو هاوپەیمانی دەستپێدەکات و بە رێکەوتنێکیش کۆتایی دێت: ئەو دوو هاوپەیمانییەی کە سەرەتای ماوەی لێکۆڵینەوەکەی پێوە دەست پێدەکات یەکێکیان هاوپەیمانی "ستراتیجی" نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەتە، ئەپریلی ١٩٧٢، وە لە بەرامبەریشیدا هاوپەیمانی چوار لایەن، واتە ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا و کورد، کە لە حوزەیران و تەموزی هەمان ساڵ بەجێ گەیشت. ئەم دوو هاوپەیمانییە، کە لە یەکێکیان کورد بەشدارە وە دژەکەشی کە رژێمی بەغداد تیایدا بەشدارە، دەکەونە "**شەڕێکی سارد**" لە بەرامبەر یەکتردا، کەچی شەڕی "گەرم" و بەرەیی راستەقینە، واتە شەڕ بە مانا سەربازییەکەی، لە کۆتایی ئەپریلی ١٩٧٤ دەستپێدەکات. ئەم شەڕە لە مانا سەربازیەکەیدا دوو دانە شەڕە لە یەک پێکهاتەی ئاڵۆزدا: **شەڕێکی ناڕاستەوخۆی** دوو هاوپەیمانییەکە لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵام لەولاشەوە **شەڕێکی راستەوخۆی** نێوان کورد و رژێمی عێراقە. ماوە ئەوە بڵێین کە ماوەی لێکۆڵینەوەکەش هەر بە رێکەوتن کۆتایی دێت، کە ئەویش رێکەوتنی جەزائیری ٦ی ئاداری ١٩٧٥ نێوان عێراق و ئێرانە.

بۆ ئەوەی تا ئەکرێ، بە پێی فەراهەمبوونی سەرچاوەی پێویست، شتەکان وەک هەیە و رووینداوە بخەینە روو، پێویستە باش لە دۆخی ئاڵۆزی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو کاتە لە ئاستی جیهانی و ئیقلیمی بگەین، لە دۆخی ئەو کاتەی ئێران بگەین و لە پێشینەی بڕیاری رژێمی عێراقیش بگەین کە بۆ سازش بۆ ئێران لەسەر نیوەی شەتولعەرەب دەکات، بۆ ئەوەی پشتی کورد بشکێنێ. هەڵبەتە، لەوەش بگەین کە لە راستیدا ململانێی ئەو کاتە، کە لە کرۆکیدا کێشە و ململانێی کورد و رژێمی عێراق بوو، زۆر ڕەهەندی هەبوو، لەمانەش رەهەندێکی ئیقلیمی

---

ترەوە. لیژنەی پایک لە پێنج حاڵەتی کۆڵیەوە کە تیایدا چالاکییەکانی سی ئای ئەی لە هەموو جیهان کرابوویە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، لە هەمووشیاندا **سی ئای ئەی** شکستی هێنابوو. یەکێک لەو حاڵەتانە تێوەگلانی سی ئای ئەی بوو لە پشتیوانیکردنی جوڵانەوەی چەکداری کوردستان لە بەهاری ١٩٧٢وەوە تا بەهاری ١٩٧٥. لە راستیدا ئەم راپۆرتە گرنگ و هەستیارە دەبوایە لە پرۆسەیەکی دامەزراوەییدا ئاشکرا بکرێت، بەڵام هەر زوو، لە سەرەتای شوباتی ١٩٧٦، دزەی کردە ناو میدیاکان وە لە بڵاوکراوەی "*Village Voice*"دا بڵاوبوویەوە. بە تایبەتی ئەو بەشەی دەربارەی "تراجیدیای" کورد بوو، دەنگدانەوەی زۆری لە ئەمریکا هەبوو، لە ئاستی فەرمی و نافەرمیدا.
Gerald K. Haines, ”Looking for a ruge Elephant: The Pike Committee Investigation”, in Studies in Intelligence Winter (1998-1999) https://www.cia.gov/static/CIA-Pike-Committee-Investigations.pdf. Retrived 9-1-2024

زۆر فراوان. سەرقاڵیی عێراق بە جەنگەکەی بەرامبەر بە کورد زۆر ئەنجامی خوازراوی بۆ ژمارەیەک وڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکەوتەوە، بە تایبەتی دراوسێکانی. ئەم جەنگە بۆ سوریا مانای کەمبوونەوەی فشاری عێراق بوو لەسەری، بۆ کوەیت مانای وابوو کە عێراق لە دۆخێکی ئەوهادا بواری ئەوەی نابێت بیر لە داگیرکردنی بکاتەوە، تەنانەت هەر لاوازبوونێکی سەربازیی عێراقیش دیسان دەستکەوتە بۆ ئەو وڵاتە، بۆ ئیسرائیلیش مانای وابوو عێراق تواناکانی لەدەست دەدات لەوەی لە حاڵەتی پێکدادانی عەرەب و ئیسرائیل بتوانێ رۆڵێکی سەربازیی کاریگەر ببینێ[33]. ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ململانێکە تێوەگلان و لە هەموویشیان گرنگتر ئێران بوو. لەولاشەوە، گرنگە ئەوە بڵێین کە لەم هەموو فرەڕەهەندی، فرەبەرژەوەندی و بوونی ژمارەیەکی زۆری بکەری جیهانی و ئیقلیمی، بێگومان **بازنەی هەرە لاواز** جوڵانەوەی چەکداریی ئەو کاتەی باشوری کوردستان بوو.

واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی رووداوەکان، بەم هەموو ئاڵۆزیی و فرەئاستییە لە پانۆرامای هەرە فراواندا، کە دواجار لە ناوەڕاستیدا بەسەرهاتی کورد لە باشوری کوردستان هەیە، زۆر بە تایبەتیش لە ماوەی سێ ساڵی یەکلاکەرەوەدا، واتە لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥. دەبێ ئەوەش بڵێین ئەگەرچی کورد لەم گەمە فرە ئاستەدا لە **ناوەڕاست بوو**، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی هەرە لاوازی گەمە و هاوکێشەکەش بوو، رێک هەر ئەمەشە کە پارادۆکس (موفارەقە)کەیە: لە لایەکەوە ناوەندبوون بەو مانایەی کە کورد لە مەیدانی شەڕدا قوربانییە هەرە گەورەکە دەدات و شەڕەکە دەکات، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر بڕیاری چارەنووسساز دەربارەی دواڕۆژی جوڵانەوەکە، ئەوا کورد لە پەراوێزە و **کاریگەریشی زۆر سنووردارە** لەسەر بڕیارە **چارەنووسسازەکان**. بە واتایەکی تر، توانای جوڵانەوەکە ئەوەندە بڕی کرد تا نیوەی شەتولعەرەب بۆ ئێران وەربگرێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٣٧وە لەدەستی دابوو وە شای ئێران بە بەردەوامی خەونی بە وەرگرتنەوەی دەبینی. بەڵام لە بڕیاری چارەنووسساز بە دواڕۆژی جوڵانەوەکە خۆی نەک هەر پرس بە سەرکردەکانی ناکرێت، بەڵکو جوڵانەوەکە بە تەواوەتی لە تاریکیدا هێڵراوەتەوە و توانای کاریگەرییشی لەسەر پرۆسەی رێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران لە جەزائیر لە ئاستی "سفر"دابووە؛ **ئەمەش رێک یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شەڕی بەوەکالەتە.**

## ٢- کیسنجەر و کورد

لەم بەشەی لێکۆڵینەوە، تیشک دەخرێتە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد، بە تایبەتی لە ساڵانی نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کاندا، کە تیایاندا کیسنجەر ئەندازیار و جێبەجێکاری ئەو پەیوەندییانە بووە، بەبێ ئەوەی بە زەرورەت ئەوەمان وتبێت کە کیسنجەر ئەندازیاری رێکەوتنی جەزائیر

[33] Jon Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", in *The New Republic,* Vol. 172, No. 16, Issue 3145, April 19, 1975, pp. 20, 21.

بووە[34]، بەڵکو وەک دواتر ڕووندەبێتەوە تەنانەت کیسنجەر ئاگاداری پلانی شای ئێران، بۆ مۆرکردنی ڕیکەوتنی جەزائیریش، نەبووە. دەرفەتە بڵێین کە ڕێکەوتنی جەزائیر، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کۆتایی بە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا هێنا، یا هەرنەبێ ئەو پەیوەندییانەی بردە دۆخی "سڕبوون"ەوە[35]. دەرەنجام، باسی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا لە بەشی یەکەمی ١٩٧٠کان دێتە گۆڕێ، ڕاستەوخۆ کیسنجەر لە خاڵی ناوەڕاستی باسەکەدا دەردەکەوێت.

لە لایەکی ترەوە، پێویستە هەر زوو ئەوەش بڵێین کە تا ئێستاش بە هەڵەتێگەیشتنێک هەیە، بە تایبەتی لە لایەنی کوردییەوە، لەمەڕ پەیوەندی کورد و ئەمریکا لەو ساڵانەدا، زۆر بە تایبەتیش ڕۆڵی ئەمریکا (یا ڕاستتر بڵێین ڕۆڵی کیسنجەر) لە شکستە کارەساتبارەکەی ئاداری ١٩٧٥دا[36].

## ١-٢ سەرەتاکان

خاڵی هەرە گرنگی لێوەدەرچوون، بۆ تێگەیشتن لە جۆری ئەو پەیوەندیانەی کە جوڵانەوەی چەکداری تێیکەوتبوو، جوگرافیای سیاسی باشوری کوردستانە کە بەر لە هەر شتێک سنووری دەریایی بە هیچ ئاوێکی نێودەوڵەتی و ئازادەوە نییە. لە ڕاستیدا، لەوەش خەراپتر ئەوەیە کە تەنها ڕێگا و کەناڵ، بۆ دەستگەیشتنی جوڵانەوەی چەکداری کورد لە عێراق بە جیهانی دەرەوە و دەستگەیشتنی ئەو جیهانەش بەو جوڵانەوەیە، لە ڕێگای داگیرکارێکی تری کوردستانەوەیە، واتە لەم حاڵەتەدا ئێران. هەر ئەوەشە وادەکات کیسنجەر بڵێت "تراجیدیای کورد سەپێندراوی مێژوو و جوگرافیایە"[37]. ئەگەرچی هەر زوو لە سەرەتاکانی ١٩٧٠کاندا دەرکەوت کە ئێران یارمەتی جوڵانەوەی چەکداری کورد لە باشور دەدات، بەڵام لە حاڵەتی **نەبوونی دڵنیایی** تەواو کە ئەم یارمەتییە بەردەوام دەبێت یان نا[38]، پێویستیی یارمەتی و پشتیوانی "زلهێزێک" بۆ جولانەوە چەکدارییەکە بە توندی دەرکەوت، بۆ ئەوەی ئەو زلهێزە "**ڕۆڵی زەمانەت**" لە نێوان کورد و ئێراندا

[34] لە هەندێک لە ئامرازەکانی میدیا و سۆسیال-میدیا بە ڕاشکاوی، بەڵام بە هەڵە، وترا کە "کیسنجەر ئەندازیاری ڕێکەوتنی جەزائیر" بووە. بۆ نموونە ئەمە، لە مانشێتێکی تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو"دا هات، لە ڕۆژی مردنی کیسنجەردا. بڕوانە، هاوپێچی ژمارە شەش.

[35] کیسنجەر سێ بەرگی لە "بیرەوەرییەکان"ی، وە ئەزموونی دەوڵەمەندی دیپلۆماسی خۆی، بڵاوکردۆتەوە، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کتێب کە هەموویان گرنگن. ئەم "بیرەوەرییانە،" کە لە ڕاستیدا ناوی نەناون بیرەوەری و وەک یەک، دوو و سێش ژمارە نەکراون، بەڵام بە تەرتیبی ساڵەکانی بڵاوبوونەوەیان دەکرێ ئەم تەرتیبی یەک، دوو و سێیان پێبدەین: **بەرگی یەکەم**، "ساڵانی کۆشکی سپی،" ١٩٧٩؛ لەم بەشەدا کیسنجەر تەنها بە یەک لاپەڕە باسی بەسەرهاتی کورد دەکات، بەڵام بە زانیارییەکی یەکجار گرنگ و هەستیارەوە. هەر لەم بەشەشدا پەیمان دەدات کە لە بەشی دووەمدا بە دوور و درێژی باسی ئەو بەسەرهاتەی کورد بکات، بەڵام لەو بەشی دووەمەدا بە یەک وشەش باسی کورد ناکات؛ **بەرگی دووەم**، "ساڵانی هەڵچوون"، ١٩٨٢؛ **بەرگی سێهەم**، "ساڵانی نوێبوونەوە" ١٩٩٩. لەم بەرگەیدا، کیسنجەر بە بەشێکی تایبەتی بە ناوی "تراجیدیای کورد" بە ٢٣ لاپەڕە (٥٧٦ تا ٥٩٩) باسی زۆرێک لە وردەکارییەکانی بە سەرهاتی جوڵانەوەی چەکداری باشوری کوردستان و ڕۆڵی ئەمریکا دەکات. لەم باسەی بەردەستدا سوود لە هەرسێکیان وەرگیراوە.

[36] دەکرێ، یا لە ڕاستیشدا پیویستە بڵێین، کە تا ئێستاش دیدی مەسعود بارزانی بۆ ئەمریکا و ئەمریکییەکان

[37] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 578.

[38] بڕوانە، بۆ نموونە: Aron Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, in *New York,* Vol. 9, nr. 40 (October 4, 1976), pp. 50-68.

ببینێت. واتە پێویستە هەر زوو کێشە سەرەکییەکە دەستنیشان بکەین، ئەویش ئەوەیە کە نەک هەر لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کان، بەڵکو هەر لە دوای دەستپێکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد لە باشوری کوردستان لە سیپتێمبەری ١٩٦١، پێداویستی پشتگیریکردنی زلهێزێک لە جوڵانەوە چەکدارییەکە خۆی سەپاند. لە سەرەتا هەرە زووەکانی دەسپێکردنی ئەم جوڵانەوەیە، رابەری جوڵانەوەکە، مەلا مستەفا بارزانی (لە بەردەوامی ئەم باسەدا، مەلا مستەفا)، لە ساڵی ١٩٦٢ بە روونی لە رێگای رۆژنامەنووسی ئەمریکی (دانا ئادەمز شمیت)ەوە پەیامێکی بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەمریکادا کە تیایدا مەلا مستەفا دەڵێ "با ئەمریکا یارمەتی سەربازییمان بدات، بە ئاشکرا یا نهێنی، بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنین و ببین بە هاوبەشی وەفادار [بۆ ئەمریکا] لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"[39]. بەڵام تا بەشی یەکەم لە دەیەی ١٩٧٠کان هێڵی رەسمی و راشکاوی ئەمریکا ئەوە بوو کە **خۆی دوور بگرێ لە تێوەگلان لە "مەسەلەیەکی ناوخۆیی"** وڵاتێکی تردا.

* * *

لە ساڵی ١٩٦٨ دۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ناوچەی کەنداو، دوو گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینی کە هەردووکیان بە یەکەوە کاریگەرییان لەسەر رەهەندی جیو-سیاسی هەبوو، بە تایبەتی لەسەر هەڵوێست و بڕیاری ئێران لەمەڕ شێواز و رادەی هاوکاریکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد. هەڵبەتە لە بەرامبەریشدا، هەر ئەو دوو رووداوە، کاریگەری لەسەر شێوازی نزیکبوونەوەی رژێمی عێراق لە کێشەی کورد هەبوو: **رووداوی یەکەم**، بڕیاری بەریتاینیا لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە ناوچەی کەنداو بکشێتەوە، هەڵبەتە بە هەنگاوێکی ئەوهاش بۆشاییەکی ئاسایشیی لەو ناوچەیە دروست ئەبوو، کە دەرەنجام ئەم بۆشاییە پێویستی بە پڕکردنەوە دەبوو[40]. لە راستیدا هەر زووتر، لە نۆڤێمبەری ساڵی پێشتر، بەریتانییەکان لە تەهران لەگەڵ ئێرانییەکان گفتوگۆیان دەربارەی شێوازی "پڕکردنەوەی" ئەو بۆشاییە کردبوو[41]. گرنگە ئەوەش بڵێین کە کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەکە تەنها سەربازیی ئەبوو، نەک دوورکەوتنەوەی بەتەواوەتی لە رووی حزوری سیاسییەوە[42]، هەروەها مانەوەی هەندێک راوێژکاری بەریتانی لێرە و لەوێ لە لە ناوچەی کەنداو، بە تایبەتی لە مەسقەت، پایتەختی سەڵتەنەتی عۆمان، دوای کشانەوەکە[43]؛ **رووداوی دووەم**، حیزبی بەعس لە رێگای کودەتایەکەوە لە ١٧ی تەموزی هەمان ساڵ دەسەڵاتی لە عێراق گرتەدەست. ئەم رووداوە بووە هۆی نیگەرانی لای کورد، ئێران و رژێمەکانی ناوچەی کەنداو. هەڵبەتە هۆکارەکانی نیگەرانی ئێران و کورد،

---

[39] Dana Adams Smidt, ”The Kurdish Insurgency”, in *Strategic Review,* 2 (Summer 1974): 54, through, Edmond Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* New York: Syracuse University Press, 1981, p. 44.

[40] Shahram Chubin & Zabih Sepehr, *The Foreign Relations of Iran: A Development State in a Zone of Great Powers Conflict,* Berkley and Los Angeles, 1974, p. 183.

[41] Rouhollah K. Ramazani, *Iran's Foereign Policy 1941-1973: A Study of Foreign Policy in Modernizing Nations,* University Press of Virginia, Charlottesville, 1975, p. 408.

[42] علینقی عالیخانی، (ویراستار)، *یادداشت های علم*، (تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠)، جلد اول، صفحه ٢١٩.
Isaacson, *Kissinger,* 1992, p. 563.

[43] James Kinsman, ”Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power”, in *New Middle East: Independent International Monthly,* No. 22, July 1970, p. 10.

پرسگەلێکی هاوبەشی تیا بوو[44]. بە تایبەتی ئێران مەترسی جیددی لە لێکەوتەکانی نزیکبوونەوەی ستراتیجییانەی رژێمی نوێی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت هەبوو[45]، هەروەها ئەگەری ئەوەی کە رژێمەکەی بەعس گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هەست و سۆزی عەرەب بەکار ببات بۆ مۆبیلیزەکردنی وڵاتانی عەرەبی لە پێناو تەنگ پێهەڵچنینی ئێران، ئەمەش ببێتە هۆی کەنارگیری ئێران لە ناوچەکەدا.

هەر زوو دەرکەوت کە ئەم دوو رووداوە بە یەکەوە، لە دوو ئاستەوە، بۆ سیاسەتی ئێران گرنگ بوون: **یەکەم**، لە ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقدا، ئەم دوو رووداوە پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی ئێران بچێتە قۆناغێکی نوێ لە کار و کاردانەوەی چالاکانە روو بە خواستی هەژموون لە ناوچەی کەنداو و بوار نەدان بە رژێمی بەعس بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە، کە لە کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو دەکەوتەوە، پڕ بکاتەوە. لە بەرامبەریشدا عێراق، بە هەمان شێوە، خواستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و هەژموونی لە ناوچەی کەنداو هەبوو. دەرەنجام، لە ساڵی ١٩٦٩ بارگرژی، لەسەر پرسی سنوور و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی **سەروەریی** لە شەتولعەرەب، رووی لە هەڵکشانێکی مەترسیدار کرد؛ **دووەم**، بۆ رژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە، تەنانەت بۆ تورکیا و پاکستانیش پرسی دواڕۆژی ناوچەی کەنداو، لە دوای کشانەوەی سەربازیی بەریتانیا، بوو بە پرسی رۆژەڤ. بیرۆکەی جیا جیا دەرکەوتن و بوو بە بابەتی گفتوگۆ و دانوستان دەربارەی بژاردەی ستراتیجی جیا جیا، لەوانەش دروستکردنی رێکخراوێکی ئیقلیمی لە ناوچەی کەنداو[46]. بە هەر حاڵ، ئەم پرسانە گشتیان بۆ سیاسەتی ئەمریکاش لە ناوچەکە واتادار و گرنگ بوون. دەشتوانین بە ئاسانی بڵێین کە دەرفەتەکانی ئێران، بە بەراورد لەگەڵ عێراق، زۆرتر و کراوەتر بوون، بۆ ئەوەی لە بەدەستهێنانی پێگەی بەهێز و هەژموون لە کەنداو سەرکەوتووتر بێت. هۆیەکی گرنیش بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەبوو کە جگە لەوەی ململانێی عێراق لەگەڵ ئێران تواناکانی عێراقی لە بەدەستهێنانی پێگەی بە هێز لە کەنداو سنووردار کردبوو، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەو بارگرژییەی کە لە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو، بە تایبەتی سعودییە، هەبوو رێگر و لەمپەڕێکی تر بوو بۆ عێراق بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا[47]. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە بەراورد بە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، رژێمی بەعس تازە هەتبوویە سەر حوکم و هەرنەبێ پێویستی بە چەند ساڵێک هەبوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی جێگیر بکات و ئینجا بە تەواوەتی بپەژرێتە سەر پرسە ئیقلیمییەکان.

لە ئاستی **کوردیدا**، ئەم دوو رووداوە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد و کورد و ئێران هەبوو. جگە لەوەش، کورد لە پانتایی سیاسەتی جیهانیدا، بە تایبەتی لە بەستێنی جەنگی سارد، زۆر بە تایبەتیش کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر بەم دوو رووداوە،

---

[44] M. Zahrai, *The Origins and Causes of the Iranian-Iraqian War,* (University of Idaho: University Microfilms International, 1985. Unpublished Ph.D. Disertation, p. 113; J. Gaspard, ”Penetrating the Ba`th: An Ideology in Serach of Leadership”, *The New Middle East,* No. 8 (May 1969), p. 31.

[45] M. Khadduri, *The Gulf War: The Origins and Implecations of the Iraq-Iran Conflict,* (Oxford: Oxford University Press, 1988, p. 49.

[46] Ramazani, *Iran's Foereign Policy 1941-1973,* 1975, pp. 409, 410, 417.

[47] J. B. Kelly, *Arabia: The Gulf and the West,* London: Weidenfeld and Nicolson, 1980, 288.

پەیوەندیدار و کارتێکراو بوو. بەم شێوەیە، لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٥ بە جوانی ئەم ئاستانە لە پەیوەندییە سیاسییەکان و کار و کاردانەوەکاندا، دەرکەوتن وە تیایاندا مەسەلەی کورد لە عێراق جێگا و پێگەیەکی دیاری وەرگرت، هەڵبەتە بە باش و بە خەراپ.

لە راستیدا ئەم دوو رووداوەی ساڵی ١٩٦٨ لە کاتێکدا روویاندا، کە چەند ساڵێک بوو شای ئێران بیری لە **پەرینەوەی چالاکانە بۆ جیهانی عەرەبی** و زێدەکردنی ئامادەیی وڵاتی خۆی لەو جیهانە فراوانەدا کردبوویەوە. شەهرام چوبین پێیوایە کە شای ئێران، بۆ ئەوەی بگات بەم ئامانجەی خۆی، دوو بژاردە یا رێگای لە بەردەم بوو: **یەکەم**، یا لە رێگای بەکاربردنی **هێزی سەربازیی** بەو ئامانجە بگات، یا **دووەم**، بە پێچەوانەکەی، واتە بە رێگا و ئامرازی سیاسی و دیپلۆماسی[48]. بەڵام لە راستیدا رێگای سێهەم هەبوو کە چوبین ئاماژەی پێنادات، ئەویش **جەنگێکی ناڕاستەوخۆی سنووردار**، هاوتەریب و لە هەمان کات، لەگەڵ **ئامرازی دیپلۆماسی**، بە تایبەتی رێکەوتن لەگەڵ عێراق، کە ئەمەش دواتر لە رێگای سوودوەرگرتن لە جوڵانەوەی چەکداری کورد و کۆتایی هێنان بەو جوڵانەوەیە لە رێگای جوڵەی دیپلۆماسی و رێکەوتنێکی سیاسی، لەگەڵ لە جەزائیر، بە ئامانج گەیشت.

لە کۆتایی ١٩٦٠کان بارگرژییەکان لە نێوان ئێران و عێراق پەرەیان سەند بەڵام نەگەیشتە رادەی شەڕێکی راستەوخۆ. بە هەر حاڵ، رێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی لە بەغداد، بژاردەی سود وەرگرتنی شای ئێرانی لە جوڵانەوەی چەکداری کورد، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی لە رێگای یەکانگیرکردنی ئامرازی **جەنگێکی سنووردار** لەگەڵ **ئامرازی دیپلۆماسی**، بۆ ماوەیەک دواخست. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە شای ئێران لە رێکەوتنی ١١ی ئادار نیگەرانیی "توند" پیشان بدات[49]، چونکە ئەم رێکەوتنە بووە لەمپەرێک لەبەردەم هەوڵەکانی شا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ئیقلیمییەکانی، هەروەها ئامانجە تایبەتییەکانی روو بە عێراق. بەڵام کاتێک جەنگ لە نێوان کورد و بەغداد لە بەهاری ١٩٧٤ دەستپێدەکاتەوە، جارێکی دیکە دەرفەتی سوود وەرگرتن لە جوڵانەوەی چەکداری کورد بۆ شای ئێران سەرهەڵدەداتەوە، وە تەنها دوای ساڵێکیش لە "**شەڕێکی سنووردار**"، لە نێوان کورد و عێراق، لە ئاکامی یەکانگیربوونێکی پڕ بە خواستی شا، لە نێوان شەڕە سنووردارەکە و دیپلۆماسییەکی چالاکانە، ئامانجەکانی شای ئێران بەدەستهاتن.

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هەر لەو رۆژەی کە حیزبی بەعس فەرمانڕەوایی لە عێراق لە تەموزی ١٩٦٨[50] گرتە دەست، هەر زوو ئەو رژێمە بە دروستی لە **گرێ کوێرەی** پەیوەندی ئێران و ئەو بزاڤە چەکدارییەی کورد گەیشت: بەو واتایەش عێراق، لە

---

[48] Shahram Chubin & M. Farid Saidi, *Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options*, (?? 1975), p. 78.

[49] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ١٢ی ئاداری ١٩٧٠. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢١٠-٢١١، ٢٤٦، ٢٤٧.

[50] پێویستە لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە لایەنی کوردی، راستتر بڵێین پارتی دیمۆکراتی کوردستان و بزاڤی چەکداری کورد، بێئاگا نەبوون لە ئامادەکارییەکانی حیزبی بەعش بۆ کودەتاکردن بەسەر رژێمی عەبدولرەحمان عارفدا، بەڵکو پێشوەخت دانوستاندن و تەنانەت لەیەک گەیشتنیش لە نێوان هەردوو لا هەبوو بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی کودەتاکە.

هەمان کاتدا، بەرەوڕووی دوو کێشە و ئاڵنگاری بووەوە، کە ئەوانیش وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکتر بوون. هەر وەک مەهدی زەهرایی دەڵێ، رژێمە نوێکەی عێراق، واتە رژێمی بەعس، بە ئاسانی پەیوەندی ئۆرگانیکی و بەیەکەوە گرێدراوەیی لە نێوان ئەو دوو ئاڵنگارییەدا بینی، کە ئەوانیش لە لایەک ململانێ مێژوویی و جیو-ستراتیجییەکەی عێراق و ئێران بوو، وە لە لایەکی ترەوە کێشەی کورد بوو لە عێراق[51]. دەرەنجام، رژێمی بەعس لەگەڵ دوو بژاردە بەرەوڕوو بوو، یان دەبێ ئەو رژێمە کێشەی کورد لە عێراق چارەسەر بکات **بۆ ئەوەی ئێران لە بەکاربردن و سوودمەندبوون لە کارتی بزاڤی چەکداری کورد بێبەش بکات** و بەم شێوەیەش کاریگەری و فشاری ئێران لەسەر عێراق نەهێڵێت؛ یان دەبێ ئەو رژێمە پێچەوانەکەی بکات، واتە بگات بە رێکەوتن لەگەڵ ئێران لە پێناو تەفر و توناکردنی بزاڤی چەکداری کورد، یا هەرنەبێ کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی ئەو جوڵانەوەیە. دواجار رژێم بژاردەی یەکەمیانی لە ١٩٧٠ لە رێگای رێکەوتنی ١١ی ئادارەوە تاقیکردەوە، بەڵام دوای پێنج ساڵ بژاردەی دووەمیانی لە ١٩٧٥دا، لە رێگای رێکەوتنی جەزائیری (٦-٣-١٩٧٥)ەوە، تاقیکردەوە. بەم واتایەش، دوو رێکەوتنی جیاواز، تەنانەت لە رواڵەتدا تەواو دژ بەیەکتر، بەڵام بۆ **هەمان مەبەست** ئەویش **بێبەشکردنی یەکێکیانە لە سوودمەند بوون لە ئەویتر**: لە رێکەوتنی ١١ی ئادار ئێران، لە سوودمەند بوون لە جوڵانەوەی کورد، بێبەش دەکات؛ بەڵام تەواو دژەکەی لە رێکەوتنی جەزائیر روودەدات، واتە کورد لە سوودمەند بوون لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران وە وەرگرتنی پشتیوانی لەو وڵاتە بێبەش دەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە راستییەکی گرنگ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە رژێمی بەعس لە تەواوی ماوەی فەرمانڕەواییدا، ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣، هیچ کات بژاردەی "سێهەمی"، لە دەرەوەی ئەو دوو بژاردەیەی پێشتر، تاقینەکرۆتەوە، واتە هەوڵی ئەوەی نەداوە کە **لە هەمان کاتدا** و لە پاکێجێکی فراوانتر و گشتگیردا هەردوو کێشەکە بە یەکەوە، بە یەکجاری چارەسەر بکات. واتە هەردوو کێشەکە لە یەک چوارچێوەدا ببینێ و وە لە هەمان پاکێجدا چارەسەر بۆ هەرووکیان بدۆزێتەوە، بە باوەڕی ئەوەی کە مانەوەی یەکێک لەو دوو کێشەیە بەبێ چارەسەرکراوی گریمانە و ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بتوانێ **چارەسەری** کێشەکەی تریش **تێکبدات**. ئەمەش لە ئاداری ١٩٧٤ روویدا کاتێک، بە تایبەتی بە رۆڵی چالاکانەی ئێران، کورد لە چارەسەر "**دوورخرایەوە**" یا "**دوورکەوتەوە**" و جارێکی دیکە مەسەلەی کورد **لە چارەسەرەوە بوویەوە بە کێشە** بۆ عێراق، واتە جارێکی دیکە کورد بوویەوە بەو کارتەی کە رژێمی عێراق لە رێگای رێکەوتنی ١١ی ئادار، **بۆ ماوەیەکی کاتی**، لە دەستی ئێرانی دەرهێنابوو!

بە هەر حاڵ، پێویستە بە جەخت کردنەوەوە ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە تەنها جارێک بیر لە مێتۆدی چارەسەرکردنی هەردوو کێشەکە، واتە کێشەی کورد لە لایەک وە کێشە پەیوەندیدارەکان بە سنووری نێوان عێراق و ئێران لە لایەکی ترەوە، لە یەک کات و لە یەک پاکێجدا کراوەتەوە. ئەمەش لە زەمانی سەرۆک وەزیران عەبدولرەحمان ئەلبەزاز بوو، واتە لە دەرەوەی فەرمانڕەوایی

[51] Zahrai, *The Origins of the Iranian-Iraqi War,* 1983, p. 114.

حیزبی بەعس بوو. بەڵام ئەو جارەش ئەم میتۆدی چارەسەر بۆ هەردوو کێشەکە لە یەک کاتدا هەر لە ئاستی تیوری مایەوەو و دەرفەتی نەبوو بچێتە بواری کردارییەوە[52].

* * *

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەر زوو دوای دەستپێکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد لە ئەیلولی ١٩٦١، گرنگیی رۆڵ و پشتگیری زلهێزێکی جیهانی بۆ جوڵانەوەکە خۆی سەپاند. لەم بارەیەشەوە، ئەگەر چی یەکێتی سۆڤیەت، لە رووی جوگرافییەوە، زۆر لە کوردستانەوە نزیک بوو، بەڵام هەر زوو لە ١٩٦٠کان سەرکردایەتی ئەو جوڵانەوەیە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، فۆکەسی کەوتە سەر ئەمریکا. مەلا مستەفا پێیوابوو کە ئەو ساڵانێک لە یەکێتی سۆڤیەت ژیاوە و باش دەزانێ مەسەلەی کورد و یارمەتیدانی جوڵانەوەی چەکداری کورد "لە ئەجێندای یەکێتی سۆڤیەتدا نییە"[53]. زانیارییە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە، هەر زوو، هاوتەریب لەگەڵ یارمەتی ئێران بۆ جوڵانەوە چەکدارییەکە، بەردەوام مەلا مستەفا هەوڵی رازیکردنی ئەمریکای دەدا، نەک تەنها لە پێناو دەستخستنی پشتیوانی لە رووی چەک و تەقەمەنی و یارمەتی داراییەوە، بەڵکو لە راستیدا زیاتر بۆ ئەوە بوو ئەمریکییەکان رۆڵی **زەمانەتی "ئەخلاقی"** لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێراندا ببینن[54]. دواتر، بەپێی راپۆرتی پایک، ئەوە پشتڕاست کرایەوە کە جار دوای جار مەلا مستەفا بێباوەڕی و بێمتمانەیی خۆی بە شای ئێران و لە بەرامبەریشدا گرنگی بوونی زەمانەتی ئەمریکی دووپات کردۆتەوە[55]. جێگەی گرنگی و سەرنجە کە شای ئێرانیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەم "بێمتمانەییەی" کورد، بە تایبەتی مەلا مستەفا، ئاگادر بووە. چونکە شای ئێران، دواتر، لە حزوری نیکسۆن، کیسنجەر و بەرپرسانێکی تری ئیدارەی نیکسۆن، لە وتارێکی گرنگدا، لە کۆتایی تەموزی ١٩٧٣ دان بەو راستییەدا دەنێ و دەڵێ: پشتیوانی "ئەمریکای مەزن"، بۆ کورد زۆر یارمەتیدەرە، بە تایبەتی، "**بەهایەکی سایکۆلۆجی**" هەیە[56]، بە واتای ئەو یارمەتییە **دڵنیایی** و هەستکردنی کورد بە بوونی "**زەمانتێک**" دەبوو بۆ بەردەوامی و نەپچڕوانی یارمەتییەکانی ئێران بۆ کورد.

بەهەر حاڵ، پەرۆشیی و جەخت کردنەوەی بەردەوام لەلایەن مەلا مستەفاوە حاشا هەڵنەگر بوو بە واتای ئەوەی کە پشتیوانی ئێران بە تەنیا بەشی ئەوە ناکات، یا هەر نەبێ ئەو دڵنییای و

[52] Gaspard, "Penetrating the Baath",1969, p. 24; Zahrai, *The Origins of the Iranian-Iraqi War,* 1983, p. 112. ئەلبەزاز پێگەی جیا جیای لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی ١٩٦٠کان لە حکومەتی عێراقدا هەبووە، گرنگترینیان پۆستی سەرۆک وەزیران بووە کە لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا، لە پایزی ١٩٦٥ تا پایزی ١٩٦٦ لەو پێگەیەدا بووە. ئەلبەزاز بەوە ناسراو بوو کە خواستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەبوو، هەوڵی بە مەدەنیکردنی دەسەڵات و کەمکردنەوەی رۆڵی هێزی سەربازی لە سیاسەتدا هەبوو، هەروەها خواستی پەرەپێدانی سیستمی فرە حیزبی و دیمۆکراسی هەبوو.

[53] David A. Korn, "The Last Years of Mustafa Barzani," in *Middle East Quarterly,* June, Online version: *Middle East Forum,* 1994, https://www.meforum.org/220/the-last-years-of-mustafa-barzani . retrived 30-10-2023

[54] رەحمانی، *شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، دیمانەی رەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، لاپەڕە ٦٨-٦٩.

[55] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976.; Ismet Sharif Vanly, "Kurdistan in Iraq," in *Peoples withou a Country: the Kurds and Kurdistan,* Gerald Chaliand (ed.), London: Zed Books, 1980, pp. 58, 184.

[56] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 154.

پشتڕاستییە نابەخشی، بۆ ئەوەی، دوایی لە بەهاری ١٩٧٤، جارێکی تر کورد بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ڕژێمی بەغداد. بە واتایەکی تر، مەلا مستەفا بەردەوام بە دوای ئەوەوە بوو کە پشتیوانی ئەمریکا وەک **دڵنیاییەک** بۆ جوڵانەوەکەی دەستەبەر بکات، چونکە بە دیدی ئەو تێکەڵابوونی ئەمریکا ڕێک ئەو زەمانەت و دڵنیاییەی دەبەخشی کە ئەو ساڵانێک هەوڵی بۆ دەدا. بۆ نموونە لە ئەپریلی ١٩٦٥ شاندێکی کوردی (شەمسەدین موفتی و مەسعود بارزانی) پەیامێکیان گەیاندۆتە سەفارەتی ئەمریکا لە تەهران کە لە پەیامەکەدا مەلا مستەفا داوای یارمەتی سەربازیی و دارایی دەکات، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، تەنانەت سەرسوڕهێنەر، ئەوە بوو کە مەلا مستەفا لەو پەیامەدا داوای کردووە "ئەمریکا [بێتە] ناوچەکەیان و وەک 'ویلایەتێکی دیکە'ی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەیری ناوچەکەیان بکا"[57]. بە پێی ڕاپۆرتی پایک، جارێکی تر لە سەرەتای ١٩٧٠کانیش، مەلا مستەفا ئەو داوایەی دووپاتکردۆتەوە کە باشوری کوردستان "ببێ بە پەنجاو یەکەمین ویلایەتی" ئەمریکا[58]. لە لایەکی ترەوە، ئەم دەربڕینەی مەلا مستەفا جێگای هەڵوێستەیەکی جیددیە: **یەکەم**، ئەم دەربڕینە زۆر سادە و ساکارە، تەنانەت بە وتەی دەیڤید مکداوڵ جۆرێکە لە "ساویلکەیی" ("naivety")، کە پێشتریش مەلا مستەفا بەرامبەر بە بەریتانییەکان دەریبڕیوە[59]. لە ڕاستیدا ئەستەمە ئەم جۆرە دەربڕینە لە هیچ گۆشە نیگایەکەوە جێگای لە عەقڵانییەتی سیاسی و یاسا و ڕێساکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان یا لە ڕێسا دیپلۆماسییەکاندا ببێتەوە: لە کاتێکدا عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بوو چۆن ئەکرا بەم سادەیی و ئاسانییە زلهێزێکی وەک ئەمریکا بێت و دەست بەسەر بەشە کوردییەکەی ئەو وڵاتەدا بگرێت. ئایا چۆن، لە گەرمەی جەنگی سارد و لە ناوچەیەکی هەستیار و زۆر نزیک لە یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا بەو ئاسانی و سادەییە ئەیتوانی ئەم کارە بکات!؛ **دووەم**، ئاشکرابوونی دەربڕینێکی ئەوها لە لایەن مەلا مستەفاوە، ڕژێمی حوکمڕان لە عێراق دەباتە **ئەوپەڕی بێزاری و تووڕەییەوە**. لە ئاساییترین بیرکردنەوەدا ئەم داواکارییەی مەلا مستەفا وا لە ڕژێم دەکات کە لە گۆشەنیگای "**خیانەتی نیشتمانییەوە**" ڕاڤە و تێگەیشتن بۆ ئەو خواستەی مەلا مستەفا بکات، بەمەش ڕژێم دەچێتە ئەوپەڕ لە جۆر و فۆڕمەکانی کاردانەوە دژ بە کورد[60]. لە لایەکی ترەوە، لە وەڵامی ئەو پەیامەکەی پێشتری مەلا مستەفا (کە لە ڕێگای مەسعودی کوڕی و شەمسەدین موفتی گەیاندرابوو)، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دوو ڕۆژ دواتر، سەفارەتەکەی لە تەهران ئاگادار دەکاتەوە کە "بە

---

[57] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە، ١٢ی نیسانی ١٩٦٤، لە: ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەرە ١٩١.

[58] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 87.

[59] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 331.

[60] دەکرێ بە ئاسانی بیر لە کاردانەوەی هەمان ئەو ڕژێمەی بەعس لە بەرامبەر هێنانی هێزی پاسداران بۆ ناو هەڵەبجە لە ١٩٨٨ وە چۆن ئەو ڕژێمە بەو شێوازە دڕەقانەی کاردانەوەی پیشاندا وەبیر بێنینەوە، وە بە ئاسانی تێبگەین کە ئەم ڕاگەیاندراوەی مەلا مستەفا چەندە کێشەدارە! لە سیاسەتدا زۆر جار گرنگە خۆت، لە "تەسەووری خۆتدا"، بخەیتە جێگا و پێگەی دوژمنەکەت بۆ ئەوەی باشتر لە ئەگەرەکانی کار و کاردانەوەی ئەو دوژمنە بگەیت! کاتێکیش مەلا مستەفا داوای کردووە تەمریکا باشوری کوردستان **وەک ویلایەتی پەنجاو یەکەمین** مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەوا لە کەمترین ڕادەییدا، لەو لۆجیکە نزیک نەبۆتەوە.

هیچ شێوەیەک لەگەڵ نوێنەرەکانی مەلا مستەفا وتووێژ نەکات و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سیاسەتی خۆتێوەگلاندنی ئەمریکا لە کێشەی کورد و حکومەتی عێراق نەگۆڕاوە"[61]. واتە، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی لایەنی کوردی بۆ ئەوەی ئەمریکا یارمەتی کورد بدات، بەڵام ئەمریکییەکان، هەر لە سەرەتای ١٩٦٠کانەوە تا بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢، بەردەوام پێداگریان لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە پرسی کورد **مەسەلەیەکی ناوخۆی** دەوڵەتێکی **خاوەن سەروەرییە**، کە دەوڵەتی عێراقە. هەر لەبەر ئەوەش دەست خستنە ناو کار و باری ئەو دەوڵەتە ڕێگەپێدراو نییە. لە لایەکی ترەوە، ئەمەش دەبێ بە جەخت کردنەوەوە بوترێ، کاتێکیش ئەمریکییەکان لە بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢ بڕیاری ئەوەیان دا کە یارمەتی کورد بدەن، بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوەیان نەکردووە کە ئەم یارمەتییە بە مانای ئەوە بێت کە ئەمریکا ڕۆڵی **زامنکار**، لە پەیوەندی کورد و ئێران، ببینێ. واتە لە باشترین حاڵەتدا بە هەڵەتێگەیشتن هەبوو، واتە تاکلایەنە لایەنی کوردی بوو وای لێکدابوویەوە کە ڕۆڵی زامنکار بەشێکە لەو یارمەتییەی کە ئەمریکا بە کوردی دەبەخشێ. لە ڕاستیدا، هەروەک کیسنجەر دەڵێت، "ئێمە ناتوانین بەردەوام **گەرەنتی** دواڕۆژی دۆستەکانمان بکەین"[62]. لێرەدایە کە ئەکرێ **بە هەڵەتێگەیشتن**، هەر وەک زۆر جار لە مێژوودا ڕوویداوە، پشتشکێن بێت بۆ جۆری پێشوەچوون و دەرهاوێشتەی ڕووداوەکان، کە ئەمەش دواتر ڕوویدا کاتێک جوڵانەوەی چەکداری کورد لە ئاداری ١٩٧٥ هەرەسی کارەساتباری هێنا، لەولاشەوە **شتێک نەبوو بە ناوی گەرەنتی** بۆ ئەوەی کورد بپارێزێ لەو شکست و دارمانە مێژووییە! لە ڕاستیدا، بە پێی ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان، لە هیچ جێگایەک ئەوە نەهاتووە کە ئەمریکا لە یارمەتیدانی کورد پێویستە ڕۆڵی زامنکار بینیبێ. لە باشترین حاڵەتیشدا ئەو ڕۆڵەی ئەمریکا "گوایە ڕۆڵی زامنکاری بینیبێ" تەنها بەرهەمی **بیر و ئەندێشەی سەرکردەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکە خۆی بووە**، واتە **بە هەڵەتێگەیشتنێک** بووە و هیچی تر. تەنانەت هەندێک لەوانەی ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕەهەندی دیپلۆماسی جوڵانەوەکەدا دەبینی وە پێویست بوو باش لەوە ئاگادار بن کە ئەمریکا هیچ جۆرە گەرەنتییەکی نەداوە بە کورد، کەچی ئەوان پێیان وایە کە ئەمریکا، یا ڕاستتر بڵێین نیکسۆن و کیسنجەر، گەرەنتیان دابوو بە کورد[63]. لە ڕاستیدا لە هەندێک لەو هەڵسەنگاندنە ڕەخنەگرانە، کە دوای هەرەسهێنان دەربارەی ئەو جوڵانەوەیە نووسراون، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرکردایەتی ئەو کاتەی جوڵانەوە چەکدارییەکە "بەردەوام پشتی بە پەیوەندی و یارمەتییە دەرەکییەکان دەبەست، لە کاتێکدا ئەم سەرکردایەتییە دەیزانی کە ئەو پەیوەندی و یارمەتییانە **هیچ جۆرە زەمانەتێکی سیاسییان لەخۆ**

---

[61] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٩٢.

[62] Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1265.

جەخت کردنەوەی نووسەر.

[63] بۆ بە هەڵەتێگەیشتنێکی ئەوها، بۆ نموونە، بڕوانە: Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 190.

پێویستە بە گرنگییەوە لەو بە هەڵەتێگەیشتنەی ڤانلی نزیک ببینەوە، چونکە ئەو جگە لە ڕۆڵی دیپلۆماسیش، وەک نوێنەری مەلا مستەفا لە دەرەوەی وڵات، ئەکادیمییش بوو.

**نەدەگرت**"[64]. پێویستیشە ئەوە بە جەخت کردنەوە بڵێین کە هەموو ئەو جارانەی، لە ماوەی شەڕە یەکساڵییەکەی ١٩٧٤–١٩٧٥دا، کە شاندی کوردی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا دانیشتنیان کردبێ یا نامەیان گۆڕیبێتەوە، ئەوا زیاتر باسی پێداویستییە مادییەکان، واتە چەک و تەوەمەنی و یارمەتی دارایی، کراوە. تەنانەت لە دوا نامەی مەلا مستەفا بۆ کیسنجەر چەند ڕۆژێک دوای هەرەسی ١٩٧٥ بە هیچ شێوەیەک، وەک بیرهێنانەوەیەکی گرنگ و کاریگەر، باسی لە ڕۆڵی ئەمریکا "**وەک زامنکار نەکراوە**". لە ڕاستیدا، لەو دۆخە ناهەموارەی نامەکەی تیادا نووسرا، باشترین وە شیاوترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵی "زامنکارەی ئەمریکا" وەبیر بەرپرسانی ئەو وڵاتە بهێنرێتەوە وە بەم شێوەیەش بخرێنە بەردەم بەرپرسیاریی بەڵێنەکانیان، بەڵام کە ئەوە نەکراوە دەریدەخات کە ئەمریکا پێشتر بەڵێنێکی لەو جۆرەی بە کورد نەداوە بۆ ئەوەی دواجار داوای لێبکرێ ڕۆڵی "زامنکار" ببینێ، بەڵام لە نامەکەدا باس لە بەرپرسیاریی "سیاسی و ئەخلاقی" ئەمریکا کراوەتەوە، کە ئەمە شتێکی جیاوازە لە ڕۆڵی "زامنکار". (بۆ بینینی نامەکەی مەلا مستەفا بۆ کیسنجەر، بڕوانە هاوپێچی ژمارە پێنج).

* * *

لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا، ڕێکەوتنیان لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ "هەرێمی"[65] کوردستان لە گەڵ حکومەتی ئەو کاتەی بەعس مۆرکرد. دەبوایە ئەم ڕێکەوتنە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێ. حکومەتی بەغداد لەو ڕێکەوتنە کۆمەڵێک ئامانجی هەبوون[66]، لەوانەش دوویان زۆر گرنگ بوون: **یەکەم**، ئەم چوار ساڵە دەرفەتێک بێت کە حکومەتی بەعس جێگە و پێگەی خۆی لە دەسڵاتدا بەهێز بکات؛ **دووەم**، کورد لە باشوری کوردستان لە ئێران دابڕێنێ و چیتر شای ئەو وڵاتە "**کارتی**" کوردی وەک هەڕەشە و فیشار لەسەر عێراق بەکار نەهێنێ، **واتە ئەو کارتەی لێبسەنێتەوە**. بە واتایەکی تر، پاڵنەرەکان زیاتر پەیوەندیداربوون بە ڕۆڵی ئیقلیمی عێراق و دۆخی ئابووری، سەربازی و سیاسی، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەعس لە بەغداد، لە ڕێگای ئەو چارەسەرەوە، بنچینەکانی فەرمانڕەوایی خۆی بەهێز و جێگیر بکات[67]. لە ڕووی ئیقلیمییەوە، ئامانجێکی گرنگی ڕژێم لە بڕیاری چارەسەری کێشەی کورد ئەوە بوو کە ئەو ڕژێمە دەرفەتی هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەرفەتە کاتیش بووبێت، بۆ

---

[64] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی – اللجنه التحضیریه، *تقییم مسیره الثوره وانهیارها والدروس المستخلصه منها*. (؟،؟، ١٩٧٧)، ص. ٤٢. هێمای **تۆخکردنەوە** هی نووسەرە.

[65] ئەو کاتە ناکۆکی لە نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی بەغداد، دەربارەی ئەو چەمکەی بە کوردستانەوە دەلکێنرێ، هەبوو: بە دیدی کوردی دەبوایە ئەو چەمکە هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام بە دیدی حکومەتی بەعس دەبێ ناوچە (منطقە)ی کوردستان بێت.

[66] ئیدمۆند غەریب باس لە کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەر دەکات کە وایان کردووە ڕژێمی بەعس لە عێراق دەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ببات، وە لەمەدا غەریب بە تایبەتی پشت بە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبەستێت کە ئەویش گۆڤاری ناوخۆی حیزبی بەعسە (*الثوره العربیه*، عدد ٣، ١٩٧١). بڕوانە: Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, pp. 81-83, 93.

[67] Jasim M. Abdulghani, *Iraq and Iran: the Years of Crisis.* John Hopkins University Press. Mariland, 1984, p. 133; Abbas Kelidar, "Iraq: The Search for Stability," in *Conflict Studies,* No. 59, July 1975, 10.

www.burhanyassin.com

ئەوەی لە ڕەهەندی هەژمونی ڕژێم لە کەنداو و حزوری چالاکانەی ئەو ولاتە لەجیهانی عەرەبی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕست بەگشتی، جێ پێی خۆی جێگیر و بەهێز بکات[68]. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە یەکلابۆتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٩دا، کە تیایدا بۆ موەیەک بەرەوڕوبوونەوەیەکی سەربازیی توند لە نێوان کورد و ڕژێمی بەعس هەبوو، تێچووی شەڕ لە کوردستان گەیشتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار، واتە ٣٠%ی تەواوی بودجەی عێراق[69]. لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی بۆچوونی بالادەست لە ناو شارەزایانی بوارەکانی عێراق، حیزبی بەعس و مەسەلەی کورد ئەوەیە کە دەست بردنی ڕژێمی بەعس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق کەمتر لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی بوو وە زۆر جاریش جەخت لەسەر ئەوە ئەکرێتەوە کە کۆی ئامانجی ڕژێم لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەستەبەرکردنی "ئاسایشی ڕژێم" و خۆ بەهێزکردن بوو بۆ ئەوەی دواتر کۆنترۆلی تەواوی خۆی بەسەر "هەموو" عێراقدا بسەپێنێ. حیزبی بەعس، لە ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو، ئاگاداری ئەوە بوو کە بەردەوامی شەڕ لە کوردستان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ دەسەلات لەدەست بدات و کۆتایی بە یەکەم ئەزموونی فەرمانڕەوایی بێت. جگە لەو هەموو جەختکردنەوەیە لەسەر ئامانجە نائایدیۆلۆجییەکانی بەعس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەلام، لە بەرامبەردا، بۆچوونێکیش هەیە کە پێیوایە ئەم هەنگاوەی حیزبی بەعس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بنەمایەکی ئایدیۆلۆجیشی هەبوو[70]. لە هەڵسەنگاندنێکی حیزبی بەعس خۆیدا بۆ تەواوی کێشەی کورد و پاڵنەرەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەو حیزبە دیدی خۆی بە شێوەیەکی فراوان خستۆتە ڕوو کە بریتییە لە ئاوێتەکردنی **لایەنە کردەییەکان** لە لایەک وە **ئایدیۆلۆجییەکان** لە لایەکی ترەوە، لە یەک دیدگای یەکگرتوودا. لە **لایەنە کردەییدا**، بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە، ڕەهەندی سەربازی، ئابووری، دەسەلاتی سیاسی و ڕۆڵی عێراقی ئیقلیمی و عەرەبی بەرجەستەن، وە لە لایەنی **ئایدیۆلۆجیش** ئەو حیزبە بە ڕوونی پێیوایە کە "هەر گەلێک لە گەلانی جیهان خەسلەت، ماف و خواستی نەتەوەیی" خۆی هەیە و "قەزیەی کورد قەزیەیەکی نەتەوەیی ڕەسەنە" بەلام "کۆلۆنیالیستان و کۆنەپەرستان هەوڵی شێواندن و لاوازکردنیان داوە"[71]. جگە لەوەش، میشێل عەفلەق، دامەزرێنەری حیزبی بەعس، لە حوزەیرانی ١٩٦٩ بە ڕوونی وتویەتی، حیزبی بەعس "لاری نییە لە مافەکانی کورد وەک شێوازێک لە شێوازەکانی ئۆتۆنۆمی"[72].

لە لایەکی ترەوە، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە لە ناواخنی ڕێکەوتنی ١١ی ئاداردا کێشەیەکی بونیادی هەبوو کە ئەویش مەسەلەی **هاوسەنگی هێز** بوو لە نێوان کورد لە لایەک وە ڕژێمی بەعس لە لایەکی ترەوە: بە واتای ئەوەی هەر کاتێک ڕژێمی بەعس دڵنیا بوو کە دەسەلاتەکەی جێگیر بووە و ئەوەندە هێز و توانای سەربازی و ئابووریی هەیە و لە ڕووی هاوپەیمانیی

[68] Kinsman, ”Kurds and Iran: Iraq’s changing Balance of power”, 1970, p. 9.

[69] Kinsman, ”Kurds and Iran: Iraq’s changing Balance of power”, 1970, p. 9.

[70] بڕوانە، بۆ نموونە: Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, pp. 82-83.

[71] وزاره الأعلام – الثقافه الجماهيريه، *حول المسأله الكرديه و تنفيذ بيان ١١ اذار التأريخى*، بحث مستل من الثوره العربيه – جريده الحيزب الداخليه، العدد الثالث ١٩٧١، بغداد: دار الحريه للطباعه، ١٩٧١، ص. ٩، ١٨–١٩.

[72] McDowall, *A Modern History of the Kurds,* 1996, p. 326.

www.burhanyassin.com

نێونەتەوەییشەوە وەک پێویست پێگەی خۆی بەهێز کردووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ دەست پێبکاتەوە، ئەوا بە باوەڕ بەخۆبوونەوە ئەو کارە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی سەرلەنوێ دەستکردنەوە بەشەڕ زۆر زیاترن و تابلۆکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی بتوانین بە یەک، یا چەند هۆکارێکی کەم، تێگەیشتنێکی کامڵ و براوبڕ بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤ بەدەست بهێنین[73]. هەر وەک دواتر بە شێوەیەکی فراوانتر گفتوگۆی دەربارە دەکەین، لە رەهەندی پەیوەندی کورد و ئێران، هەر زوو دەرکەوت کە ئەو پەیوەندییانە نەپچڕاون و ئێرانیش، هەر زوو دوای رێکەوتنی ١١ی ئادار، بەردەوام چاوی لەوەبوو کە جارێکی تر کورد بەکار بێنێتەوە بۆ لێدانی عێراق و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بەوە بوو کە کار بۆ تێکدان و پچڕانی پەیوەندی کورد و رژێمی بەغداد بکات. لە لایەکی ترەوە، نەپچڕانی بەتەواوەتی پەیوەندییەکانی کورد و ئێران و گوناهبارکردنی کورد لە لایەن رژێمی عێراقەوە کە بەردەوام پەیوەندی بە **ئێران و هەندێک هێزی بێگانەوە** هەبووە[74]، جێگایەکی تایبەت و گرنگی هەبوو لە تەواوی پرۆسەی گرژبوونەوەی پەیوەندییەکان، تا دواجار ئەم بارگرژیانە لە کەڵەکەبوونیاندا بە دەستپێکردنەوەی شەڕ تەواو بوون. لەم رووەوە، مکداوڵ پێیوایە لایەنی کوردی بە جیددی و تەواوەتی لە هەڵوێستی رژێمی بەعس **دەربارەی ئەو پەیوەندییانەی کە کورد لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا هەیبوو نەگەیشتبوو، چونکە رژێم، بە سادەیی،** ئەم جۆرە پەیوەندییانەی وەک "**خیانەت**" دەبینی[75]. لەوەش ئەولاتر، گوناهبارکردنی لایەنی کوردی، واتە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە لایەن رژێمی بەغدادەوە کە ئەو حیزبە پەیوەندی بەستووە لەگەڵ هەندێ کەسایەتی و هێزی دژبەری رژێم، لەوانەش عەبدولرەزاق النایف، حیزبی شیوعی (سەرکردایەتی ناوەندی – القیادە المرکزیە) و حیزبی بەعسی سەر بە سوریا[76]، دیسان رۆڵێکی نەرێنی لەو پێشوەچوونەدا بینی. واتە، کۆی ئەم پەیوەندیانە هۆکارگەلێکی گرنگ بوون بۆ پچڕانی پەتی متمانە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و بەغداد.

لە لایەکی ترەوە، لایەنی کوردیش بەردەوام فەرمانڕەوایانی بەغدادیان بە جێبەجێ نەکردنی رێکەوتنی ١١ی ئادار گوناهبار ئەکرد و ئاماژەیان بە هەموو ئەو **کۆسپ و تەگەرانە** ئەکرد کە رژێم بە کردار، لەبەردەم جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە، دروستی ئەکردن[77]. جگە لەوەش، لایەنی کوردی رژێمیان بەوە خەتابار ئەکرد کە رژێم خۆی لە ئەنجامدانی سەرژمێری و چارەسەرکردنی کێشەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" دەدزێتەوە[78]. هەروەها، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١، لایەنی کوردی رژێمی بە راگواستنی دانیشتوانی کوردانی لە کەرکوک، بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای

---

[73] لە بارەی ئەم چوار ساڵە زۆر نووسراوە و هەردو لایان (واتە حکومەتی عێراق و لایەنی کوردی) نووسراوێکی زۆریان بڵاوکردۆتەوە کە تیایاندا هەر لایەکیان ئەوەی دیکە بە شکاندنی پەیمانی ئاشتی گوناهبار دەکات. بڕوانە بۆ نموونە:

Yassin "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1992, sid. 140-141.

[74] Abdulghani, *Iraq and Iran,* 1984, p. 137; *The New Middle East,* No. 52-53, Jan-Feb. 1973, pp. 48-49.

[75] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 323.

[76] *The New Middle East,* No. 52-53, Jan-Feb. 1973, pp. 48-49.

[77] بڕوانە، بۆ نموونە، گۆڤاری تیوری پارتی دیمۆکراتی کوردستان، گۆڤاری *الکادر*، ژمارە ١٩، ئەیلول ١٩٧٣، لاپەرە ٢.

[78] *The New Middle East,* Jan-Feb. 1973, p. 49.

شارەکە، گوناهبار ئەکرد[79]. هەڵبەتە مەسەلەیەکی گرنگیش، کە جێگای نیگەرانی و سەرنجی جیددی لایەنی کوردی بوو، پەیوەندیدار بوو بە بەشداری راستەقینەی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی، لە هەمووشی گرنگتر مەسەلەی حزوری کورد بوو لە "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش" (مجلس قیادەت الثورە)، کە باڵاترین و بە دەسەڵاتترین دامەزراوەی رژێمی بەعس بوو وە کورد لە بەشداریکردن لەو دامەزراوە گرنگەدا بێبەش کرابوو[80]. لە راستیدا، تەنانەت هەندێک لە شارەزا و نووسەرە بیانییەکانیش پێیان وابووە، رژێمی بەغداد هەوڵی جیددی نەدا بۆ جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی رێکەوتنی ١١ی ئادار[81]. بەڵام لە دیدێکی "هاوسەنگتر" و فراوانتردا، مارتن ڤان برونەسن پێیوایە کە جێبەجێ نەکردنی رێکەوتنی ١١ی ئادار تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە بە ژمارەیەکی زۆر رووداو لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا، کە هەموشیان پەیوەندیدارن بە عێراق و ئێرانەوە. ئەم رووداو و پێدراوانە بەیەکەوە، وایان کرد کە بەندەکانی رێکەوتنی ١١ی ئادار وەک خۆیان جێبەجێنەکرێن[82]. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەوڵەکانی "تێرۆرکردنی" ئیدریس بارزانی لە سێپتێمبەری ١٩٧١ وە هی مەلا مستەفا لە دیسێمبەری هەمان ساڵدا، رۆڵی گرنگیان، لە بارگرژی پەیوەندییەکانی کورد و رژێمی عێراقدا، بینی[83]. بەڵام لە کۆی جیاوازییەکانی هەردوو لا ئەوەش خوێندراوەتەوە کە، رژێم لە لایەک وە کورد لە لایەکی ترەوە، بەرەو کۆتایی چوار ساڵی ئاشتی، لەمەڕ **مانا و مەوداکانی مافەکانی کورد**، گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتنی هەردوو لادا هاتبوو. بۆ نموونە، پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێیوابوو ئۆتۆنۆمی بەشی مافی چارەی خۆنووسینی کورد ناکات، بەڵکو ئۆتۆنۆمی **تەنها بەردەبازێکە** بە ئاراستەی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین؛ لە کاتێکدا رژێمی عێراق پێیوابوو کە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبێ پارێزراو بێت، لایەنی کوردی شتێکی نویی هێنابوویە ناو باس و ململانێکان، کە ئەویش چەمکی "**یەکێتی ئارەزوومەندانە**" بوو، ئەمەش وایکرد کە لە لای رژێمەوە دەنگی ئەوە ببیسترێ کە ئیتر کورد "**دەوڵەتێکی لە سەرەوەی دەوڵەت دەوێت**"[84].

## ٢-٢ شەڕی پێشوەخت: شەڕی ساردی نێوان دوو "هاوپەیمانی"

ئەوەی کە زانراوە لە بەهاری ١٩٧٤ شەڕی "بەرەیی"، واتە شەڕ لە رووە سەربازییەکەیەوە، لە نێوان کورد و رژێمی عێراق دەستی پێکرد. بەڵام، بە بۆچوونی خۆم، ئەم شەڕە زۆر پێشتر، لە

---

[79] Edith and E. Penrose, (1979) *Iraq: International Relations and National Development,* London: Westview Press, p. 369.

[80] بڕوانە، بۆ نموونە: Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 171.

[81] Penrose, *Iraq,* 1979, p. 369.

بۆ باسێکی ورد و فراوانتر دەربارەی گۆڕینەوەی تۆمەت لە نێوان لایەنی کوردی لە لایەک وە رژێمی بەعس لە لایەکی ترەوە، بڕوانە: Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, pp. 105-107, 149-151.

[82] Marten Van Bruinessen, *Agha, Shaikh ans State: on the Social-Political Organization of Kurdistan,* Rijswijk: Entroprint, 1978, pp. 36-37.

[83] Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p. 109.

[84] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, pp. 331-333. وتە وەرگیراوەکە لە لاپەڕە ٣٣٣دایە.

بەهاری ١٩٧٢ەوە، بە جەنگێکی "سارد"، لە پێناو ئامادەکاری بۆ شەڕی گەرم، لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی، بە چڕی دەستی پێکردبوو.

ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی وایکرد هەردوو لایەنی عێراق و کورد ڕۆژ دوای ڕۆژ لە یەکتر دوور بکەونەوە ئەو گۆڕانکاریە بوو کە لە **هاوسەنگیی هێز** لە نێوان هەردوو لا روویدا، بە شێوەیەک کاتێک کە ٤ ساڵی ئاشتەوایی لە کۆتایی نزیک بوویەوە، هەردوولا هەستیان ئەکرد کە هەر یەکەیان **بەڕادەیەک پێگەکەی بەهێزە** کە دواجار، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە، دەتوانێ جارێکی دیکە بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا[85]. تا ئەو جێگایەی ئەم گۆڕانکارییە پەیوەندی بە لایەنی کوردییەوە هەیە، سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری گەیشتبوویە باوەڕ بەخۆبوونێکی لە ڕادەبەدەر، بە تایبەتی ئەو بەشەی سەرکردایەتی کە ئاگاداری ئەوە بوون کە ئەمریکا بە نهێنی یارمەتی جوڵانەوەکە دەدا، لە سەروی هەموشیانەوە مەلا مستەفا[86]. هەر لەم ئاراستەیەدا، کاتێک کە دۆخەکە لە بەرەوڕووبوونەوەی کورد و بەغداد نزیک بوویەوە، مەلا مستەفا، بە باوەڕ بەخۆبوونەوە بە "بەرپرسانی شۆڕشی ئەوت کەو ئەو، واتە مەلا مستەفا، هەر بەو چەکەی کە ڕژێمی بەغداد شەڕی پێدەکات، شەڕ لەگەڵ ئەو ڕژێمە دەکات. ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە سازدانی کەش و هەوای شەڕ"[87]. لە ڕاستیدا، لە کاتێکدا مەلا مستەفا ئەوەی وت، کە "مەکتەبی عەسکەری" ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخەکە ئامادە کردبوو، کە زۆر بابەتی و واقیعی بوو، ڕاپۆرتەکە ئەوەندەش **خۆشبین نەبوو**، بەڵام مەلا مستەفا، لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی لیژنەی ناوەندی پارتی و بەرپرسە سەربازییەکان، ڕێگەی نەدا گفتوگۆ دەربارەی ڕاپۆرتەکە بکرێ[88]. جگە لەمەش، لە کاتێکدا مەلا مستەفا ئەمەی ئەوت، کەچی لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە، لە بەردەوامیی شەڕیشدا لە بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، ئێرانییەکان، بە تایبەتی ئەمریکییەکان **تەنها باسیان لە چەکی بەرگریکردن** کردبوو[89]، هەر وەک لە شوێنی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێدەدەین. دواتر بە کردار دەرکەوت، وەک عیسمەت شەرف ڤانلی دەڵێت، بە درێژایی ئەو ساڵەی کە تیایدا شەڕ بەردەوام بوو، ئەو چەکەی کە ئەمریکا و ئێران بە کوردیان دەدا بریتی بوو لە چەکی سووک، چەکی مامناوەندی و هەندێ چەکی دژە فڕۆکەی بەسەرچوو و تۆپخانەی کورت مەودا[90].

---

85 Yassin "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1992, sid. 141; Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 190.

86 Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 190.

87 الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٢. هەروەک چۆن چاوەڕوانییەکانی مەلا مستەفا لە رووی ئەو چەک و تفاقەی کە کورد دواتر شەڕی پێدەکات ناواقیعیانە بوو هەر ئەوهاش لە رووی سیاسی و دیپلۆماسیشەوە چاوەڕوانییەکانی ناواقیعیانە بوون، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە ئەوا "**هەموو جیهانی رۆژئاوا یارمەتی دەدات**". بڕوانە: Stephen Pelletier, *The Kurds: An Unstable Element in the Gulf,* (Boulder & London: Westview Press), 1984, p. 174.

88 الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٣.

89 لەو سەرچاوانەی کە بەردەستن تەنها لە یەکێکیان باسی بەڵێنی ئێران بە دانی چەکی پێشکەوتو، لە جۆری فڕۆکەی جەنگی و زرێپۆش بە جوڵانەوەی چەکداری، کردووە، بەڵام ئەم زانیارییانە لە هیچ سەرچاوەکانی دیکەی بەردەست پشتڕاست نەکراونەتەوە. بڕوانە: الاتحاد الدیمقراطی الکردستانی – اللجنه التاسیسیه، *الثوره الکردیه – ١١ ایلول ١٩٦١ – ١٦ اذار ١٩٧٥: مشروع البرنامج الوطنی، ؟، ؟*، اب ١٩٧٥، ص. ٣٣.

90 Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 185.

گۆڕانکاریی بنەڕەتی، لە **هاوسەنگی هێز** لە نێوان رژێمی عێراق و لایەنی کوردی، لە بەهاری ١٩٧٢ بە شێوەیەکی جیددی دەستپێکرد کاتێک لە لایەنی عێراقییەوە حکومەتی بەعس رێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری، ناسراو بە "رێکەوتنی ستراتیجی"، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت مۆرکرد. بە پێی ئەم رێکەوتنە بڕیار بوو یەکێتی سۆڤیەت چەک و تەقەمەنی و شارەزایی سەربازیی بۆ عێراق فەراهەم بکات، لە بەرمابەریشدا یەکێتی سۆڤیەت بۆی هەبوو بەندەرەکانی ئەو وڵاتە، بۆ مەبەستی سەربازیی، بەکار ببات[91]. جگە لەوەش هەر ئەم رێکەوتنە کاردانەوەی زۆری لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی عێراق هەبوو، چوونکە رێکەوتنەکە رێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی سۆڤیەت وا لە حیزبی شیوعی عێراق بکات لەگەڵ حیزبی بەعس بچێتە بەرەی نیشتمانی و حکومەتەوە[92]. بەمەش ئەو حیزبە، دواتر بە کردار، بوو بە بەشێک لە بەرەی شەڕی رژێم دژی کورد. ئەگەرچی خاڵی لێوەدەرچوونی سۆڤیەت ئەوە بوو کە رێکەوتنەکە دژی کورد نەبوو، بەڵام بە بۆچوونی ڤانلی ئەم رێکەوتنەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت وە نزیکبوونەوەی رژێمی بەعس لە حیزبی شیوعی عێراق تا تەنانەت دەگاتە ئاستی بەستنی بەرەی نیشتمانی لەگەڵیدا، دوو هەنگاوی زۆر گرنگ بوون کە وایانکرد ئیتر رژێمی عێراق لە بەهاری ١٩٧٤ سەرلەنوێ بەرامبەر بە کورد "بە متمانە بەخۆبوونەوە" بچێتە شەڕێکی دیکەوە[93]. لە راستیدا جگە لەو رۆڵە گرنگەی کە یەکێتی سۆڤیەت لەمەڕ نزیک کردنەوەی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی بەعس بینی، دوو فاکتەری تریش رۆڵیان بینی لە نزیکبوونەوەی ئەم دوو حیزبە لەیەکتر: **یەکەم**، دیدی ئایدیۆلۆجییانەی حیزبی شیوعی، کە لە کۆنگرەی دووەمی حیزبەکەدا لە ئەیلولی ١٩٧٠ گەڵاڵە بووبوو. ئەم حیزبە پێیوابوو ئیتر عێراق کەوتۆتە قۆناغی **گەشەسەندنی ناسەرمایەداری**[94]، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بڕیاری حیزبی شیوعی بۆ بەشداریکردن لە بەرەی نیشتمانیدا؛ **دووەم**، تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و حیزبی بەعس، وایکرد کە حیزبی شیوعی، بە ئاسانی، ببێ بە جێگرەوەی کورد لە کاری هاوبەش و هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی بەعسدا[95].

لە بەرامبەر ئەو رێکەوتنەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، لایەنی کوردیش، هەر لە ساڵی ١٩٧٢ەوە، توانی پشتیوانی ئێران و ئیسرائیل بەڵکو پشتیوانی ئەمریکاش بەدەست بهێنێ. ئا لێرەوە چیرۆکی رۆڵی کیسنجەر لەگەڵ کورددا دەست پێدەکات. هەڵبەتە پێویستە هەر زوو ئەوە بڵێین کە بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکا یەکلاکەرەوە و گرنگ بوو بۆ بڕیاری دواتری کورد بۆ ئەوەی، لە بەهاری ١٩٧٤، بە "باوەڕ بەخۆبوونەوە" جارێکی دیکە، لەگەڵ رژێمی بەعس، بچێتە شەڕەوە. ڤانلی پێیوایە مەلا مستەفا هاوپەیمانی لەگەڵ شای ئێران قەبوڵ کرد، کاتێک بینی عێراق سەرکەوتو بوو لە مۆرکردنی رێکەوتنی ستراتیجی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت[96]. بەڵام بە باوەڕی خۆم،

---

[91] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 183.

[92] Shahram Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf,* London: The International Institute for Strategic Studies, Adelphi Papers no. 157, 1980, p. 41.

[93] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 182-183.

[94] گەشەسەندنی ناسەرمایەداری یا بە عەرەبی (التطور اللارأسمالي).

[95] Marion Farouk-Sluglett, Peter Sluglett, ”From Gang to Elite: The Iraqi Ba`th's Consolidation of Power, 1968-1975,” in *L´Irak, Le p`trole et la Guerre,”* in *Peuples Mediterraneens,* No 40, Revue trimestrielle – Juli – Sept. 1987, pp. 102-103.

[96] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 183.

ڕێکەوتنی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت ئەکرێ تەنها گڕ و تینی زیاتری بە نزیکبوونەوەی زیاتری مەلا مستەفا و شای ئێران لە یەکتر دابێت، ئەگەر نا هەر لە سەرەتای ١٩٧٢وەوە، تەنانەت زووتریش، مەلا مستەفا، لە ڕێگای نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئێران، ئامادەکاری بۆ بەریەک کەوتنێکی دیکەی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا ئەکرد، چونکە ئەو متمانەی بەو ڕژێمە بە تەواوەتی لەدەستدابوو[97].

بەم شێوەیەش دوای ڕێکەوتنە ستراتیجییەکەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت لە ئەپریلی ١٩٧٢ لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە کاملبوونی "هاوپەیمانییە" چوارقۆڵییەکەی ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل و کورد لە سەرەتای هاوینی هەمان ساڵدا، "شەڕێکی سارد"، واتە شەڕی نێوان دوو "**هاوپەیمانی**"[98] **لەبەرامبەر یەکتردا** دەستی پێکرد. هەر زوو ڕژێمی بەعس پەنجەی تۆمەتی بۆ ئەو چوار لایەنە ڕاکێشا و بە ئاشکرا هەرسێ وڵاتی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە، دژی ئەو ڕژێمە، یارمەتی کورد دەدەن[99]. لەم چوارچێوەیەشدا، تا دەهات ئەم "شەڕی ساردە"، لە پرۆسەیەکی فرە ڕەهەنددا، بەرەو پێکدادانی گەرم و خوێناوی دەچوو[100]. بەم واتایەش، شەڕی ڕاستەقینە، واتە شەڕ بە شێوازە سەربازییەکەی، لە بەهاری ١٩٧٤ دەستیپێکرد[101]، ئەگەرچی دوو ساڵ بوو شەڕ لە شێوازی سیاسەت و دیپلۆماسیی هاوپەیمانییدا بە چڕی لەسەرپێ بوو.

لە ڕاستیدا، ئەکرا زووتریش، هەر لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، پێکدادانی سەربازی لە نێوان کورد و ڕژێمی بەغداد دەستپێبکات، ئەگەر لەو کاتەدا کورد هێرشیان بۆ سەر بیرە نەوتییەکانی کەرکوک ئەنجام بدایە. ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشەش، لە دەرەوەی بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی کوردان

---

[97] Latham, ''What was Kissinger afraid of in the Pike Report'', 1976, p. 58.

[98] دەکرێ وشەی ڕێکەوتن بۆ هەردوو حاڵەتەکە زۆر وورد نەبێت. لە کاتێکدا ڕێکەوتنی بەغداد و مۆسکۆ لە ئەپریلی ١٩٧٢ شێوازی ڕێکەوتنێکی ڕەسمی هەمەلایەن وەردەگرێ و بە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی بە ناوی "پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری"، مۆردەکرێت، بەڵام ڕێکەوتنی ئێران و ئەمریکا لەسەر سوود وەرگرتن یا تەنانەت بەکاربردنی جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان، زیاتر لە شێوازی قەبوڵکردنی ئەمریکایە لە داواکارییەکی شای ئێران بۆ "یارمەتیدانی" ئەو جوڵانەوە چەکدارییە، کە ئەم قەبوڵکردنەش لە مانگی حوزەیران لە لایەن ئیدارەی (ریچارد نیکسۆن)ەوە بە ڕەسمی بە شای ئێران ڕاگەیاندرا.

[99] Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p. 137.

[100] ناتوانین هەر وا بە ئاسانی ئەوە دەستنیشان بکەین ئایا ڕێکەوتنی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت کاردانەوە بوو بەرامبەر بە هەڵکشانی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا یان نا. لە بواری لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەردوو پرسی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە لایەک وە ململانێی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە چوارچێوەی جەنگی سارد بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەکی تر، بە چڕی تێکەڵاوی یەکتر بوون. هەر لەبەر ئەوەش ئاسان نییە باس لە سنووری دیارکراو و جیاکەرەوە بکەین لە نێوان هەموو ئاستەکانی حاڵەت و پەرەسەندنە مێژووییەکە. بە هەر حاڵ، بۆچوونێک هەیە بە ئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "هاوپەیمانییەکەی" عێراق و یەکێتی سۆڤیەت کاردانەوە بوو لە بەرامبەر هەڵکشانی پێشتگیرییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران لە چوارچێوەی مەبدەئی (یا دۆکترینی) ریچارد نیکسۆن لە یارمەتیدانی هەوپەیمانانی ئەمریکا. بە تایبەتی بڕوانە:

F. Gregory Gause, "The International Politics of the Gulf", In *International Relations of the Middle East,* Louice Fawcett, Oxford: Oxford University Press, 1st Edition, 2005, p.275.

[101] بە تایبەتی لە چوارچێوەی بۆچوونی جەنەڕاڵی پروسی، کارل ڤۆن کلاوسوڤیچ (١٧٨٠-١٨٣١)، لە کتێبە ناودارەکەیدا "دەربارەی جەنگ – von kriege"، دەڵێت جەنگ بەردەوامیی سیاسەتە بەڵام بە ئامرازی دیکەوە، دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە شەڕەکەی ١٩٧٤ لە ڕاستیدا لە **ئاستە سیاسییەکەیدا** لە بەهاری ١٩٧٢ دەستپێدەکات، کاتێک کە هەردوولا (عێراق و کورد) تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیابوون، بە هۆی بەدەستهێنانی هەردوو هاوپەیمانییەکە، کە ئیتر "ئامادەن" بچنە شەڕێکی ترەوە.

بوو، بەڵکو رێک لە خزمەتی داواکاری و خواستەکانی ئیسرائیلدا بوو، کە ئەویش کەمکردنەوەی کاریگەری و قورسایی سەربازیی عێراق لەسەر ئیسرائیل بوو. بیرۆکەی هێرشێکی ئەوها، یەکسەر دوای دەستپێکردنی جەنگی عەرەب و ئیسرائیل، لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، لە لایەن ئیسرائیلەوە، بۆ کورد، پێشنیاز کرابوو. بەڵام لە لایەکەوە شای ئێران پێیوابوو کورد بۆ ئەو جۆرە هێرشە ئامادە نییە، هەروەک، لە لایەکی تریشەوە، کیسنجەریش بە ناوی سەرۆک (نیکسۆن)ەوە، بە شێوەیەکی براوبڕ و یەکلاکەرەوە سەرکردایەتی کوردی، لە رێگای سی ئای ئەیەوە، ئاگادار کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک هێرشێکی ئەوها ئەنجام نەدەن[102]. بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا، واتە ئەوەی کورد ئەم هێرشە ئەنجام نەدەن، هۆکاری زۆر باسکراون. یەکێکیش لەو هۆکارانە ئەوەبوو کە ئیتر لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پەڕینەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە سویس بۆ دیوی ناوەوەی میسر، ئەو وڵاتە هاوسەنگی جەنگەکەی بە لای خۆیدا گۆڕی و بە مەش پێویست نەبوو کورد هێرش بکەنە سەر بیرە نەوتییەکانی کەرکوک[103]. بە تایبەتی، کیسنجەر لای خۆیەوە پێیوابوو کە هێرشێکی لەو جۆرە وا دەکات کە ئیسرائیل سەرکەوتنی **یەکلاکەرەوە** بەدەست بهێنێت و بەمەش بچێتە پێگەی **باڵادەستییەکی براوبڕ** و **یەکلاکەرەوە** لە بەرامبەر عەرەبدا، هەروەک ئەو سەرکەوتنەی کە لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ بەدەستی هێنا[104]. چونکە ئیسرائیل، **لە حاڵەتی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی گەورەی لەم شێوەیە**، ئامادە نەئەبوو گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ لایەنی عەرەبی بکات، هەر وەک چۆن دوای سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی لە جەنگی حوزیرانی ١٩٦٧ ئامادە نەبوو گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا بکات.

* * *

لێرەدا پێویستە ئەوەی کە پێشتر، دەربارەی سازدانی هاوپەیمانییەکان، وترا بە وردەکارییەکی زێترەوە روون بکەینەوە.

لە شوباتی ١٩٧٢ سەدام حوسەین، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکانی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بە ئامانجی، هەر وەک سەدام حوسەین دەڵێ، مۆرکردنی "هاوپەیمانییەکی ستراتیجی پتەو"[105]، گەیشتە مۆسکۆ. ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی، لە ٩ی ئەپریلی هەمان ساڵدا لە بەغداد، رێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەردوولا مۆرکرا، لە لایەنی سۆڤیەتییەوە سەرۆک وەزیران، ئەلێکسی کۆسیجن، رێکەوتنەکەی مۆرکرد. ئەم رێکەوتنە دەرگای ناردنی چەکی سۆڤیەتی بۆ عێراق واڵاتر کرد. لە بەرامبەریشدا، گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین کە لە کاتێکدا سۆڤیەت

---

[102] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87; William Safire, *Safire’s Washington,* New York: Times Book, 1980, p. 333.

[103] Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 61.

[104] Safire, *Safire’s Washington,* 1976, p. 61.

شایەنی ئاماژە پێدانە کە لە سیپتێمبەری ١٩٧٤یش جارێکی دیکە مەلا مستەفا پێشنیازی ئەوەی کرد کە هێزە کوردییەکان هێرش بکەنە سەر بیرە نەوتییەکان، بەڵام دیسان هەر وەک پێشوو، کیسنجەر، لە رێگای وێستگەی سی ئای ئەیەوە لە تەهران، مەلا مستەفای ئاگادار کردۆتەوە کە بە هیچ شێوەیەک نابێت کارێکی ئەوها ئەنجام بدات. هۆیەکی ئەم بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کیسنجەر پێیوابوو هێرشێکی ئەوها دەکرێ قەیرانی وزە لە جیهان قوڵتر و فراوانتر بکاتەوە. بڕوانە: Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 590.

[105] Kelidar, ”Iraq: The Search for Stability”, 1975, p. 16.

کاری بۆ بەدەستهێنانی ئەم ریککەتنە و دواتریش بەرجەستەکردنی ئەکرد، لە لایەکی ترەوە هاوتەریب بەردەوامیش بوو لە هەوڵەکانی بۆ فەراهەمکردنی ئاشتییەکی جێگیر لە نێوان رژێمی عێراق و کورد. تەنانەت مانگێک بەر لە مۆرکردنی ئەم هاوپەیمانییە یەکێتی سۆڤیەت هەوڵێکی زۆری لەگەڵ عێراق دا بۆ ئەوەی کورد، لە حاڵەتی مۆرکردنی ئەو هاوپەیمانییە، دوور نەکەونەوە لە حکومەتی ناوەندی لە بەغداد. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک کە لە چوار دیپلۆماتکار پێکهاتبوون چوونە لای مەلا مستەفا بۆ رازیکردنی، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغداد لە ئاستێکی باشدا بپارێزێت، بەڵام ئەم هەوڵەی سۆڤیەتییەکان سەرکەوتوو نەبوو[106]. دوای رێکەوتنەکەش، تەنانەت چەند هەفتەیەکیش بەر لە دەستپێکردنەوەی شەر لە بەهاری ١٩٧٤، یەکێتی سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی، بە هیوای ئەوەی **رێگری لە دەستپێکردنەوەی شەڕ** لە نێوان کورد و رژێمی بەغداد بکات. تەنانەت لە دوا خولەکەکانی ئەو کاتەی بەدەستەوە مابوو، بۆ دانی هەر هەوڵێک بۆ رێگریکردن لە دەستپێکردنەوەی شەڕ، یەکێتی سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ رازیکردنی لایەنی کوردی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغداد رێک بکەوێ. لە راستیدا، تەنانەت ئەو ماوەی چوار ساڵەشی کە، بۆ ئاشتی لە نێوان کورد و رژێمی عێراق دیاریکرابوو، کۆتایی هاتبوو و عێراقیش یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاندبوو، بەڵام دیسان لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٤ وەزیری بەرگری یەکێتی سۆڤیەت، ئەندریێ گریچکۆ، هاتە عێراق بۆ ئەوەی دوا هەوڵ بدات بە ئومێدی ئەوەی رێگری لە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و عێراق بکات و هەردوو لا بگەن بە رێکەوتن.

ئەم هەوڵانەی یەکێتی سۆڤیەت راستەوخۆ پەیوەندییان بە سیاسەتی ئەو وڵاتەوە، بەرامبەر بە عێراق و مەسەلەی کوردەوە، هەبوو. بەڵام لێرەدا پێویستە تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ ئەم رۆڵ و هەوڵانەی یەکێتی سۆڤیەت بکەین؛ تێگەیشتنێک کە سنوورەکانی مەسەلەی کورد و عێراق تێدەپەڕێنێ: هەر وەک فرێد هالیدەی دەڵێت، سیاسەتی سۆڤیەت لە جیهانی سێهەم بەردەوام هەوڵدان بوو بۆ رێگری لە تەشەنەبوونی ململانێکان بۆ ئاستی پێکدادانی چەکداری، ئامانجیش لەم سیاسەتە رێگری بوو لە دەست تێکەڵاوکردنی ئەمریکا لە ململانێکان. هالیدەی پێیوایە هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ رێگری لە تەشەنە سەندنی ململانێی عێراق و کورد، رێک دەخزێتە ئەم جۆرە لە ستراتیج و بیرکردنەوەیە[107]. جگە لەوەش، سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی جیهانی سێهەم، تا رادەیەکی زۆر، رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە بوو لە شێوازی چارەسەری کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، واتە بە دانی ئۆتۆنۆمی پێیان. رێک لەم چوارچێوەیەدا، هەر وەک هالیدەی جەختی لێدەکاتەوە، یەکێتی سۆڤیەت، بە تایبەتی لە ١٩٧٢-١٩٧٥، پشتگیری ئەکرد لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی بۆ پرسی کورد لە عێراق[108]. لەگەڵ

---

[106] لە هارۆڵد سەندێرز، لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ جێگری یارمەتیدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، ژەنەراڵ هەیگ. هاوپێچی دووەم. لە: رەحمانی، *شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢٧٤-٢٧٥.

[107] Fred Halliday, *Soviet Policy in the Arc of Crisis*, Amsterdam: Institue for Policy Studies, 1981, pp. 41-42.

[108] Halliday, *Soviet Policy in the Arc of Crisis*, 1981, p. 114.

ئەوەشدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە سیاسەتی سۆڤیەت لەو ساڵانەدا، لە باشترین حاڵەتدا، لە ناکۆکییەکدا دەژیا بە واتای ناکۆکی لە نێوان ئەو رەگەزانەی کە ئەو سیاسەتەییان پێک ئەهێنا: لە لایەکەوە پشتیوانیکردن لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، کەچی لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانی لەگەڵ وە پشتیوانی لە رژێمێک کە رۆژ دوای رۆژ پاشگەز ئەبوویەوە لە چارەسەری ئۆتۆنۆمی و هەموو تواناکانیشی ئەخستە گەڕ بۆ روبەروبوونەوەیەکی دیکەی سەربازی لەگەڵ کورد. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بە ئاسانی بڵێین کە سەرنەکەوتنی هەوڵەکان لەوانەش هی یەکێتی سۆڤیەت بۆ رێگریکردن لە شەڕێکی دیکە لە نێوان کورد و رژێمی عێراق تەنها بەوە لێکی بدەینەوە کە ئەوە تەنها پاشگەزبوونەوەی رژێمە کە رێگا بۆ شەڕێکی تر خۆش ئەکات. لەم چوارچێوەیەشدا، پێویستە، لە پرۆسەی ئەو بارگرژییە بەردەوامەی کە پەیوەندی کورد و عێراق بەخۆیەوە بینی، جەخت لەسەر پێشوەچوونەکان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی جوڵانەوەی چەکداریش، بکرێتەوە. بە واتای ئەوەی ئەم پەیوەندییانە رۆڵی گرنگییان، لە زێدەبوونی مەودا لە نێوان کورد و رژێمی بەغداد و پەرەسەندنی بارگرژییەکان لە نێوانیاندا، بینی. بە تایبەتی داواکاری ئێران و ئەمریکا لە مەلا مستەفا، بۆ ئەوەی لەگەڵ رژێمی عێراق رێک نەکەوێت، رۆڵێکی گرنگی بینی لەوەی کە دواجار مەلا مستەفا رەدی بکاتەوە رێکەوتنی هەمیشەیی لەگەڵ ئەو رژێمەدا بکات[109]، ئەگەرچی لە "رواڵەتدا" هۆکاری نەگەیشتن بە رێکەوتن لەگەڵ بەغداد رازینەبوونی لایەنی کوردی بوو بە پرۆژە ئۆتۆنۆمییەکەی رژێمی بەغداد.

* * *

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا، رێکەوتنی ستراتیجی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، رووداوێکی گرنگ بوو، هەروەها زۆر لێکەوتەی گەوهەریشی هەبوو. رێکەوتنەکە وایکرد کە سێ وڵات، واتە ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل، بە شێوەیەکی جیددی لە هێز و تواناکانی عێراق و پەرەسەندنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی یەکێتی سۆڤیەت، لە رێگای زێدەبوونی هەژمونی ئەو زلهێزە لە ناوچەکەدا، نیگەران ببن[110]. دەرەنجام، دۆخەکە سەریدا لەوەی ئەو سێ وڵاتە بە یەکەوە، بە ئاراستەی کاردانەوە بەرامبەر بە نزیکبوونەوەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، بە تایبەتیتریش بەرامبەر بە عێراق، بجوڵێن. ئاشکراشە کە لەم کاردانەوەیەدا کوردی عێراق دەکەونە چەقی گرنگی پێدان، وەک بژاردەی ستراتیجی سێ وڵات، واتە ئیسرائیل، ئێران و ئەمریکا. وەک کیسنجەر دەڵێت، هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق وایکرد ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق **بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە**، چونکە رەهەندێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە پرچەککردنی عێراق بوو، کە ئەمەش ئالنگاری جیۆپۆلیتیکی بۆ ئەمریکا لێ ئەکەوتەوە[111]. لە راستیدا هاوپەیمانی عێراق و سۆڤیەت خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە بوو لە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بەرمەبەر بە

[109] William Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* Översättning: Johnny Lindholm, (?: Lindholm Placebo Press, 1998, s. 317.
[110] James Bill, *The Eagle and the Lion: The Tragedy of American-Iranian Relations,* New haven and London: Yale University Press, 1988, p. 205.
[111] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 581.

کورد، بە واتای ئەوەی ئەم سیاسەتە دوای ماوەیەکی زۆر کەم لە هاوپەیمانی سۆڤیەت و عێراق چووە **قۆناغێکی تەواو جیاواز و نوێوە**. بەڵام بەر لە "کامڵبوونی" بڕیاری ئیدارەی نیکسۆن لە بابەتی شێوازی کاردانەوە بەرامبەر بە عێراق، دۆخەکە پێویستی بە هەندێک ڕووداو و پێدراوی تر هەبوو بۆ ئەوەی ئەمریکا بە تەواوەتی لە پرسی پشتیوانیکردنی کورد خۆی یەکلا بکاتەوە[112].
جگە لەوەش، بە تایبەتی ئێران بەرامبەر بە هاوپەیمانییەکەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت زۆر نیگەران بوو، لە ڕاستیدا تەنانەت زیاتریش لە ئەمریکا و ئیسرائیل، چونکە شای ئێران ڕێکەوتنی عێراق و یەکێتی سۆڤیەتی وەک **هەوپەیمانییەکی سەربازیی** دەبینی. دەشکرێ مرۆڤ بە ئاسانی لە نیگەرانییەکانی ئێران بگات کاتێک لە ڕووی جیوپۆلیتیکییەوە ئێران سنووری هاوبەشی لەگەڵ هەردوو لایەنی هاوپەیمانییەکە هەیە و تەنانەت ئەکرێ بڵێین ئێران دەکەوێتە نێوان "دوو بەرداشێ" هاوپەیمانییەکەوە. جگە لەوەش خەونی کۆنی ڕوسیای قەیسەری و دواتریش یەکێتی سۆڤیەت بۆ گەیشتن بە "ئاوە گەرمەکان"، کە کەنداویش یەکێکە لەو ئاوانە، بەردەوام لە حسێبە جیۆپۆلیتیکییەکانی ئێراندا حزووریان هەبوو.

لە ٣٠ و ٣١ی ئایاری ١٩٧٢، لە ڕێگای گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ، نیکسۆن و کیسینجەر سەردانێکی مێژووییان بۆ تەهران ئەنجامدا[113]. لە ماوەی سەردانەکەدا نیکسۆن دوو شتی گرنگی بۆ شای ئێران جەخت کردەوە: **یەکەمیان**، ئێران و سعودییە جووت کۆڵەگە (twin pillars)ی ئاسایشی هەرێمیی پێک ئەهێنن؛ **دووەمیان**، ئێران بۆی هەیە پێشکەوتوترین چەکی "نا ئەتۆمی" لە ئەمریکا داوا بکات[114]، یەکێک لەم چەکانەش (F-14) بوو، کە ئەو کاتە پێشکەوتووترین و پڕ بەهاترین فرۆکەی جەنگیی بوو لە جیهان، نرخەکەی ١٧ ملیۆن دۆلار بوو[115]. لە ڕاستیدا ئەم

---

[112] سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە هەرنەبێ دوو جار پێش بەستنی هاوپەیمانی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت کورد بە ڕەسمی لە ئابی ١٩٧١ و ئاداری ١٩٧٢ داوای یارمەتییان لە ئەمریکا کردبوو، بەڵام ئەو داواکارییە بە تەواوەتی ڕەد کرابوویەوە. بڕوانە، بۆ نموونە: Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p.140.

[113] بۆ وردەکاری ئەم سەردانە بۆ ئێران بڕوانە: Kissinger, *The White House Years,* 1979, pp. 1258-1265.

[114] لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی کردەییەوە بەدەستهێنانی پێشکەوتوترین چەکی ئەمریکی لە لایەن ئێرانەوە، لە ڕووی ڕازیبوونی ئەو دامەزراوانەی کە پێویستە قسەیان هەبێ و لەو بارەیەوە ڕازی بن، شتێکی بێ کێشە نەبوو. بڕوانە:
Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1264; Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 200; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58; Isaacson, *Kissinger,* 1992, p. 562-563.
ئەم بنەمای **جوت ئەستوونییە** لە ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ناوچەی کەنداو، بە هۆی دوو ڕووداو و پێشوەچوونەوە، گرنگی زۆر زیاتری پەیاکرد: **یەکەمیان**، بە هۆی هەر دوو ڕووداوی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی نێوان ئیسرائیل و ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبی؛ **دووەمیان**، پەرەسەندنەکان لە دۆسیەی نەوت، کە دوای ئەو جەنگە نرخەکەی زۆر چوویە سەرەوە. بەمەش گرنگی ستراتیجی ئەم کاڵایە و لەگەڵیشیدا وڵاتانی کەنداو، بە تایبەتی ئێران و سعودییە، گرنگیی زیاتریان پەیا کرد. بڕوانە:
Gause, "The International Politics of the Gulf", 2005, p.275.

[115] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 201; Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 58.
جەیمس بیڵ دەڵێ لە نێوان ١٩٧٢ و ١٩٧٨ بەدەستخستنی چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی لە لایەن ئێرانەوە هەموو پێوانەیەکی تێپەڕاند، تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا. تەنها لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٧ بودجەی بەدەستخستنی چەکی ئەمریکی لە لایەن ئێرانەوە گەیشتە زیاتر لە ١٦ ملیار دۆلار. ئەم بودجەیە لە ١٩٧٢ تەنها کەمێک زیاتر بوو لە یەک ملیار دۆلار بەڵام لە ١٩٧٧ ئەو بودجەیە گەیشتە نزیکەی دە ملیار دۆلار. هەڵبەتە دیوی تری چیرۆکەکە ئەوەیە کە نرخی نەوت لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەر چوار ئەوەندە، یا چوار قات، بەرز بوویەوە، بە شێوەیەک کە لە پایزی ١٩٧٣ داهاتی نەوت لە ٤ ملیارەوە بۆ ٢٠ ملیار بەرز

www.burhanyassin.com

هەموو دەست کراوەییەی نیکسۆن و کیسنجەر، لەمەڕ فرۆشتنی نوێترین چەک بە ئێران، ڕەزامەندی هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا (پنتاگۆن)ی لەسەر نەبوو، بەڵام دواجار بڕیارەکەی سەرۆک و کیسنجەر، بە کردەیی، سەرکەوت[116]. لە ڕووی سیاسی و ستراتیجییەوە، بە تایبەتی لە دیدی کیسنجەرەوە، بۆچوونی ئێران و ئەمریکا لەمەڕ مەسەلە جیهانییەکانەوە زۆر لەیەک نزیکبوون، تەنانەت بەردەوام **بۆچوونی هەردوولا یەکتریان جێگیرتر و بەهێزتر ئەکرد.** هەروەها کیسنجەر پێیوابوو ئێران هاوپەیمانێکی ئەوەندە گونجاوە، کە ئەکرێ وەک "هاوپەیمانێکی بێمەرج"، لەقەڵەم بدرێ، وەک ئاماژەیەک بە ڕادەی بێسنووریی گوێڕایەڵیی ئێران لەمەڕ داخوازی و داواکارییەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە. لە بەرامبەریشدا، بە هەمان لۆجیک، ئەمریکا "هاوپەیمانێکی بێ مەرج" بوو بۆ ئێران[117]، واتە یەکانگیربوونی جیهانبینی جیۆ-سیاسی و هەڵوێستی هەردوولا لە ئاستێکی زۆر باڵادا بوو، بە تایبەتی لە بابەتی فەراهەمکردنی ئاسایش لە ناوچەی کەنداودا[118]. وەک ئارۆن لاثام دەڵێ، ئیدارەی کۆشکی سپی بە ئاسانی نەیئەتوانی **بە شای ئێران بڵێ نا**[119]، بەڵام لەبەرامبەردا هەمان ئیدارە ئەیتوانی بە زۆرێک لە سەرکردەکانی دەوڵەتانی دیکە بڵێت نا. ڕێک لە دۆخێکی ئەوهادا، دۆخێک کە بۆ ئێران زۆر گونجاو و لەبار بوو، شای ئێران بە پەرۆشی و جەخت کردنەوەیەکی زۆر داوای لە نیکسۆن و کیسنجەر کرد کە ئەمریکا شان بە شانی ئێران، بە ئامانجی سنووردارکردنی دەرفەتەکانی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، یارمەتی جوڵانەوەی چەکداری کوردانی عێراق بدات. لەم کاتەدا نیکسۆن وەڵامێکی بڕاوبڕی بۆ شای ئێران پێنەبوو، بەڵام **هێمای** ئەوەی دا کە **ئەکرێ** هاوکاری کورد بکرێ[120]. لە لایەکی ترەوە، ئەوە یەکەم جار نەبوو کە داوا لە نیکسۆن بکرێ یارمەتی کورد بدات، بەڵکو پێشتر شای ئێران لە نۆڤێمبەری ١٩٧١ و لە ئاداری ١٩٧٢ هەمان داوای لە نیکسۆن کردبوو. تەنانەت حوسەین شای ئوردونیش هەر لە ئاداری ١٩٧٢ داخوازییەکی مەلا مستەفای لەهەمان ئاراستەدا بە نیکسۆن گەیاندبوو[121]. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە ساڵی ١٩٧١ەوە تا ئاداری ١٩٧٢، سی ئای ئەی لە هەردوو ئاستی وێستگەی دەزگاکە لە تەهران[122] و لە ناوەندی دامەزراوەکە لە واشنتن، بەردەوام بە هۆکاری جیا جیا، دژایەتی یارمەتیدانی جوڵانەوەی چەکداری کوردیان ئەکرد[123]. بە هەر حاڵ، دواى

---

بوویەوە، بەمەش ئێران دەرفەتی هەبوو بە دەست کراوەیی بودجە بۆ مەبەستە سەربازییەکان تەرخان بکات. بڕوانە: Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 202.

[116] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 201.

[117] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 203-204.

[118] Kelly, *Arabia,* 1980, p. 304.

[119] Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 58.

[120] Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1264; Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 58.

[121] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 581; Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 144.

[122] جگە لە وێستگەی سی ئای ئەی لە تەهران، ئەمریکییەکان تیمێکی سەربازیشیان لە ئورمیە هەبوو کە شارەزای بواری سەربازی بوون و بەردەوام لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری و سەردانی ناوچەی بارەگای سەرەکی سەرکردایەتییان دەکرد و ڕاوێژی سەربازییان، بە لایەنی کورد دەربارەی چۆنییەتی ئیدارەدانی جەنگ، دەدا. بڕوانە: Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 63.

[123] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.

کۆتاییهاتنی سەردانی نیکسۆن و کیسنجەر بۆ ئێران، یەکسەر لە بەرواری ١ی حوزەیران، عێراق **بە یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت** خۆماڵیکردنی نەوتی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC)ی ڕاگەیاند، کە ئەمەش ئەمریکا و هەندێ وڵاتی دیکەی ڕۆژئاوایی، بە تایبەتی بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندای، زۆر بێزار کرد. بە تایبەتی ئەمریکا نیگەرانییەکەی گەیشتە ڕادەی بیرکردنەوە لە کاردانەوە، چونکە ٢٣،٧٥ لە سەدی پشکەکانی کۆمپانیا خۆماڵیکراوەکە هی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان بوون[124]. جگە لەوەش ئەم خۆماڵیکردنە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی عێراق و سۆڤیەت زیاتر لەیەکتر نزیک ببنەوە و ڕێکەوتنێکی بازرگانی و ئابووریش مۆر بکەن[125]. دەرەنجام ئەم ڕێکەوتنە بازرگانییەش بوو بە فاکتەرێکی تری نیگەرانیی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق. جگە لەوەش، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، هەنگاوی خۆماڵیکردن بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت بوو، کە ئەم پشتگیرییەش شێوەی جیا جیای وەرگرت[126]، ئەمەش بۆ خۆی ڕەهەندێکی دیکەی بێزارکردنی ئەمریکییەکان بوو. دواتر لە مانگی تەموزی هەمان ساڵ لەژێر کاریگەری ژمارەیەک پێدراو بە یەکەوە، ئیدارەی نیکسۆن پشتیوانی خۆی بۆ جوڵانەوەی چەکداری باشوری کوردستان بە شێوەیەکی بڕاوبڕ یەکلا کردەوە: **یەکەم**، ڕێکەوتنەکەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت؛ **دووەم**، داواکارییەکەی شای ئێران لە نیکسۆن بۆ یارمەتیدانی کورد؛ **سێهەم**، بڕیاری حکومەتی عێراق لە خۆماڵیکردنی نەوت لە عێراق لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢[127]. جگە لەوەش، لە کاتی سەردانێکی شای ئێران بۆ واشنتن لە تەموزی ١٩٧٣، لە نێوان شای ئێران و نیکسۆن جەخت لە هەندێک پرس کرایەوە: **یەکەم**، یەکێتی سۆڤیەت فشارەکانی لەسەر مەلا مستەفا زێدەتر کردووە بۆ ئەوەی کورد، لەگەڵ حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی، بەشداری لە بەرەی نیشتمانیدا بکات؛ **دووەم**، شای ئێران ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو باوەڕی بە مەلا مستەفا هێناوە کە کورد نەچێتە ناو ئەو بەرەیەوە[128]. کیسنجەر دەربارەی گفتوگۆکان لەم دیدارەی نیکسۆن و شای ئێران و ئەو ئەنجامانەی هەردوو لا پێیگەیشتن دەڵێ: **یەکەم**، نابێ بواری ئەوە بدرێت عێراق سەرکەوتووبێت لە ئەنجامدانی **هاوپەیمانیی سێ لایەنی** لە نێوان حیزبی بەعس، شیوعیەکان و کورد، چونکە ئەگەر ئەمە ڕوویدات عێراق دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی "**شیوعیەکان**"؛ **دووەم**، بەبێ یارمەتی ئەمریکا ڕاپەڕینی کوردان ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. گرنگییەکەی ئەو یارمەتییەی ئەمریکاش لەوەدایە کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی **گۆڕانکاری لە ئاراستەی سیاسی ڕژێمی عێراق**، بۆ ئەوەی دواجار ئەو وڵاتە حسێب بۆ نیگەرانییەکانی دراوسێکانی، بە تایبەتی ئێران و ئەردەن، بکات[129]. بە هەر حاڵ، کاتێک ئیدارەی نیکسۆن یەکلا بوویەوە کە یارمەتی جوڵانەوەی چەکداری کورد بدات، ئیتر چیتر پرسیار ئەوە نەبوو ئایا سی ئای ئەی پێی باش بوو ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانەکە **ئەنجام بدرێت یان نا**، بەڵکو

124 Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* 1998, s. 317.
125 Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* 1998, s. 317.
126 Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf,* 1980, p. 7.
127 Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 63.
128 Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 155.
129 Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 582.

پرسیار ئەوەبوو ئایا، لە رووی کردارییەوە، ئۆپەراسیۆنەکە **چۆن جێبەجێ بکرێت**[130]: واتە یارمەتیدانی کوردان بڕیاری نیکسۆن و کیسنجەرە و **پێویستە جێبەجێبکرێت**.

ئەگەر چی، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ، لەو کاتەدا لە ئاستی ستراتیجییەوە، لە چوارچێوەی **هێوربوونەوەدا**، ماوەیەکی زۆر کەم بەسەر لەیەکتر نزیکبوونەوەی سۆڤێت و ئەمریکا تێپەڕیبوو، بەڵام نیکسۆن بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی باشترین بژاردە ستراتیجییەکانی ئەمریکا لە ئاستی ململانێ نێونەتەوەییەکاندا[131]، هەڵبەتە یەکێک لەو بژاردانەش پشتیوانیکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد بوو. بە واتایەکی دیکە، ئیدارەی نیکسۆن دژایەتییەکی نەئەبینی لە نێوان ئاراستەی نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت و هێوربوونەوە لە بارگرژییەکانی جەنگی سارد لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە یارمەتیدانی جوڵانەوەیەکی چەکداری لە نزیک سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت، تەنانەت دژ بە هاوپەیمانێکی سۆڤیەت، واتە دژ بە عێراق.

* * *

دەربارەی سروشتی پشتیوانییەکەی ئەمریکا بۆ بزاڤی چەکداری کورد، زۆر گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە ئەم پشتیوانییە تەنها لە ئۆپەراسیۆنێکی نهێنیدا (covert operation)دا[132] جێبەجێ ئەکرا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو سروشتی ئەو هاوکارییەی ئەمریکا بۆ کورد، هەر وەک کیسینجەر دەڵێ، تەنها "ئۆپەراسیۆنێکی **هەواڵگریی** نهێنی – covert intelligence operation"[133] بوو، کەواتە چالاکییەکی هەواڵگرییە و بەشێک نەبوو لە بواری سیاسەتی رەسمی دەرەوەی ئەمریکا. لە راستیدا هەر لە سەرەتاوە ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییە کێشەی تیا بوو، چوونکە ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە بە پێی هەندێک یاسا و رێکار رێکخرابوون. بەڵام زۆرێک لەو یاسا و رێکارانە، لە حاڵەتی یارمەتیدانی

---

[130] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.

[131] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 579.

[132] **ئۆپەراسیۆنە نەهێنییەکان** لە ئەمریکا سێ جۆریان هەبووە، وە لە چوارچێوەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە سی ئای ئەی لە وڵاتانی تر دەستی لە سێ جۆر گۆڕانکاری و پرۆسەدا تێکەڵاو کردووە: **یەکەم**، پشتگیری نهێنی لە میدیا؛ **دووەم**، دەست خستنە ناو پرۆسەی هەڵژاردنەوە؛ **سێهەم**، پشتگیری راپەڕینی چەکداریی یا چالاکییە چەکدارییەکان. هەڵبەتە گرنگە ئەوەش بڵێین کە سی ئای ئەی هەر لە قۆناغی پلاندانان تا جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان، لە رێگای راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، پەیوەندی بە کۆشکی سپیەوە هەبووە، وە لەو رێگەیەشەوە چالاکییەکە دەگاتە سەرۆک، کە بەرزترین وە بەهێزترین پێگەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکاردا. دەبێ لێرەدا ئەوە جەخت بکەینەوە، هەر وەک لە راپۆرتی پایکیشدا دەردەکەوێ، ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەردەوام جێگەی رەخنە بوونە لەلایەن کۆمەڵگەی سیاسی، ئەکادیمی، میدیایی و دیپلۆماسییەوە. تەنانەت هەندێک جار **گومان** و **نیشانەی پرسیاریش** خراوەتە سەر یاساییبوونی ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە، بە تایبەتیش پرسی ئەوەی **ئایا ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە یەکانگیربوونە لەگەڵ بەها و پرۆسە دیمۆکراتییەکان یان نا**. بڕوانە: Haines, ”Looking for a ruge Elephant”, 1998-1999, pdf.

[133] Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1265.

بە هەر حاڵ، کیسنجەر، دواتر لە بەشی سێهەمی یادەوەرییەکانیدا، دوو پاساو بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە نهێنییە دەهێنێتەوە و دەڵێ: **یەکەم**، لەبەر ئەوەی کورد دژی وڵاتێکی خاوەن سەروەریی شەڕی دەکرد، ئێمە کەناڵی دیپلۆماسی "**ئاشکرامان**" بەدەستەوە نەبوو بۆ گەیاندنی یارمەتی بە کورد؛ **دووەم**، بەر لەوەی ئەمریکا بڕیار لەسەر یارمەتیدانی کورد بدات، چەند وڵاتێکی دۆستی ئەمریکا زووتر دەستیان کردبوو بە یارمەتیدانی نهێنیی کورد کەواتە بۆ ئەمریکاش ئاسانتر بوو هەمان شێوازی یارمەتیدانی کوردان، واتە **شێوازی نهێنی**، بگرێتە بەر. بڕوانە: Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 583.

جوڵانەوەی چەکداری کورد، پەیڕەو نەکران، یان لە باشترین حاڵەتدا گومان لە ڕاست و دروستی پەیڕەوکردنیان هەبووە. گرنگترینی ئەو ڕێکارانە ئەوە بوو کە لیژنەیەک بەناوی "کۆمیتەی چل" (Forty Committee)، کە ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە سەرپەرشتی دەکات، دەبێ هەموو ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان پەسند بکات، بەڵام لە حاڵەتی کوردیدا ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە لە پرۆسەیەکی **ناڕووندا** پەسند کرابوو. بە تایبەتی، سەرۆکی کۆمیتەکە ڕۆڵی لە تێپەڕاندنێکی "ناڕوون و گوماناوی" ئۆپەراسیۆنەکە و بەدەستهێنانی پەسندکردنی ئەندامانی کۆمیتەکەدا بینیبوو. تەنانەت بەر لەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بە شێوەیەکی "گوماناوی" پەسندیش بکرێت، جۆن کۆنۆللی، وەزیری گەنجینەی پێشووی ئیدارەی نیکسۆن، وەک "نوێنەری" نیکسۆن پەیامی قەبوڵکردنی "ئۆپەراسیۆنی نهێنی" بۆ پشتیوانیکردنی جوڵانەوەی چەکداری کوردانی گەیاندبووە شای ئێران[134]. هەر لە سەرەتاشدا، لە چوارچێوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییەدا، ئەمریکا بە گوژمەی ١٦ ملیۆن دۆلار یارمەتی جوڵانەوەی چەکداری کوردی دابوو[135]. لە لایەکی ترەوە، بە پێی هەندێک سەرچاوە، لە بنەڕەتدا نە ئەم (کۆمیتەی چل)ە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی ئیدارەی نیکسۆنی بۆ یارمەتی کورد پەسند کردبوو وە نە سەفیری ئەمریکاش لە تەهران ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو[136]. جگە لەوەش جێگای ئاماژە و گرنگییدانە کە لە کاتی بڕیاری ئیدارەی نیکسۆن لەسەر ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییە، هاوتەریب ئەم ئیدارەیە، لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە خەریکی ناردنی دیپلۆماتکارەکانی بوو بۆ عێراق، بۆ کردنەوەی "بەشی بەرژەوەندییەکانی" ئەمریکا لە بەغداد. بەم واتایەش لە ساڵی ١٩٧٢وەوە تا ١٩٧٥ لە **دوو هێڵی هاوتەرب، بە ڕواڵەت دژ بە یەک** بەڵام دواجار لە چوارچێوە هەرە گشتییەکەیدا **یەکانگیر**، ئیدارەی نیکسۆن دیپلۆماسی "دوو هێڵی هاوتەریبی" بەرامبەر بە عێراق و کورد پەیڕەو کرد. لە کاتێکدا نیکسۆن خەریک بوو ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانی کورد سەرپێ بخات، لەولاشەوە، لە هەمان کاتدا، وەزارەتی دەرەوە ئارثەر لاوری دەنارد بۆ عێراق بۆ کردنەوەی بەشی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغداد. لاوری، هەر یەکسەر دوای دەست بەکاربوونی، دەستیکرد بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا و بانکە ئەمریکییەکان، وە تەنانەت دیپلۆماتکارانی هەندێک لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی بتوانێ **گونجاوترین گۆشەنیگا** بدۆزێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق[137].

---

[134] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87; Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 148.

[135] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 205.

لە ڕاستیدا ١٦ ملیۆن دۆلار پارەیەکی زۆر نەبوو وە شای ئێران بە ئاسانی دەیتوانی ئەو بڕە پارەیە بدات بە کورد، بەڵام کێشەکە زیاتر لەوەدا بوو کە سەرکردە کورد، زۆر بە تایبەتی مەلا مستەفا، لایەنی مەعنەوی ئەو یارمەتییەی ئەمریکای لەلا گرنگ بوو. واتە ئەو یارمەتییە، لە لایەن کورد خۆیەوە، زیاتر وەک جۆرە زەمانەتێک دەبینرا. بڕوانە، بۆ نموونە:

Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 184.

[136] Isaacson, *Kissinger,* 1992, p. 564.

دەرفەتی ئاگاداربوونی سەفیری ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنەکە هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هات کاتێک لە ئەپریلی ١٩٧٣ ریچارد هێلمز، سەرۆکی پێشوی سی ئای ئەی، بوو بە سەفیری ئەمریکا لە تەهران. ئەم مەسەلەیە لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا زیاتر روون دەکرێتەوە.

[137] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 144.

حاڵەتی نهێنیبوون و **ناڕوونی** و بوونی "**پەناوپێچ**" لە ئۆپەراسیۆنی یارمەتییەکان بۆ کورد، بەردەوام **سنووری** بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دائەنا، تەنانەت **هەڕەشەش** بوو لەسەری[138]. بە پێی راپۆرتی پایک، بە شێوەیەکی گشتی، نەک هەر لە حاڵەتی کوردیدا، کێشەی جیددی لە سەروبەری راستی و دروستی تەواوی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکاندا هەبوو. هەر لە سەرەتاوە، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، بە دیاریکراوی هەر لە ساڵی ١٩٤٧، کاتێک بە پێی "یاسای ئاسایشی نیشتمانی"، رێگە بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە "ئۆپەراسیۆنە نهێنییانە" درا، بوارێک هەبوو بۆ ئەوەی زۆرێک لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان لە "لێڵ"ی و ناروونیدا جێبەجێبکرێن[139].

پێویستە لێرەدا پرسیار بکەین، ئایا ئەمریکا بۆچی، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنیدا، بڕیاری لەسەر یارمەتیدانی کورد دا و ئامانجیشی لەو یارمەتیدانە چی بوو، گۆڕینی رژێمەکە بوو یا تەنها گۆڕینی ئاراستەی سیاسی رژێمەکە؟ دیارە، لەم بارەیەوە، جگە لەوەی کە پێشتر باسکرا، ئەوە پشتڕاست بۆتەوە کە هۆی سەرەکی رازیبوونی ئەمریکا بە یارمەتیدانی جوڵانەوەی چەکداری کورد وەک "**چاکەیەکی**" ئیدارەی نیکسۆن بوو بەرامبەر بە شای ئێران[140]. بەڵام ئەمریکا لە پرۆگرامی یارمەتییەکەیدا بێ مەبست و ئامانج نەبوو. هەروەک جەیمس بیڵ جەخت دەکاتەوە، ئامانج لە یارمەتیدانی ئەو جوڵانەوەیە ئەوە بوو کە عێراق، دوای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، "**سەرقاڵ**" بکرێت وە ئەو وڵاتە لە حاڵەتی **بەرگریدا بهێڵرێتەوە**، واتە توانای **هێرشبردنی** نەبێت[141]. جگە لەوەش، مەبەست ئەوە بوو کە: أ- تواناکانی کورد لە عێراق تا ئەو رادەیە بەهێزبکرێن کە ئەوان بتوانن داننانی عێراق بە مافەکانیان مسۆگەر بکەن؛ ب- بەردەوام حکومەتی عێراق سەرقاڵ بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا عێراق دابەشنەکرێ، چونکە ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی، جیابووەوە لە عێراق، لە رۆشنایی دیدی کیسنجەرەوە، ناتوانێ لە رووی ئابووریەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ[142]. بە هەر حاڵ، ئامانجە بنچینەییەکە سنووردار بوو بەوەی کە لە داهاتوودا **ئاراستەی سیاسیی رژێمی فەرمانڕەوا لە عێراق بگۆڕێت**، چونکە عێراق لە زۆر رووەوە قورسایی و کاریگەرییەکی جیۆپۆلیتیکی و ستراتیجی تایبەتی هەبوو. ئەم وڵاتە، دوای سعودییە، دووهەم بوو لە یەدەکی نەوت، هەروەها لە رووی راگرتنی هاوسەنگی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداو، زۆر گرنگ بوو. جگە لەوەش بوونی ١٥ هەزار ئەفسەر و سەربازی سۆڤیەتی لە میسر ئەو ئەگەرەی، وەک مەترسیی، بەهێز کردبوو کە ئیتر، لە حاڵەتی بەردەوامیی هاوپەیمانی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ناوچەکە بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر رکێفی یەکێتی سۆڤیەت[143]. کەواتە، لەبەر ئەم هۆیانە، گۆڕینی ئاراستەی سیاسیی رژێمی عێراق، بە واتای دوورخستنەوەی ئەو وڵاتە لە هەژموون و کاریگەرییەکانی ستراتیجی

[138] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 71.
[139] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 83, 84.
[140] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85.
[141] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 205.
[142] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 589.
[143] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 579-580.

سۆڤیەت لە ناوچەکەدا و نزیک کردنەوەی ئەو وڵاتە لە جیهانی ڕۆژئاوا، مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ بوو[144]. بە هەر حاڵ، دواتر، وە بە تایبەتی دوای جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ هەبوونی یەکێتی سۆڤیەتیش لە میسر، لە چوارچێوەی دوو پرۆسەدا، بە خێرایی کەم کرایەوە: **یەکەم**، ئاراستە گشتگیرەکەی **کرانەوە** (ئینفیتاح)ی ئەنوەر ئەلسادات، بە تایبەتی کرانەوە بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا، بەمەش دورکەوتنەوە لە یەکێتی سۆڤیەت؛ **دووەم**، پرۆسەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیل، کە دواجار ئەم پرۆسەیە بۆ ئەنوەر ئەلسادات تاکتیکێکی کاتی نەبوو، بەڵکو ستراتیج بوو، بەمەش میسر لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە، وەک پێشو، پێویستیی بە یەکێتی سۆڤیەت نەئەما. بە واتایەکی تر، هەر لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەر ئاراستە نوێیە ستراتیجییەکانی میسر دەرکەوتن، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە ڕوودانی هەندێک گۆڕانکاری لە دیدی ئەمریکا ڕوو بە ناوچەکە و عێراق.

هاوتەریب لەگەڵ شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەغداد لە ١٩٧٤-١٩٧٥، هێماکانی نزیکبوونەوەی زیاتری عێراق لە جیهانی ڕۆژئاوا دەرکەوتن[145]. هەر بۆ نموونە لە ئەیلولی ١٩٧٣ عێراق گرێبەستێکی گرنگی بە بەهای ١٢٢ ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای "براون و ڕووت"ی ئەمریکی، لە بواری پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت، مۆرکرد[146]. تەنانەت هەندێک زانیاری باس لەوە دەکەن کە هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشوەچوونە، پەیوەندییەکانی عێراق و یەکێتی سۆڤیەتیش کەوتبوونە قۆناغی جۆرێک لە ساردی و پاشەکشە[147]. بەم واتایەش، هەر زوو لە کاتی شەڕدا، ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەمریکا لە گۆڕینی ئاراستە و هەڵسوکەتی ڕژێمی عێراق دەرکەوتن، لە حاڵەتێکی ئەوهاشدا گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکاش بەرامبەر بە عێراق ئەگەرێکی بەهێزە، تەنانەت سروشتیشە! لە ڕاستیدا، هەر لە سەرەتای ١٩٧٥ەوە ڕژێمی عێراق ئاراستە نوێکەی، بە کرانەوە بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا، ئاشکراتر بوو، ئەویش بە جەخت کردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی **ڕەهەندی ئایدیۆلۆجی** و **ڕەهەندی ئابوری و بازرگانی** لە یەکتر[148]. ئیتر ئەو ساڵە گرێبەستەکانی گەشەسەندن لە عێراق زۆریان ئەدران بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان، لەوانەش کۆمپانیا ئەمریکییەکان. دوای چەند ساڵێکی کەم، ڕێک لە تەموزی ١٩٧٨ عێراق، هەر لە ئاراستەی زێتر نزیکبوونەوە لە جیهانی ڕۆژئاوا، ڕایگەیاند کە ئیتر ئەو وڵاتە ئامادەیە بۆ جۆراوجۆر کردنی سەرچاوەکانی پڕ چەککردنی هێزی سەربازیی، چەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکڕێ. دیارە ئەم پێشوەچوونەش هاوتەریب بوو لەگەڵ بەردەوام خەراپ بوونی پەیوەندی نێوان حیزبی فەرمانڕەوا و شیوعییەکان لە عێراق. لەسێدارەدانی ٢١ لە ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی ساڵی ١٩٧٨، لە لایەن ڕژێمی بەعس، هێمایەکی ئاشکرای جووت ڕەهەندی بوو، واتە لە لایەک تێکچوونی پەیوەندی

---

[144] Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf,* 1980, p. 41.
[145] Chubin, *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf,* 1980, p. 41.
[146] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 158.
[147] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 149.
[148] Pelletiere, *The Kurds,* 1984, p. 172.

ئەم رژێمە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی لە ئاستی ناوخۆ، وە لە لایەکی ترەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە ئاستی دەرەوە[149].

بە هەر حاڵ، لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، بە پەیوەندی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی یارمەتیدانی کورد، مەبەستی ئیدارەی نیکسۆن و ئێران بە پێی راپۆرتی پایک، ئەوە نەبوو کە جوڵانەوەی چەکداری کورد بەتەواوەتی سەرکەوێ، بەڵکو ئامانج زیاتر بەردەوامیدان بوو بە چالاکییە دوژمنکارەکان بەرامبەر بە عێراق، بۆ ئەوەی سامانی ئەو وڵاتە بنکەن یان وشک بکرێت وە تا ئەکرێت ئەو وڵاتە بێهێز بکرێت. ئەمەش، هەر بە پێی ئەو راپۆرتە، سیاسەتێکی "خۆپەرستانەی" دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بوو[150]. بە پێی هەمان راپۆرت، هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی، کە پشتیوانییان لە کورد ئەکرد، مەبەستیان ئەوە نەبوو تا بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی پشتیوانییەکەیان بەردەوام بێت، بەڵکو ئامانجەکانیان، بە گشتی، کاتی و سنووردار بوون، جا هەر وڵاتێک بە شێوەی خۆی و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی[151]. راپۆرتێکی سی ئای ئەی ئەو بۆچوونەی راپۆرتی پایک پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک ئەوە جەخت دەکاتەوە کە مەبەستی ئەمریکا و ئێران سەرکەوتنی بە تەواوەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە نەبوو، بەڵکو گەیشتن بوو بە "حاڵەتی چەقین و گیرخواردن" (stalemate situation)، کە تیایدا عێراق لاواز ببێ و هیچ رێکەوتنێکیش، لە نێوان کورد و عێراق، فەراهەم نەبێت[152]. بە پێی دوو یادنامەی سی ئای ئەی، جوڵانەوەی چەکداری کوردان "کارتێک بوو" بۆ ئێران بۆ یاریکردنی سیاسی و دیپلۆماسی، بۆ ئەمریکاش ئامرازێک بوو بۆ بێهێزکردنی عێراق[153]. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان بە جیددی هەوڵی ئەوەیان نەدەدا بە رادەیەک یارمەتی سەربازیی کوردان بدەن تا ئەو جوڵانەوەیە سەرکەوتنی گەورە و یەکجاری بەدەست بهێنێ.

---

149 Pelletiere, *The Kurds,* 1984, p. 172.

150 The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 71.

151 The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.

152 The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.

بۆچوونی کیسنجەر لە بارەی ئامانج لە پشتیوانی کوردانەوە، بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانیدا هاتوون، لەگەڵ ئەم زانیاریانەی راپۆرتی پایک بە تەواوەتی یەکناگرنەوە. وەک پێشتر لەم باسەدا ئاماژەی پێدراوە، کیسنجەر دەڵێ، "تواناکانی کورد لە عێراق تا ئەو رادەیە بەهێزبکرێن کە ئەوان بتوانن داننانی عێراق بە مافەکانیان مسۆگەر بکەن".
بڕوانە: Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 589.

دەکرێ ئەم جیاوازییە، لە دید و خستنەڕووی زانیاری، دوو تەفسیری هەبێ: **یەکەم**، ئەو راستییەی کە راپۆرتی پایک زۆر رەخنەگرانەیە بەرامبەر بە تەواوی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتیدانی کوردان، یا نووسەرانی راپۆرتەکە تەنها پشتیان بە هەندێ زانیاری، هەڵبژێدراو (selective)، بە تایبەتی سی ئای ئەی؛ **دووەم**، هەر وەک لە پێشەکی ئەم باسەی بەردەستدا هاتووە، کیسنجەر لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانیدا، لە هەندێک رەهەندەوە، جیاوازتر، دەربارەی ئەزموونی پێشتری ئەمریکا لەگەڵ کورد، دەنووسێ.

153 The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.

هەروەها بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ئامانجەکانی شای ئێران لە پێکدادانی کورد و عێراق، بڕوانە:
Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 58.

هەر دەربارەی سروشت و شێوازی پشتیوانی ئەمریکا بۆ کورد، لە تەموزی ١٩٧٢ شاندێکی باڵای پارتی دیمۆکراتی کوردستان، مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی، سەردانی ئەمریکایان کرد و لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسانی باڵای ئەمریکا، لەوانەش بە تایبەتی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سی ئای ئەی و عەقید ریچارد کێنێدی، یاریدەدەری کیسنجەر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، کۆبوونەوە[154]. جێگای سەرنج و گرنگییە کە یەکێک لەو شتانەی ئەمریکییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر جەختیان لێ ئەکردەوە ئەوە بوو کە دەبێ یارمەتی ئەمریکا بۆ کورد "**بەوپەڕی نهێنیپارێزی بێت**، بۆ ئەوەی [بە ئاسانی] لە کاتی پێویستدا **حاشای لێبکرێت**"[155]، یا وەک ولیەم بلوم دەڵێ، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا "**حاشای باوەڕ پێکراوی**" لێ بکرێت[156]. لە راستیدا هەر، وەک بلوم دەڵێ، ئەم جەخت کردنەوە زۆرە لەسەر **نهێنیبوونی** یارمەتیدانی کورد، وایکرد کە، لە کاتی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، لە بری چەکی ئەمریکی چەکی سۆڤییەتی بدرێ بە کورد[157]. بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەم چەکە سۆڤیەتییانە، بە هەر هۆیەک بێت، بکەونە دەست رژێمی عێراق، ئەو کاتە بۆ ئێران و ئەمریکا ئاسانترە بڵێن ئەوان سەرچاوەی ئەم چەکانە نین. بۆ بەدەستهێنانی چەکی سۆڤیەتیش، لە ئیسرائیلەوە ئەو چەکانەی کە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی بەسەردا گیرابوو[158] وە لە ئەمریکاشەوە ئەو چەکە سۆڤیەتییانەی کە لە ڤیەتنام دەستیان بەسەردا گیرابوو دران بە کورد، تەنانەت هەندێ چەک سەرچاوەکەیان ئوردون بوو. ئەم چەکانەش لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ فەلەستینییەکان لە ساڵی ١٩٧٠، دەستییان بەسەردا گیرابوو[159]. جگە لەوە، هەندێک وردەکاریی دیکەی گرنگ لە لایەن مەحمود عوسمان، دەربارەی ماهیەتی یارمەتی ئەمریکا بۆ کورد، پشتڕاست کراونەتەوە. ئەو دەڵێت لە کۆبوونەوەی ئاماژە پێکراودا، ئەمریکییەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان "لەسەر داواکاری شا یارمەتی بزووتنەوەی کورد دەدەن و پێداگری یەکجار زۆری ئەمریکا لەسەر نهێنیپارێزی مەسەلەکە نیشانی دەدا کە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە و هەموو ئانوساتێک ئەگەری ئەوە هەیە هەڵوەشێتەوە"[160]. لە لایەکی ترەوە، وەک دیارە ئەم قسانەی مەحمود عوسمان لە ساڵی ٢٠١٣ کراون، بەڵام ئێمە هیچ سەرچاوەیەکمان نییە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئەم سەرنجە گرنگەیان گەیاندووە بە رابەرانی جوڵانەوەی چەکداری،

---

[154] Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 331.

[155] وەک لە دەقی بەڵگەنامەدا هاتووە: یاداشتنامەی دانیشتنەکانی کاربەدەستانی ئەمریکا و نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٥ی تەموزی ١٩٧٢، نهێنی – هەستیار. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٢١؛ هەروەها بڕوانە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، یاداشتنامە (نهێنی، هەستیار) بابەت: یارمەتیدانی ئەمریکا بە رابەری کوردی عێراق، مەلا مستەفا، ١٨ی تەموزی ١٩٧٢ لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٥٠–٣٥١. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[156] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* 1998, s. 316. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە

[157] Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* 1998, s. 316.

[158] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 172.

[159] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 145.

[160] رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، دیمانەی رەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، ٢٠١٣ لاپەڕە ٦٩.

بە تایبەتی مەلا مستەفا، وە ئایا ئەگەر ئەمە کرابێ کاردانەوەی مەلا مستەفا رابەرانی تر چی بووە! بە هەر حاڵ، هۆکارێکی تری ئەم رادەیە لە نهێنیبوونی پشتیوانییەکە و خۆپارێزی ئیدارەی نیکسۆن ئەوەبوو کە ئێران پێی ناخۆش ئەبوو ئۆپەراسیۆنەکە ئاشکرا ببێت[161]. هەر ئەو پێداگرییە لەسەر نهێنیبوونی ئۆپەراسیۆنەکە وایکرد کە، هاوشێوەی رووە ئەمریکییەکەی، تەنها ژمارەیەکی کەم لە سەرکردایەتی کورد ئاگاداری یارمەتییەکانی ئەمریکا بن[162]. دەرەنجام ئەوەش وایکردووە کە دۆسیەیەکی هەرە هەستیار تەنها لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە رابەرانی جوڵانەوەکە بێت، کە ئەمەش بۆ خۆی لێکەوتەی زۆری بووە!

کۆبوونەوەکان لە تەموزی ١٩٧٢دا لە واشنتن قۆناغی کۆتایی بوون لە بەرهەمهێنانی کارێکی هاوبەشی، یان با بڵێین "هاوپەیمانییەکی نهێنی"، چوارقۆڵی کە لە چوارچێوەیدا ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا[163] یارمەتی کوردیان ئەدا. لە لایەکی ترەوە، جگە لە نهێنی بوون وەکو کێشە لە بونیادی ئەم "کاری هاوبەشەدا" بۆ یارمەتیدانی کورد، هەندێ کێشەی جیدی دیکە بوونیان هەبوو. بۆ نموونە، کارە هاوبەشەکە بە هیچ جۆرێک لە فۆرمێکی رەسمیدا نەبوو، وەک ئەوەی نێوان دوو، یا زیاتر لە دوو، دەوڵەتی خاوەن سەروەری. بەڵکو لە راستیدا لایەنی چوارەم لەم "هاوپەیمانییەدا" جوڵانەوەی چەکداری کورد بوو، کە بکەرێکی "**نادەوڵەتی**"[164] بوو. بەم واتایەش، بە پێچەوانەی بکەرەکانی دیکە کە سێ دەوڵەتی خاوەن سەروەری نیشتمانی بوون، کورد بێبەش بوو لەو سەروەرییە نیشتمانیە، کە گرنگترین رەگەز و فاکتەری هاوسەنگی و هاوتاییبوونە لە پەیوەندییە

---

[161] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 85.
تەنانەت ئەوە پشتڕاست بۆتەوە، هەوڵی جیددی دراوە کە وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتی ئەمریکاش لە ئێران لەو ئۆپەراسیۆنە ئاگادار نەبن، تەنانەت زانیاری پشتڕاستکراوە لە دەستی کۆمیتەی پایکدا هەبووە ئەو گومانە پشتڕاست دەکاتەوە کە تەنانەت ولیەم رۆجەرس، وەزیری دەرەوە، بە تەواوەتی لە ئۆپەراسیۆنەکە ئاگادار نەکرابێتەوە. The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, p. 87.
بە هەر حاڵ لەبەر گرنگیی ئێران بۆ تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە، نیکسۆن و کیسنجەر بەلایانەوە گرنگ بوو کە کەسێک بکەن بە سەفیر کە تەنها خۆی، نەک ئەندامانی تری ستافی سەفارەت، ئاگاداری ئۆپەراسیۆنەکە بێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە ئەپریلی ١٩٧٣ نیکسۆن بڕیاریدا ریچارد هیلمز بکات بە سەفیر لە تەهران. هێلمز پڕ بە پێستی ئەو کارە بوو چونکە پاشخانی ئەو وەک سەرۆکی دەزگای سی ئای ئەی بووە لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٣ وە هەروەها نزیکییەکەی زۆری لە نیکسۆن و کیسنجەر، هێلمزی کرد بە باشترین بژاردە بۆ زامنکردنی دوو شت: **یەکەم**، نهێنیپارێزی لە بابەتی ئۆپەراسیۆنی نهێنی یارمەتیدانی کورد؛ دووەم، زامنکردنی ئەوەی کە **وەزارەتی دەرەوە لە دەرەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە بهێڵرێتەوە**. بڕوانە: Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 143.

[162] Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 86.

[163] ساڵح یوسفی تاکە سەرکردە بووە، هەڵبەتە لە ئەو سەرکردانەی کە لەگەڵ مەلا مستەفادا مانەوە، کە دژی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ شای ئێران و ئەمریکا، بەڵام هەر درێژەشی بە مانەوە لەگەڵ ئەو تا دوا هەناسە، داوە. Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 188, 190.

[164] باسکردن لە رۆڵی "ئەکەتەرە نادەوڵەتییەکان" (non-state actors) کێشەیەکی مێتودی و تیورییە کە هەر نەبێ لە ٥٠-٦٠ ساڵی دواییدا باس و خواسێکی زۆری لەسەر کراوە. بە هەر حاڵ بە پێی بۆچوونێکی قەبوڵکراو بکەرە نادەوڵەتییەکانیش **شان بە شانی دەوڵەتان** بەشێکی گرنگ لە سیستمی جیهانی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پێک دەهێنن، بەڵام سەرەڕای گرنگیشیان بکەرە نادەوڵەتییەکان **ناتوانن هاوتای دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی نیشتمانی بن**. بۆ گفتوگۆیەکی بە سوود بڕوانە ئەم سەرچاوەیە، کە نامەی دکتۆرای نووسەری ئەم وتارەی بەردەستە:
B. Yassin, *Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941–1947*, Lund: Lund University Press, 1995, PP. 20-23.

نێونەتەوەییەکاندا. بەم واتایەش، لە راستیدا، **بازنەی هەرە لاوازی هاوپەیمانییەکە** جوڵانەوە چەکدارییەکە بوو، ئەگەرچی ئەم جوڵانەوە چەکدارییە بە دیدی هەرسێ لایەنەکەی دیکە (ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل) بەشی ئەوەی ئەکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان "وەبەرهێنانی" تیادا بکەن، جا هەر یەکەیان بە شێوەیەک و بە ئامانجێکی تایبەت بە خۆی، پڕ بە پێستی پێگە و خواستە ستراتیجییەکانی هەر یەکێکیان، هەرسێکیشیان وەک یەک لە **شەڕی بە وەکالەت** و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقدا. بە تایبەتی بۆ ئێران، هەر وەک وەزیری دەرباری شای ئێران دەڵێت، ئەم هاوپەیمانییە و دەستپێکردنەوەی جەنگ لە ١٩٧٤ زۆر گرنگ بوو بۆ ئێران، چونکە لە حاڵەتی نەبوونی ئەو جەنگە عێراق هەموو هێزەکانی لەسەر سنوور کۆئەکردەوە، ئەمەش ئەبوو بە هەڕەشەیەکی جیدی و بەردەوام بۆ ئێران[165]. بە هەر حاڵ، لەبارەی ئەوەی کە کورد بازنە لاواز و "نەگونجاوەکەی" ئەو هاوپەیمانییەی (سێ دەوڵەت و یەک بکەری **نادەوڵەتی**) بوو، تەنانەت کیسنجەریش لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانیدا، وەک رادەیەک لە "رەخنە لەخۆ گرتن"، دەڵێ پێویست بوو ئێمە تێگەیشتینایە کە **ئاسان نییە کورد بتوانێ بەشێک بێت لە ستراتیجێکی گشتگیر**[166]. ئەکرێ زۆر جۆری تێگەیشتن بۆ ئەم وتەیەی کیسنجەر بکرێ، بەڵام لێکدانەوەی هەرە گرنگ ئەوەیە کە راستی ئەوەی کورد وەک **بازنەیەکی لاواز** و بێبەش لە ئامرازێکی هەرە کاریگەر و گرنگ لە گەمە نێونەتەوەییەکان و سیستمی جیهانیدا، بچێتە ناو یارییەکی مەترسیدارەوە. هەر نەتەوەیەک، بۆ خۆپارێزی و خۆنواندنێکی گونجاو و پڕ بە پێست لە سیستمێکی ئەوهادا، بە رادەی یەکەم پێویستی بە سەروەری نیشتمانییە. هەڵبەتە ئەمەش وایکرد کە لایەنی کوردی، **واتە لایەنی نادەوڵەت لە هاوپەیمانییەکە**، لە ئاداری ١٩٧٥ ببێت بە لایەنی دۆڕاو. لە لایەکی ترەوە، هەر سێ لایەنەکەی دیکە، کەم یا زۆر، بە رادەی جیا جیا، ئامانجەکانیان لە رێگای ئەو هاوپەیمانییەوە بەدەست هێنا.

لێرەدا گرنگە لێکدانەوەیەکی دیکەش بۆ نهێنیبوونی ئۆپەراسیۆنی پشتیوانی کورد بکەین لە رێگای **تێگەیشتن لە رەهەندی دامەزراوەیی**، لە رووە ئەمریکییەکەیەوە. لەم رووەوە، گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە دۆسیەی یارمەتی ئەمریکا بۆ کورد تەنها **لەسەر مێزێکە** کە لەم دیوەی کیسنجەر و لە دیوەکەی تریشی سەرۆکی ئەمریکا هەیە. بەم واتایەش ئەم دۆسیەیە، بۆ نموونە، نەگەیشتبوویە لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی کۆنگرێس، وەزارەتی دەرەوە و پنتاگۆن و . . . هتد. ئەم حاڵەتی "بێئاگاییەی" کۆنگرێس لە ئۆپەراسیۆنەکە زۆر بە جوانی لە راپۆرتی پایک، دەردەکەوێ[167]. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کۆنگرێس، نەک هەر لە حاڵەتی کورددیدا بەڵکو بە گشتی، بەردەوام هێرشی ئەکردە سەر چەمکی "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان" وەک شێوازێکی **تێکەڵاوبوونی** سی ئای ئەی لە دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە **سیاسەتی دەرەوەی** ئەمریکا، واتە **دەستخستنە** ناو

---

[165] عالیخانی، *یادداشت های علم*، ١٣٨٠، جلد اول، صفحه ٣٧٦.
ناوی تەواوی علم، وەزیری دەرباری شای ئێران، (امیر اسدالله علم)ە.

[166] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 585.

[167] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read”, 1976, 1976, pp. 72-92.

ئەو بوارەوە لە لایەن (سی ئای ئەی)ەوە[168]. لە لایەکی ترەوە، هەر وەک کیسنجەر خۆی جەخت دەکاتەوە، ئەمریکا بواری ئەوەی نەبوو بە ئۆپەراسیۆنێکی ئاشکرا (overt operation) یارمەتی کورد بدات، لەبەر **ناڵەباری دۆخی لۆجیستی و دوورەدەستی ناوچەی کوردان**. جگە لەوە، ئەستەمیش بوو پشتیوانی رای گشتی ئەمریکی بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئاشکرا بەدەست بهێنرێ[169]. جگە لەوەش ئەمریکییەکان، بە تایبەتی سی ئای ئەی، پێیان وابوو ئاشکرابوونی ئەو یارمەتییەی ئەمریکا بۆ کورد، دەکرا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەبێت لەسەر هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە ئەمریکا[170].

## ٣- شەڕی سەرلەنوێ: بەرەو شکستی جوڵانەوەی چەکداری

بۆ ئەوەی باشتر لەو شکستە بگەین، پێویستە هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە و راستەوخۆ لە بەرواری، ٦ی ئاداری ١٩٧٥، واتە لەو بەروارەی کە عێراق و ئێران تیایدا لە جەزائیر دەگەن بە رێکەوتن، دەست پێنەکەین. بە هەر حاڵ، هەر کە رێکەوتنەکە راگەیاندرا، لە ماوەی تەنها چەند رۆژ و هەفتەیەکدا، جوڵانەوە چەکدارییە ١٤ ساڵییەکەی کورد هەرەسی هێنا.

سەرەتا پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە، لە رووی هاوسەنگی هێزی سەربازیی لە نێوان عێراق لە لایەک وە کورد لە لایەکی ترەوە، هێزی سەربازیی عێراق لە رووی چەک و توانای لۆجیستییەوە زۆر لە هێزی کورد پڕ تواناتر بوو. هەر زوو، دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، هێزە چەکدارەکانی عێراق لە بەهاری ١٩٧٤ەوە پێشڕەوییەکی زۆریان لە قوڵایی کوردستاندا کرد. تەنانەت لە زستانیشدا، ئەو هێزانە لەو جێگایانە نەئەکشانەوە کە بەدەستیان هێنابوون، بەڵکو تیایاندا جێگیر ئەبوون[171]. لە بەرامبەردا کورد، بە شێوەیەکی گشتی، لە مەیدانی جەنگدا لە پاشەکشەی بەردەوامدا بوو: هەر زوو عێراق، لە قوڵی بادینان، رێگای زاخۆی بۆ تورکیا کۆنترۆڵ کرد. لە قوڵی هەولێریشەوە بە ئاراستەی ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی، عێراق پێشڕەویەکی زۆری کرد. لەو قوڵەوە، هێرشی رژێم لە دەشتی هەولێرەوە دەستی پێکرد، دوایی بۆ کۆڕێ و دواتریش بەرەو چیای کۆڕەک وە لە کۆڕەکیشەوە، بە ئامادەبوونی ئەحمەد حەسن ئەلبەکر و سەدام حوسەین، زرێپۆش، بە دواشیاندا هێزەکانی پیادە، لە چیای کۆڕەکەوە بەرەو

---

[168] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 576.
[169] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 591.
[170] ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (CIA) بۆ هێلمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٤. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٤٩.
[171] Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 63; Kelidar, ”Iraq: The Search for Stability”, 1975, p. 14.

رواندز چوونە خوارەوە[172]. دواتریش، بەبێ ئەوەی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە توشی بەرگرییەکی زۆر ببنەوە، بەردەوام بوون و چوونە دەشتی دیانا و کۆنترۆڵیان کرد.

لەم چرکەساتەدا، پێویست بوو هێزی پێشمەرگە لە بەرەیەکی فراواندا بەرەوڕووی هێزەکانی عێراق بوەستێتەوە بۆ ئەوەی ئەم هێزانە دەرفەت نەبێنن هەموو توانای خۆیان بە ئاراستەی ناوچەیەکی دیاریکراودا بخەنە گەڕ. بەڵام ئەوەی روویدا هەرزوو شێخ محەمەد خالید، لە ناوچەی بارزان، لەگەڵ هێزەکانی عێراق ڕێکەوت کە ناوچەکەی ئەو، واتە ناوچەی بارزان، بێلایەن بێت لە شەر و پێکدادانەکاندا. لە رۆشنایی ئەم خواستە، شێخ محەمەد خالید گەیشت بە "جۆرێک لە ڕێکەوتن" لەگەڵ رژێم کە تیایدا ناوچەی بارزان وەک ناوچەیەکی بێلایەن و "موالی"[173] راگەیاندرا. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق لە بەرەیەکی سنووردارادا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن، کاتێک هەر زوو لە دەشتی دیانەوە سەرکەوتن لە رۆژهەڵات و باکوری ئەو دەشتەوە بەرەو لوتکەکانی زۆزک، گەروی ئۆمەراغا، حەسەن بەگ و سەرتیز پێشڕەوییان کرد. هەموو ئەم شاخ و بەرزاییە گرنگ و ستراتیجییانە، لە پایزی ١٩٧٤، کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراق، بەمەش: **یەکەم**، هەڕەشە لە بارەگای مەلا مستەفا، لە ناوچەی باڵەکایەتی، نزیکبوویەوە؛ **دووەم**، رێگای نێوان سنوورەکانی ئێران و ناوچەی باڵەکایەتی لە لایەک وە ناوچەی بادینان لە لایەکی ترەوە پچرا[174]. هەروەها هاوتەریب لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی رواندز و بەرزاییەکان لەو ناوچەیە، هێزەکانی عێراق لە کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٤ قەڵادزێیان کۆنترۆڵکرد. ئیتر لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٧٤، هێزەکانی عێراق توانیبوویان ئامێدی، ئاکرێ، رواندز، رانیە و قەڵادزێ کۆنترۆڵ بکەن. لە راستیدا لەو کاتەدا هێزەکانی رژێم کۆنترۆڵی زۆرترین خاکی کوردستانی کردبوو بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ماوەی ١٩٦١ تا ١٩٧٤[175]. لێرەدا گرنگە بڵێین کە، بە شێوەیەکی تایبەتی، دوو ئامانج بۆ هێزەکانی عێراق ستراتیجی و گرنگ بوون: **یەکەمیان**، ناوچەی باڵەکایەتی کە بارەگای سەرەکی مەلا مستەفا و رێگای سەرەکی نێوان ناوچەی ئازادکراو و ئێران بوو؛ **دووەمیان**، دابڕاندنی بە تەواوەتی ناوچەی باڵەکایەتی و بارەگای مەلا مستەفا لە لایەک وە ناوچەی بادینان لە لایەکی ترەوە. ئەو کاتە بۆچوونێک هەبوو کە مەلا مستەفا **لاری لەو پاشەکشەیەی** پێشمەرگە و پێشڕەوی عێراق نەبوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەو پێیوابوو پاشەکشە لە بەرەی کورد وا دەکات ئەو لایەنانەی کە یارمەتی کورد دەدەن یارمەتییە سەربازییەکانیان بۆ کورد زیاتر بکەن، تەنانەت مەلا مستەفا پێیوابوو کە ئەکرێ ئەو پاشەکشەیە

---

[172] گرنگی کۆنترۆڵکردنی رواندز لە لایەن هێزی سەربازیی رژێمی بەغداد، تەنانەت لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی نۆهەمی "قوتری" حیزبی بەعسدا رەنگی داوەتەوە. بڕوانە: حيزب البعث العربى الاشتراكى ، *التقرير المركزى للموئتمر القطرى التاسع، حوزيران ١٩٨٢*. بغداد، ١٩٨٣، ص. ٥٥.

[173] هەر لە ١٩٦٠کانەوە وشەی "موالی" بەکاربراوە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا ناوچەی بارزان، بە لەیەکگەیشتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغداد، وەک ناوچەیەکی بێلایەن لە شەڕی کورد و عێراقدا راگەیاندراوە.

[174] ئەم رێگایە بە سێ قۆناغ بە تەواوەتی پچڕێنرا: **یەکەم جار** هێزەکانی عێراق ئەو رێگایەیان کۆنترۆڵکرد کە بە دەشتی دیانەدا تێپەڕ ئەبوو بۆ بادینان، لە **دوەم قۆناغدا** جارێکی تر ئەو رێگایەشیان کۆنترۆڵکرد کە بە قەدپاڵی شاخی حەسەن بەگدا تێپەڕ ئەبوو، وە **لە قۆناغی سێهەمدا** ئەو رێگایەشیان کۆنترۆڵکرد کە لە پشتی حەسەن بەگەوە تێپەڕ ئەبوو بۆ بادینان.

[175] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 337.

ببێتە هۆی ئەوەی **ئێران رابکێشرێتە ناو شەڕێکی راستەوخۆ لەگەڵ عێراق**. بە هەر حاڵ، بە پێش چاوی ئێرانییەکان، ئیسرائیلییەکان و ئەمریکییەکانەوە، کورد خەریک بوو چۆک دابدات. لە دۆخێکی ئەوهادا، لەسەر داوایەکی بە پەلە لە مەلا مستەفاوە، شای ئێران داوای یارمەتی زیاتری لە ئەمریکا کرد بۆ کورد. هەر لەگەڵ ئەم داواکارییەشدا، شای ئێران ئەمریکا لە شکستی پڕ لە مەترسی کورد ئاگادار دەکاتەوە[176]. لە راستیدا دۆخەکە ئەوەندە مەترسیدار بوو کە ئیتر نەئەکرا، بە یارمەتییەکی کەمێک زیاتر و **سنووردار**، هێرشی رژێمی عێراق بوەستێندرێ. لە لای خۆیەوە، مەلا مستەفا پێیوابوو کورد، بۆ راگرتنی پێشڕەوییەکانی رژێم، پێویستی بە **تێوەگلانی ئاشکرا و راستەخۆی ئێران** لە شەڕی کورد و عێراقدا هەبوو، تێوەگلانێک کە تەنانەت پێویستیی بە پشتیوانی ئەمریکییەکانیش هەبوو[177]. بەڵام، ئەوەی کە روویدا ئەوەبوو کە ئێران، لە بری ئەوەی یارمەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادتر بکات یان لەگەڵ عێراق بچێتە **شەڕێکی راستەوخۆوە** ، **رێگای سێهەمی** هەڵبژارد، ئەویش ناردنی هەندێ تۆپی دوورهاوێژی ١٥٥ملم و دژە تانکی مۆدێرن بوو بۆ ناو باشوری کوردستان، **بەڵام بە هێزی ئێرانییەوە**[178]، واتە چەکەکان رادەستی کورد نەکران. ئەم هێزە ئێرانییانە بەژمارە زۆر کەم و سنووردار بوون، جگە لەمەش بە جلی کوردییەوە هاتنە ناو کوردستان، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن[179]. بە هەر حاڵ، ئەم یارمەتییە جیاوازەی ئێران تواناکانی بەرگری هێزی پێشمەرگەی تا رادەیەک بەهێزتر کرد، بە تایبەتی پێشڕەوی هێزە چەکدارەکانی عێراقی تا رادەیەک وەستاند، بە تایبەتیتریش ناوچەی سەرکردایەتی جوڵانەوەکە و بارەگای مەلا مستەفایان بۆ پاراست بەڵام لەولاشەوە، لایەنێکی زۆر نەرێنی و نێگەتیڤی ئەم یارمەتییە سنووردار، **بەڵام چۆنایەتیە**، ئەوەبوو کە رادەی **وابەستەیی** و **پشتبەستنی** چارەنووسسازانەی جوڵانەوەی چەکداری، بە شێوەیەکی مەترسیدار، بە ئێرانەوە قوڵتر کردەوە. بەم واتایەش، مەترسی شکست و دارمانی بە تەواوەتی جوڵانەوەکەی، لە ئەگەری پچڕاندنی کتوپڕی یارمەتییەکان لە لایەن ئێرانەوە، زێدەتر کرد و بردیە ئاستێکی زۆر مەترسیدارەوە، بەراورد بە پێشوو[180]. جگە لەم مەترسییە جیددیە، ئەو بەشدارییە سنوردارە بەڵام پڕ مەغزایەی ئێران، دەرهاوێشتەیەکی تریشی هەبوو ئەویش زێدەبوونی **ترسی عێراق بوو** کە دواجار ئەم جوڵەیەی ئێران سەر بدات لە جەنگێکی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران، کە عێراق هەرگیز، بۆ جەنگێکی لەو جۆرە لەگەڵ ئێران، ئامادە نەبوو[181]. لە لایەکی ترەوە، شای ئێرانیش هەرگیز ئامادە نەبوو

---

[176] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 590.

[177] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 591.

[178] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 187.

[179] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 187; McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338; یاسن، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢.

[180] لە راستیدا، هەر وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم، کەمتر لە دە کاتژمێر، بەسەر مۆرکردنی رێکەوتنی جەزائیردا تێپەڕ ببوو کاتێک تۆپخانە ١٥٥ ملیمییەکان و چەکی قورسی تری ئێران دەستیان کرد بە کشانەوە لە باشوری کوردستانەوە بەرەو ناوەوەی ئێران.. Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 187.

[181] یاسن، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢.

بچێتە جەنگێکی راستەوخۆوە لەگەڵ عێراق[182]، کەواتە شای ئێرانیش لای خۆیەوە هەمان ترس و نیگەرانی عێراقی هەبوو. ئەوەشی کە هەردوو وڵات ئامادە نەبوون بچنە شەڕێکی راستەوخۆوە لەبەرامبەر یەکتر، باش ئەوە دەسەلمێنێت کە چاوەڕوانیی مەلا مستەفا کە ئەمە لە ئاکامی پاشەکشەی کورد رووبدات، هەر وەک پێشتر باسکرا، تەنها خواستێک و بیرکردنەوەیەکی دلخوازانە بوو، زیاتر لەوەی کە تێگەیشتنێکی عەقڵانی بێت و لەسەر بنچینەی خوێندنەوەی قوڵی هەمەلایەنی دۆخەکە بونیاد نرابێ. بە هەر حاڵ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەلماندی کە سەرکردایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، ئاگادارییەکی زۆر کەمی لە دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەبوو؛ **تەنانەت ئاگاداریی لە ئاراستە و شێوازی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێرانیش نەبوو**[183]، بە تایبەتی تریش روو لە پرسی بژاردەکانی **شەڕی راستەوخۆ** لە نێوان ئەو دوو وڵاتە یا تەواو پێچەوانەکەی، واتە **رێکەوتنی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە.**

* * *

لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ شای ئێران نیگەرانی خۆی نەشاردەوە بەوەی عێراقییەکان شکستی گەورەیان بە کورد گەیاندبوو[184]، لەگەڵ ئەوەشی کە، وەک شا دەڵێ، ئێران موشەکی دژە زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژی بۆ کورد فەراهەم کردبوو، لە کاتێکدا ئێران چاوەڕوانی هەبوو کە کورد بەم یارمەتییە پاشەکشە بە عێراقییەکان بکات[185]. لە هەمان ئاراستەی نیگەرانییەکانی شای ئێران، لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ هەڵسەنگاندنی، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی ولیەم کۆڵبی، بۆ دۆخەکە بە جۆرێک بوو ئیتر کۆڵبی پێیوابوو کە جوڵانەوە چەکدارییەکە لە بارێکی ئەوەندە خەراپدایە تەنانەت رێگای دەستگەیشتن بە ئێران و بارەگای مەلا مستەفاش، لەژێر هەڕەشەدان. لە دۆخێکی ئەوهاشدا، ئەکرێ زێدەکردنی یارمەتییەکان بۆ کورد، کە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٣، ١٩٧٤ و ١٩٧٥ گەیشتبووە ٢٠ ملیۆن دۆلار، ببێ بە مەترسی و هەڕەشە لەسەر تەواوی "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە". ئەوە لە کاتێکدا بوو کە، بە دیدی کۆڵبی، **نهێنیبوونەکە، خۆی لە خۆیدا**، ئەوەندە گرنگ بوو تەنانەت لە خودی یارمەتییەکەش گرنگتر بوو. واتە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکە تەواو **وابەستە بوو بە مانەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بە نهێنی**[186]. لە راستیدا ئەو بڕە یارمەتییە داراییەی کە درابوو بە لایەنی کوردی وە بڕیار وابوو تا فێبروەری ١٩٧٥ بەش بکات، هەر زوو لە نۆڤێمبەری ١٩٧٤دا، **تەواو بوو بوو**. بەم مانایەش هاوتەریب لەپاڵ **پاشەکشەی**

---

[182] لە جێگایەکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی وردتر باس لەو هۆکارانە دەکەین کە رێگر بوون لەوەی ئێران بچێتە جەنگێکی راستەوخۆ لەگەڵ عێراق.

[183] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٣٦–٣٧.

[184] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 207.

[185] Alinaghi Alikhani, (ed.) *The Diaries of Asadolla Alam,* (Maryland: IBEX Publishers, ?) لە رێگای: رەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ٤١.



[186] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 591.

**سەربازیی** جوڵانەوە چەکدارییەکە، **کێشە داراییەکانیشی** بەردەوام لە قوڵبوونەوە و حاڵەتی "تەنگەتاویدا" بوون[187].

لە چرکەساتێکی ئەوهادا، سی ئای ئەی خەریک بوو، لە هەڵسەنگانیدا بۆ دۆخەکە، لە بێهیوایی نزیک ئەبوویەوە، چونکە ئەم دامەزراوەیە پێیوابوو نابێت چیتر یارمەتی کورد بدرێت، لەولاشەوە ئێرانیش بە تەنیا **تواناى**، یا راستتر بڵێین **خواستی**، ئەوەی نەبوو هەموو یارمەتییەکی پێویست پێشکەش بە کورد بکات. ئەگەر کیسنجەر ئەو کاتە بۆچوون و هەڵسەنگاندن و راوێژی سی ئای ئەی وەکو **خۆی پەسند** و **پەیرەو بکردایە**، واتە چیتر یارمەتی زیاتر بە کورد **نەدرایە**، ئەوا "**بە دڵنیاییەوە دەبوایە کورد زووتر شکستی بهێنایە**"[188]. لە راستیدا، تەنانەت پێشتریش لە ئابی ١٩٧٤، کیسنجەر، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا فۆرد، باسی لە ئەگەری شکستهێنانی کورد کردووە و سەرۆکی لە پێشهاتێکی لەوجۆرە ئاگادار کردۆتەوە[189]. جگە لەوەش، هەر لەو کاتەدا، یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی، برێنت سکۆکرافت، دەڵێت "بەو [دەرەنجامە] گەیشتین کە هەوڵەکانمان گەیشتۆتە قۆناخێک کە لەوە زیاتر ناتوانین یارمەتی مەلا مستەفا بدەین"[190]. جگە لەوە، لە رۆشنایی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە کیسنجەر لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا کردوویەتی، مەترسی لەسەر جوڵانەوەی چەکداری ئەوەندە جیددی بووە ئیتر بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ پێویست بوو ئەمریکا بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دیکە یارمەتی ئەو جوڵانەوەیە بدات، جگە لەو یارمەتییە زۆرەش، پێویست بوو ئێرانیش بە دوو لەشکر (فەیلەق)ی هێزی سەربازیی خۆی **بەشداری راستەوخۆ** لە شەڕی کورد و عێراقدا بکات[191]. بە پێی بۆچوونی کیسنجەر، وەک بەشێک لە هەوڵی رزگارکردنی کورد لە شکستێکی رەها و پشتشکێن، پێویست بوو حسێب بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێی روبەڕوبوونەوە، لە **ناوچەیەکی سەختی شاخاوی** و هەروەها **نزیکیش لە یەکێتی سۆڤیەت**، بکرێتەوە، کە ئەمەش

---

187 لە لایەن هێڵمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران، بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هێنری کیسنجەر، بە تەواوی نهێنی، هەستیار، ١٣ی نۆڤێمبەر، ١٩٧٤. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٨٧.

188 Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 591.

189 رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٠.

190 لە برێنت سکۆکرافت، کۆشکی سپی، بۆ هێڵمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران (**تەنها هێڵمز ببینێت**)، ٢٢ی ئابی ١٩٧٤، بابەت: زیادکردنی یارمەتییەکانی ئەمریکا بە مەلا مستەفا مەترسی لێدەکەوێتەوە. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٥٠.

برێنت سکۆکرافت لە فێبروەری ١٩٧٢ بوو بە یاریدەدەری سەربازیی سەرۆکی ئەمریکا، دواتر لە ژەنوەری ١٩٧٣ بوو بە یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی وە لە نۆڤێمبەری ١٩٧٥ بوو بە راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، بەمەش جێگای کیسنجەری گرتەوە.

191 Kissinger, *The White House Years,* 1979, p. 1265;

ئەم زانیاریانە دواتر وەک خۆیان لە بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەر ئاماژەیان پێدراوە، بڕوانە:
Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 594.

بە پێی سەرچاوەیەکی تر کورد پێویستی بە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئەو بڕە پارەیە هەرگیز، دوای شکستهێنانی ئۆپەراسیۆنەکەی ڤیەتنام، لە لایەن کۆنگرێسەوە پەسند نەئەکرا. بڕوانە: Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 331.

بۆخۆی کارێکی ئەستەم بوو[192]. کیسنجەر دۆخە ناهەموارەکە زیاتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێ، کاتێک باس دێتە سەر یارمەتیدانی کورد، ئەمریکا وەک وڵات دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە: بەرداشی **ئایدیۆلۆجیا** لە لایەک وە لە لایەکی ترەوە بەرداشی **ستراتیج**: لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە، لە چوارچێوەی نەریتی ویلسۆنی[193]، پێویستە ئەمریکا پشتیوانی لە مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان بکات، بەڵام لە ڕووی ستراتیجییەوە، پابەندییە مۆڕاڵییەکانی ئەمریکا **سنووردارن**، چونکە کورد لە **ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا دەژین و بە کۆمەڵێک وڵاتەوە دەورەدراون** کە کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە. بە تایبەتی ئێران و تورکیا کە بەردەوام جێگە و پێگەی گرنگیان لە ستراتیجی گشتگیری ئەمریکادا هەبووە[194]. کیسنجەر پێیوابوو، جگە لە زۆر هۆکاری دیکە، هەنگاوێکی ئەوها، واتە پێشکەشکردنی ئەو یارمەتییە داراییە زۆرە، بە دڵنیاییەوە لە لایەن کۆنگرێسەوە ڕەد ئەکرایەوە، واتە پشتیوانییەکی ئەوها فەراهەم نەئەبوو. ئەگەرچی شای ئێران، بە پێی هەندێک زانیاری، بە دوودڵییەوە بیری لەوە کردبوویەوە کە بە ئاشکرا هێزەکانی خۆی لە شەڕەکەدا بەشداری پێبکات، بەڵام کیسنجەر شای ئاگادارکردۆتەوە کە کارێکی ئەوها لێکەوتەی بێ کۆتایی و مەترسیداری دەبێ. چونکە هەنگاوێکی ئەوها پێویستی بە جۆرە زەمانەتێک هەبوو بۆ ئەوەی، لە ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراق و پشتیوانیکردنی عێراق لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەمریکییەکان پشتیوانی لە وڵاتەکەی بکەن. لە بەرامبەردا، هەرگیز لەو کاتەدا ئەمریکا ئامادە نەبوو زەمانەتی پشتیوانیکردنی ئێران بدات بە شای ئەو وڵاتە، لە کاتێکدا مەترسی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و سۆڤیەت لە ئارادا بوو، بە هۆی بوونی سنوورێکی درێژ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئێران. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە کاتێکدا ململانێی ئێران لەگەڵ عێراق لە هەڵکشان دابوو و ئەگەری چوونە ناو پێکدادانێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبوو، ئەمریکا بەلایەوە باشتر بوو کە ئێران خۆی لە هەر هەنگاو و هەڵوێستێک دووربگرێ کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەمریکییەکان ڕاستەوخۆ ببن بە بەشێک لە پێکدادانی ئیقلیمی یا نێونەتەوەیی[195].

هەر لە ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستە، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەسەرەتای ١٩٧٥ ئێرانیان لە پەرەسەندنێکی مەترسیداری شەڕی نێوان کورد و عێراق و تێوەگلانی ڕاستەوخۆی وڵاتەکەیان

[192] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 576.

[193] مەبەست ئەو نەریتەیە کە لەسەر بنەمای ئایدیاڵی سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویڵسۆن لە مافی چارەی خۆنووسین لە خاڵی دوانزەهەمدا، لە چواردە خاڵەکەی ولسۆن ی ساڵی ١٩١٨، هاتووە.

[194] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 578.

[195] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 591-292.

لەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی لەبەر دەستن ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دوای ئەوەی جیرالد فۆرد لە ئابی ١٩٧٤ بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، دوای ئەوەی نیکسۆن کورسی سەرۆکایەتی بە هۆی فەزیحەی وۆتەرگەیت لەدەستدا، لە نێوان سی ئای ئەی و کیسنجەر و سەرۆکە نوێکە بەردەوامیدان بە یارمەتی بۆ کورد زیاتر خواست و بڕیاری کیسنجەر خۆی بوو تا هەر بەرپرسێکی تری ئەمریکی. سی ئای ئەی بەش بە حاڵی خۆی، لە دۆخێکی ئەوهادا، پێی باش نەبوو چیتر یارمەتی کورد زیاد بکرێ. سەرۆکە نوێکەش، واتە فۆرد، زۆر ئاگاداری دۆسیەی کورد نەبوو، لەبەر ئەوە زیاتر ئەم دۆسیەیەی بۆ کیسنجەر جێهێشتبوو، کە ئەو کاتە بەرپرسی دوو پێگەی هەر گرنگی پەیوەندیدار بوو: وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. جگە لەوەش ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی دۆسیەکە بوو. بەم واتایەش لەو کاتەدا **خواست و بڕیاری کیسنجەر**، لە بەردەوامی یارمەتییەکان بۆ کورد، یەکلاکەرەوە بوو.

ئاگاداركردۆتەوە و ئەو مەترسییەیان دەربڕیوە كە ئەكرێ ئێران لە ئەگەری پێشوەچوونێكی ئەوها بە "لوتێكی خوێناوی" لێی دەربچێ و ئەمەش زیان بە ناو و ناوبانگی ئێران و پەیوەندییەكانی ئەمریكا و ئێران بگەیەنێ[196]. ئەمەش ئاماژەیەكی روون بوو بۆ ئەو راستییەی كە توانا سەربازییەكانی ئێران بەشی ئەوە ناكەن بۆ ئەوەی، لە تێوەگلان لە شەڕێكی راستەوخۆدا لەگەڵ عێراق، بە سەركەوتوویی لێی دەربچێت. لە راستیدا، شای ئێران خۆیشی لەوە دڵنیا نەبوو كە ئێران توانا سەربازییەكانی تەنانەت بەشی روبەروبوونەوە لەگەڵ عێراقیش دەكات، چ جای ئەوەی بەشی روبەڕوبوونەوە لەگرڵ یەكێتی سۆڤیەت بكات، "چونكە [شا] بەتەواوی متمانەی بە توانای سوپای [وڵاتەكەی خۆی] نەبوو"[197]. لەوەدەچێ ئەم دوودڵیەی شا، كە پێشتر ئاماژەی پێدرا، تا رادەیەكی زۆر هەر هەڵقوڵاوی ئەم هەڵسەنگاندنە بێت. جگە لەوەش، شای ئێران خۆیشی پشتڕاست نەبوو، ئەگەر بكەوێتە شەڕێكی راستەوخۆ لەگەڵ عێراقدا ئەوا ئەمریكا، تا رادەی بەرگریكردنی سەربازیی، پشتگیری لە وڵاتەكەی دەكات. شا بە باشی لەوە ئاگادار بوو كە ئەمریكا لە ناوەڕاستی ١٩٧٠كان پابەندییەكانی لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا كەم ئەكردەوە، بە تایبەتی لە بابەتی شەڕی ڤیەتنام[198]. ئەكرێ هەر ئەمەش هۆیەكی گرنگ بووبێت بۆ شای ئێران كە پێشوەخت بزانێ هەڵوێستی ئەمریكا، لە حاڵەتی پێكدادانی راستەوخۆ لەگەڵ عێراق، چی دەبێت. دەبێ ئەوەش لەبیر نەكەین كە یەكێك لە كۆڵەگەكانی مەبدەئی (دۆكترینی) نیكسۆن ئەوە بوو كە **ئەمریكا ئامادە نەبوو** بچێتە بەریەككەوتنێكی سەربازیی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت، تەنانەت بۆ بەرگریكردن لە نزیكترین هاوپەیمانەكەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كە ئیسرائیل بوو[199]. ئەمەش بۆ خۆی رێگرییەكی دیكە بوو كە وای لە شای ئێران ئەكرد خۆی لە هەر جۆرە سەركێشییەك دوور بگرێت، كە ئەبووە هۆی ئەوەی راستەوخۆ بچێتە ناو شەڕێكی بەرەیی فروان لەگەڵ عێراقدا. ئەكرێ لەوە هەمووی گرنگتریش ئەو راستییە بێت كە لە سەردانێكی پێشتری شای ئێران بۆ یەكێتی سۆڤیەت، سەرەك وەزیرانی ئەو وڵاتە، ئەلێكسی كۆسیگن، شای ئێرانی بە راشكاوی ئاگادار كردبوویەوە كە "یەكێتی سۆڤیەت پاڵپشتی عێراق دەبێت ئەگەر هاتو ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە هێرشی كرایە سەر"[200].

لە دۆخێكی ئەوهادا، لەگەڵ ئەوەی كە جوڵانەوەی چەكداری لە پاشەكشەدا بوو وە گریمانە و مەترسی لەدەست دەرچوون و فراوانبوونی ململانێ پەیوەندیدارەكان تا رادەی شەڕی ئیقلیمی نێوان عێراق و ئێران لە ئارادابوو، بەڵام كیسنجەر هێشتان مكوڕ بوو لە پێداگریەكەی كە جوڵانەوەی چەكداری كورد پێویست بوو هەر بەردەوام بێت. بە هەر حاڵ، دەبووایە یارمەتی زیاتری بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ ماوەیەكی تری نادیار لەسەر پێی خۆی بوەستێ. هەروەك لە

---

[196] Robert Graham, *Iran: The Illusion of Power,* London: Croom Helm, Revised Edition, 1987, p. 179.

[197] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەككرتووەكانی ئەمریكا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: كۆتاییهاتنی شەڕی كورد و دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی رێكەوتننامەی جەزائیر. لاپەرە ٦٤٤.

[198] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 592.

[199] Ian Bickerton, *The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed,* New York: Continuum International Publishing Group, 2012 p. 194.



[200] Kimshe, "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", 1975, p. 21.

بەڵگەنامە رەسمییەکانی ئەمریکادا پشتڕاست کراوەتەوە، تەنانەت چەند رۆژێکیش بەر لە رێکەوتنی جەزائیر، ئەمریکا پلانی هەبوو کە یارمەتی، بۆ بزاڤی چەکداری کوردان، زیاتر بکات، تەنانەت "بە شوێن کەناڵێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی چەک و چۆڵی سەربازی لە رێگای ئێرانەوە بگەیێنێتە دەستی کورد بۆ ئەوەی دواجار کورد بتوانێ درێژە بە شەڕەکەی، لەگەڵ عێراق، بدات"[201]. ئەوەش پستڕاست بۆتەوە کە قسەی کیسنجەر، لەمەڕ هەڵوێست لە جوڵانەوەی چەکداری کورد و پرسە پەیوەندیدارەکان، یەکلاکەرەوە بوون، زۆر بە تایبەتی دوای ئەوەی جەراڵد فۆرد بوو بە سەرۆکی ئەمریکا[202].

دەرەنجام، لە کاتی نزیکبوونەوە لە رووداوە گەورە و چارەنووسسازەکە، واتە رێکەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ و شکستی بە تەواوەتی جوڵانەوەی چەکداریی، ئەوە روون بوو کە ئێران، هەروەها عێراقیش، خوازیاری ئەوە نەبوون بچنە شەڕێکی وێرانکاری راستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا[203]. ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی هەردوو لا، لە بری شەڕی راستەوخۆ لەگەڵ یەکتر، رێگایەکی تەواو جیاوازتر بدۆزنەوە، کە ئەویش رێکەوتنی هەردوو لا بوو لە جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥. بە هەر حاڵ، هەر وەک شەهرام چوبین دەڵێ، راستییەکەی ئەوەبوو کە عێراق بە ریککەوتنی جەزائیر **شەڕی راستەوخۆی** لە بەرمابەر جوڵانەوەی چەکداری کورد **بردەوە**، بەڵام لە هەمان کاتدا **شەڕێکی ناڕاستەوخۆی** بەرامبەر بە ئێران **دۆڕاند**[204].

* * *

زۆر جار کە باسی رێکەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران ئەکرێ، وا پیشان ئەدرێ وەک ئەوەی ئەم رێکەوتنە تەواو چاوەڕان نەکراو، کتوپڕ و بێ پێشینە بووبێت. بە هەر حاڵ جوڵانەوەی چەکداری لە کاتێکی زۆر کورتدا، لە راستیدا لە ماوەی تەنها چەند رۆژێکدا، بە هۆی ئەم رێکەوتنەوە بە تەواوەتی "ئیفلیج" بوو؛ لە دۆخێکی ئەوهاشدا دوا بڕیار کۆتاییهێنانی، بە تەواوەتی، بە جوڵانەوەکە بوو.

لە لایەکی ترەوە، هۆکاری ئەوەی کە هەرەسهێنانەکە بەو شێوە **"کتوپڕە"** دەردەکەوێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: **یەکەم**، سەرکردەکانی ئەم جوڵانەوەیە خۆیان و جوڵانەوەکەیان بۆ سیناریۆیەکی لەم جۆرە ئامادە نەکردبوو. هەر وەک مەحمود عوسمان دەڵێ: کورد "خۆی بۆ ئەگەری رێکەوتنی ئێران و عێراق و پچڕانی یارمەتییەکانی ئەمریکا و شا ئامادە نەکردبوو"[205]؛ **دووەم**، بێئاگایی ئەو سەرکردایەتییە، لەو هەموو جوڵە و پەیامە سیاسی و دیپلۆماسییانە کە هاوتەریب و بەردەوام،

---

[201] رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٧.

[202] Latham, ''What was Kissinger afraid of in the Pike Report'', 1976, p. 63.

[203] Amin Saikal, *The rise and Fall of the Shah,* New Jersey: Princiton University Press, 1980, p. 170; Khadduri, *The Gulf War,* 1988, p. 61; *The Observer,* May 4, 1975.

[204] Shahram Chubin & Charles Tripp, *Iran and Iraq at War*, London: I.B. Tauris & Co Ltd, 1988, p. 23; David McDowall, *The Kurds,* (London: Minority Rights Group Report 23, 1985, pp. 22-23.

[205] رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، دیمانەی رەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، لاپەڕە ٦٩.

بە درێژایی ئەو ساڵەی شەڕەکە گەرم بوو، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بوون. ئاگاداربوون، هەر نەبێ لە هەندێکیان، بەڵام گوێنەدان پێیان ئەگەرێکی تری بەهێزە.

بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەوەی ڕوویدا **ئەوها کتوپڕ** بوو، یا ئەوە بێئاگایی و غافلگیری سەرکردەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکە، بە تایبەتی مەلا مستەفا، بوو کە ڕووداوەکەی کرد بە ڕووداوێکی کتوپڕ؟ لەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

سەرەتا گرنگە ئەوە بڵێین کە ڕووداوەکە، واتە ڕێکەوتنی جەزائیر، پێشینەیەکی چەند ساڵانەی، لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە لە نێوان عێراق و ئێراندا، هەبووە. لە ڕاستیدا، تەنها بە یەک جیاوازییەوە، ئەویش ئەوەیە کە شەڕە یەک ساڵییەکەی (بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری١٩٧٥) بووە هۆی ئەوەی کە ئەو هەوڵانە چڕ ببنەوە و دواتریش لە ڕێکەوتنی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەدام حوسەین بە ئەنجامی کۆتایی بگەن.

هەر زوو دوای ئەوەی بەعس فەرمانڕەوایی لە عێراق گرتەدەست، لە تەموزی ١٩٦٨، **یەکێک لە بژاردەکانی ئەو ڕژێمە ڕێکەوتن بوو لەگەڵ ئێران** وە لەم پێناوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەوڵی ناوبژیوانی، لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ئاداری ١٩٧٥ لە نێوان ئێران و عێراق، دراون. تەنانەت ڕژێمی عێراق بە تایبەتی سەدام حوسەین، هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکان بۆ ڕێکەوتنی عێراق و ئێران ڕابەرانی کورد، **بە هێما بێت یا بە نامەی ڕاستەوخۆ بە تایبەتی بۆ مەلا مستەفا**، لە ئەگەر و ئاکامەکانی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران ئاگادار کردۆتەوە. یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا و ڕابەرانی جوڵانەوە چەکدارییەکە ئەوە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣، واتە دوو ساڵ بەر لە نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، سەدام حوسەین، کە ئەو کاتە بە ئەندازیاری ڕێکەوتنی ١١ی ئادار ناسرابوو، بە پێداگرییەوە داوای لە مەلا مستەفا کردووە کە مەسعودی کوڕی بنێرێ بۆ بەغداد بۆ گفتوگۆی زیاتر. ئەم داوایە بە مەرجی فەراهەمکردنی زەمانەت بۆ ژیانی مەسعود بارزانی کرابوو، بەڵام مەلا مستەفا ڕازی نەبووە بۆ ئەو مەبەستە مەسعود بنێرێتە بەغداد. هەر بەم هۆیەوە، یا خود ڕاستتر بڵێین دوای بێهیوابوون لە چوونی مەسعود بارزانی بۆ بەغداد، لە "نامەیەکی نهێنی و تایبەتدا"[206] سەدام حوسەین، بە تایبەتی و بە جەخت کردنەوە، مەلا مستەفای **لە ئاکامی کاریسەئامێزی ڕێکنەکەوتن** لەگەڵ ڕژێمی بەغداد ئاگادار کردۆتەوە. لەو نامەیەدا سەدام حوسەین، بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە، بە مەلا مستەفا دەڵێت **"نابێ هەڵوێستی کورد ناچارمان بکات کە لە شەتولعەرەب و هەندێ شوێنی دیکەی عێراق سازش بۆ ئێران بکەین، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ئێران کۆتایی، بە یارمەتییەکانی بۆ کورد، بهێنێ"**[207].
بەڵام لە بەرامبەردا مەلا مستەفا بێباک بوو بەرامبەر بەو هۆشدارییە گرنگە، تەنانەت وەڵامی نامەکەشی نەداوەتەوە[208]. لەم بارەیەوە، لە یەکێک لە هەڵسەنگاندنە گرنگەکانی جوڵانەوەی چەکدای ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، بە تایبەتی شکستی جوڵانەوەکە، دوو شت جەخت ئەکرێنەوە: **یەکەم**، مەلا مستەفا بەهۆی ئەو "غرورەی" توشی ببوو، ئەو ئاگادارییەی سەدام حوسەینی بە

[206] لە سەرچاوەکەدا بە ڕوونی دەرناکەوێ کە ئایا نامەکە بە شێوازی "نووسراو" یا "زارەکی" بووە.

[207] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، تقییم *مسیرە الثورە*، ١٩٧٧، ص. ٤١-٤٢. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[208] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

هەند وەرنەگرت؛ **دووەم**، دوای ئەوەی مەلا مستەفا رازینەبوو مەسعودی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر بنێرێ و بێباکانەش مامەڵەی لەگەڵ نامەی ئاگادارکردنەوە کرد، ئیتر "متمانە بە تەواوەتی" نەما لە نێوان رژێمی بەعس و کورد، بە تایبەتی لە نێوان سەدام حوسەین لە لایەک وە سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری لە لایەکی ترەوە[209]. لە راستیدا، ئەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە نامەکە رێک ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا بووە لەوەی کە "ئاگادار بە" **سیناریۆی رێکەوتنی عێراق و ئێران بەرێوەیە**. جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنەکە، دواتر دوای دوو ساڵ بە کردار ئەوە هاتەدی کە مەلا مستەفا لەنامەکەدا لێی ئاگادار کرابوویەوە، کاتێک سەدام حوسەین لەگەڵ شای ئێران رێککەوتنی جەزائیریان مۆر کرد. بە هەر حاڵ، لەگەڵ ئەوەشی نامەی ئاگادارکردنەوەکە زۆر روون و راشکاو بوو، بەڵام مەلا مستەفا، دوای نامەکەش، جگە لەوەی کە گوێ بە ئەو نامەیەی سەدام حوسەین نادات، دیسان هەر رازی نابێت مەسعودی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر بنێرێ بۆ بەغداد؛ تەنانەت مەلا مستەفا سەرکردایەتی جوڵانەوەکەشی لە نامەی ناوبراو ئاگادار ناکاتەوە. جێگای سەرنج و گرنگیە کە نامەکە وەک "**نهێنییەک**" لە نێوان "مەلا مستەفا" و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، کە نامەکەی بۆ مەلا مستەفا گواستبوویەوە، دەمێنێتەوە تا ماوەیەکیش دوای شکستی بە تەواوەتی جوڵانەوەکە. جگە لەوەش ئەم رووداوە، واتە گوێنەدانی مەلا مستەفا بە ناردنی مەسعودی کوڕی بۆ گفتوگۆ و پشتگوێخستنی نامەکەی سەدام حوسەین، "**خاڵی وەرچەرخان**" بوو لە پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد، چوونکە ئەم بەسەرهاتە بووە هۆی ئەوەی رەشبینی باڵ بە سەر دەرفەتەکانی جێبەجێکردنی رێکەوتنی ١١ی ئاداردا بکێشێت[210].

* * *

دیوێکی دیکەی پێشوەچوونەکە ئەوەبوو کە، هەر لە تەموزی ١٩٧٣، لە نامەیەکدا بۆ شای ئێران، مەلا مستەفا دڵنیایە لەوەی کە تا ئاداری ١٩٧٤ عێراق پابەندییەکانی رێکەوتنی ١١ی ئادار جێبەجێ ناکات، جگە لەوەش، هەر لەو نامەیەدا، پێشنیازی رۆڵی سەنتەربوونی کوردستان دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزانەی کە ئامادەن، بە یەکەوە لەگەڵ کورد، رژێمی ئەو کاتەی عێراق بگۆڕن[211]. لە راستیدا ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان پڕ کێشەن وە لە رووی هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە ناتوانن ورد و دروست بن، چونکە ناکرێ مرۆڤ بەر لە نزیکەی ساڵێک لە کۆتاییهاتنی مۆڵەتی چوار ساڵەکە بە "دڵنیاییەوە" بڵێ عێراق پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی ریکەوتنی ١١ی ئادارەوە. جگە لەوەش، پێشنیازی ئەوەی کە کوردستان بکرێ بە **ناوەندی هەوڵەکان** بۆ پیلانگێڕی دژی رژێم بە ئامانجی گۆڕینی، واتە کوردستان بە "ئەرک و قورساییەک" بار بکرێت کە توانای هەڵگرتنی نییە. جگە لەوەش، ئەکرێ کوردستان باجێکی قورس بدات لە بینینی رۆڵی "سەنتەربوون"

---

[209] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٢؛ هەروەها بۆ باسێکی لەم جۆرە بڕوانە: Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, 1981, p. 147.

[210] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، تقییم *مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[211] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤، کە دەقەکەی لە پاشکۆی (ژمارە سێ)ی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: علینقی عالیخانی، (ویراستار)، *یادداشت های علم*، (تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠)، جلد سوم، صفحه ٩٨-٩٩.

لە هەوڵەکانی خستنی رژێمی بەغداد. مەلا مستەفا دەبوایە لە هەموو کەس باشتر بزانێت سەدام حوسەین کاردانەوەکانی چەندە خوێناوی و دڵڕەقانە بووە بەرامبەر بەوانەی کە پیلانیان بۆ خستنی رژێمی بەعس گێڕاوە، تەنانەت تەنها بیریشیان لە شتێکی لەو جۆرە کردۆتەوە. جگە لەوەش، هەر لەو نامەیەدا مەلا مستەفا داوا لە شا دەکات کە "وەک **باوک** و پارێزەر یا پاسەوان" ئاستی توانا سەربازییەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکەی سەربخات، لە **توانای بەرگرییەوە بۆ توانای هێرشبردن**[212]، کە دواتر ئەم مەسەلەیە، لە ماوەی شەڕی بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، جێگای مشتومڕی بەردەوام بوو بە تایبەتی لە نێوان لایەنی کوردی لە لایەک وە ئەمریکا لە لایەکی ترەوە. بە هەر حاڵ، پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە لە پرسی فۆرم و ئاستی یارمەتییەکانی ئێران و ئەمریکا بۆ کورد، بواری بە **هەڵەتێگەیشتنی** لایەنی کوردی هەیە کاتێک کورد داوای چەکی هێرشبردن دەکات، چونکە لە مەبەستە گشتییەکەدا هەر لە سەرەتاوە ئەمریکا و شای ئێران کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە **تەنها چەکی بەرگریکردن، نەک هی هێرشبردن، بدرێ بە کورد**[213].

لێرەدا گرنگە ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئەم یارمەتییانەی ئێران بۆ کورد هەرگیز بێ بەرامبەر نەبوون، چونکە لە هەمان نامەدا روونە مەلا مستەفا بە شای ئێران دەڵێ "ئێمە رەزامەندین بەو **پابەندییانەی دەکەونە سەر شانمان**"[214]. لێرەدا گرنگە ئیستەیەک لەسەر مەسەلەی پابەندی بکەین و بشپرسین ئایا مەبەست لەو پابەندییانە چییە. بە هەر حاڵ، ئەگەرێ یەکێک لەو پابەندیانە ئەوە بوبێت کە، تا بکرێ، مەلا مستەفا رێکەوتنەکەی لەگەڵ بەغداد جێبەجێ نەکات، هەروەک شای ئێران خۆشی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مەلا مستەفا بەڵێنی پێداوە ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ سەدام کردبووی، واتە رێکەوتنی ١١ی ئادار، "نەباتەسەر"[215]. جێبەجێکردنی ئەم پابەندبوونەش، بوو بە بەشێک لەو پەرەسەندنەی کە دواجار، لە بەهاری ١٩٧٤، بە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕێکی خوێناوی و چارەنووسساز کۆتاییهات. شاراوەش نییە کە ناکرێ بە هیچ پێوەرێک پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان لەگەڵ ئێران بە پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان دوو وڵاتی خاوەن سەروەریی بەراورد بکرێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە راستیدا ئەو پەیوەندییە وا دەکات کە جوڵانەوە چەکدارییەکە بکەوێتە **حاڵەتێکی وابەستەیی**، کە رەفیق سابیر پێی دەبێژێ "پاشکۆیەتی"[216]، یا عیسمەت شەریف ڤانلی پێی دەبێژێ "هاوپەیمانیی ناسروشتی"[217]، بەم

---

[212] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤، کە دەقەکەی لە پاشکۆی (ژمارە سێ)ی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: عالیخانی، *یادداشت های علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ٩٩.
هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[213] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 585.
هەروەها بڕوانە: Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 153.

[214] نامەی مەلا مستەفا بۆ شای ئێران لە ١٩٧٣/٧/١٤، کە دەقەکەی لە پاشکۆی (ژمارە سێ)ی ئەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت. لە: عالیخانی، *یادداشت های علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ١٠٠.
هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[215] رەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ٩٦.

[216] رەفیق سابیر، "کارەساتەکە و فیکری پەیرەو"، گۆڤاری *ریگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە٢٢-٢٣، ساڵی پینجەم، حوزەیرانی ١٩٩٠، ل. ٥٤.

[217] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 183.

واتایەش: جوڵانەوەیەک لە **ماهیەت و پێشمەرجەکانی بوون و ژیانیدا ئازاد نییە**، بەڵام لەولاشەوە **بۆ ئازادی** و رزگاری خەبات ئەکات! نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو پابەندییە وایکرد کە جوڵانەوەی چەکداری لە باشور ژمارەیەک خەباتکاری رۆژهەڵاتی کوردستان، بە "مردو" یا زیندو، رادەستی رژێمی ئێران بکاتەوە. پابەندییەکە بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئەوەندە دوور چووە کە رابەرایەتی جوڵانەوەکە، بۆ رازیکردنی شای ئێران، تەنانەت "**مەفرەزەی**" چەکداری خۆیشی ناردووە بۆ دیوی رۆژهەڵات **بۆ لێدانی راپەریوە چەکدارەکانی** ئەو بەشەی کوردستان[218]. دەرەنجام، ئەوەندەی جوڵانەوە چەکدارییەکە **وابەستە بوو** ئەوەندە **ئازاد** و **سەربەخۆ نەبوو**، بە تایبەتی لە بڕیارە چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەکاندا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم **وابەستەییەدا**، لە کاتێکدا لە کۆتایی مۆڵەتی چوار ساڵییەکە عێراق یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاند، بەڵام لایەنی کوردی بێ وەڵام مایەوە و نەیتوانی پرۆژەیەکی جێگرەوە، وەک "ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە" بۆ یاسای ئۆتۆنۆمیی رژێمی عێراق، رابگەیەنێت. هۆی رانەگەیاندنی پرۆژە جێگرەوەکە ئەو **وابەستەییە بوو** کە هەر زوو جوڵانەوەکە، بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو لایەنە دەرەکییانەی کە یارمەتی کوردییان دەدا، تێیکەوتبوو. جاڕدانی پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی جێگرەوە و داننانی ئەمریکا بەو پرۆژە جێگرەوەیە، ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتی ئەمریکای بۆ کورد دەخستە مەترسییەکی جیددییەوە. جگە لەوەش، بە دیدی ئەمریکییەکان راگەیاندنێکی ئەوها ئەکرا رقی رژێمی عێراق بەرامبەر بە کورد ئەستورتر بکات و ئەوەش ببێتە هۆی تۆڵە سەندنەوەیەکی لە رادەبەدەر بەرامبەر بە کورد[219]. بە گشتی، نەک هەر ئەمریکا، بەڵکو ئێرانیش رازی نەبوو بەوەی ئەو پرۆژەیە رابگەیەندرێ، چونکە ئەکرا هەنگاوێکی لەو جۆرەی "تاکلایەنە"ی کورد، جگە لەوەی وترا، کۆمەڵێ مەترسی لێبکەوێتەوە. لە لای خۆیانەوە مەلا مستەفا و رابەرانی جوڵانەوە چەکدارییەکە، دواجار، بۆ ئەوەی ئەم لایەنە دەرەکییانە نەتۆرێنێ و توشی کاردانەوەی نەرێنیان نەکات، دەستی بۆ راگەیاندنی پرۆژەیەکی جێگرەوە نەبرد. دیارە تێگەیشتنی ئەم حاڵەتەش لەوەوە پێهەڵدەگرێ کە رابەری جوڵانەوەکە، مەلا مستەفا، باوەڕی وابوو کە جوڵانەوە چەکدارییەکە تەنها بە توانستی خۆی، واتە بێ پشتگیری و پشتیوانی لایەنە دەرەکییەکان، ناتوانێ هیچ شتێک بەدەست بهێنێ، یا تەنانەت لەسەر پێی خۆیشی بوەستێ، بەو واتایەش جوڵانەوەکە هیچ چارەی تری نەبوو جگە لەوەی کە بە وردی گوێڕایەڵی ئەوە بێت کە لایەنە "پاڵپشتەکان" لەسەر جوڵانەوەکەی دەیسەپێنن. لە لایەکی ترەوە، ئەم حاڵەتی "**وابەستەبوونە**" نەدەگونجا لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جوڵانەوەیە لە سروشت و ماهیەتی خۆیدا "شۆڕشی گەلێک" بێت[220]. ئەمە رێک کێشە و ناکۆکییە گەورەکەی ناخی جوڵانەوەکە بوو، کە تیایدا لە دۆخ و سروشتی جوڵانەوەکە، بە هۆی پێداویستی و پێشمەرجەکانی خەباتی چەکداری، لە جوڵانەوەیەکی "سەربەخۆ" و خاوەن بڕیاری ئازادانە ببوو بە جوڵانەوەیەکی گرێدراو بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی لایەنە یارمەتیدەرەکان، تەنانەت بە توندی لە دەستی لایەنە پاڵپشتەکاندا، بە

[218] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، تقییم *مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٥٠.

[219] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, pp. 168-169.

[220] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، تقییم *مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٥.

تایبەتی لە دەستی ئێراندا، **بە بارمتە گیرابوو.** بەم واتایەش، جوڵانەوە چەکدارییەکە لە بری یەک دانە ناسنامە دەبێ بە خاوەنی دوو ناسنامەی دژ بە یەکتر: یەکێکیان **جوڵانەوەی ئازادیخوازە،** بەڵام ئەوەی تریان **شەڕی بە وەکالەتە.** واتە، دۆخەکە جۆرێک لە هاوپەیمانی **دوانەیی** و **دووسرووشتی** لەسەر جوڵانەوەکە سەپاندبوو کە بەم شێوەیە بوو: ئەگەرچی **هاوپەیمانییەکە** "هۆکار و مەرجی پێویست بوون بۆ ژیان و بەردەوامی جوڵانەوە چەکدارییەکە لە کاتی دیارکراودا و بە پێی بارودۆخی دیارکراو"، بەڵام هەر **هەمان هاوپەیمانی** "هۆکاری هەرە گرنگیش بوو بۆ هەرەسهێنانی جوڵانەوەکە"[221].

* * *

دیسانەوە، هەر بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی جوڵانەوەی چەکداری، لەبەر ئەوەشی نیگەرانییەکی زۆر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و رژێمی بەغداد[222] هەبوو، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٧٣ دوو دیپلۆماتکاری سۆڤیەتی سەردانی مەلا مستەفایان کردووە. لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی چڕ و گرنگ لەگەڵ ئەو و بەرپرسانی پارتیدا، ئەو دیپلۆماتکارە سۆڤیەتییانە مەلا مستەفا و بەرپرسانی تریان، لە گفتوگۆی "نهێنی" ئێران و عێراق لە جونێڤ دەربارەی شەتولعەرەب، ئاگادار کردۆتەوە و ئەوەشیان وتووە کە **ئەگەرێکی بەهێز هەیە ئەم دوو وڵاتە بگەن بە رێکەوتن.** لە وەڵامدا رابەرانی جوڵانەوەی چەکداری، لە بری دەربڕینی **نیگەرانی و مەترسی**، رایانگەیاندووە کە "**ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە خودی ئەو دوو دەوڵەتەوە هەیە و پەیوەندی بەوانەوە نییە**"[223]. بەڵام بە پێی سەرچاوەی تر مەلا مستەفا، بونیادنراو لەسەر ئەم ئاگادار کردنەوەیە، نیگەرانییەکانی گەیاندبوویە شای ئێران، بەڵام بۆ دڵنیاکردنەوەی مەلا مستەفا شا دیدارەکانی عێراق و ئێرانی وەک شتێکی کەم بایەخ پیشان دابوو[224]. لە لایەکی ترەوە، هەر لە ئاراستەی دوور کەوتنەوەی کورد و رژێمی بەغداد لە یەکتر و بێباکی رابەرایەتی جوڵانەوەی چەکداری لەوەی کە روودەدات، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٧٣، مەلا مستەفا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسی ئەمریکی ناودار (جیم هۆگلاند)دا هێرشی توندی کرۆتە سەر دەسەڵاتدارانی بەغداد وە داواشی لە ئەمریکا کردوە کە دەست بگرن بەسەر نەوتی کەرکوک و هێزیش بنێرن بۆ پاراستنی کوردان لە "گورگەکان" ("wolfs")، کە دیارە مەبەستی لە گورگەکان دەسەڵاتدارانی بەغداد بووە. جگە لەوەش، وتویەتی کە ئەو تا ئاداری ١٩٧٤ چاوەڕێ دەکات، وە ئەگەر تا ئەو کاتە دەسەڵاتدارانی بەغداد رێکەوتنی ئاداریان بە تەواوەتی جێبەجێ

[221] یاسن، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٥.

[222] Kelly, *Arabia,* 1980, p. 248.

[223] بۆ هێلمز، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران، ١١ی حوزەیرانی ١٩٧٣، بابەت: ناوەڕۆکی دیداری کاربەدەستانی سۆڤیەت لەگەڵ مەلا مستەفا. لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٨٧. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.



[224] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 150.

نەکرد، ئەوا ئەو "هێرش دەکات"[225]. مکداوڵ پێیوایە ئەستەمە مرۆڤ تەسەوری هیچ لێدوانێک بکات کە بە رادەی ئەو دەربڕینەی مەلا مستەفا توانای هەبووبێ، نەک هەر رژێمی بەعس، بەڵکو هەموو جیهانی عەرەبیش، تورە و بێزار بکات[226]. بە سەرنجێکی بە پەلە لەوەی کە مەلا مستەفا لەم دیمانەیەدا رایگەیاندووە، ئەکرێ لە زۆر رووەوە سەرنجی ناکارامەیی و سەرەڕۆیی ئەو سەرکردەیە بدەین. دواجار ئەم سەرەڕۆییە کۆمەڵێک کێشەی لێ دەکەوێتەوە: **یەکەم**، لە کاتێکدا هێشتان کورد لە قۆناغی راگوزەری ئاشتی و جێبەجێکردنی رێکەوتنی ١١ی ئاداردایە، مەلا مستەفا بە زمانێکی "نەشیاو" و "زبر" پێناسەی دەسەڵاتدارانی بەغداد دەکات؛ **دووەم**، مەلا مستەفا دەست بۆ کەرکوک و نەوتی کەرکوک دەبات وە بە ئاشکرا و بێ پەنا و پێچ ئەم نەوتە دەخاتە خزمەت ئەمریکییەکان، لە کاتێکدا مرۆڤ ئاسانە تێبگات کە نەوتی کەرکوک بەردەوام هێڵی سوور بووە بۆ رژێم. جگە لەوەش هەر وەک پێشتر پشتڕاست بوویەوە مەسەلەی خۆماڵیکردن و دەرهێنانی نەوت لە چنگی وڵاتانی تر و کۆمپانیاکانیان پرسێکی یەکجار گرنگ بوو و ئەوەی مەلا مستەفاش وتویەتی بە تەواوەتی دژ بە ئاراستەی رژێم بوو؛ تەنانەت، بە دیدی بەعس، دوور رۆیشتن بوو تا ئاستی "خیانەتی نیشتمانی"؛ **سێهەم**، مەلا مستەفا بە ئاشکرا داوا لە ئەمریکا دەکات **بە زەبری هێز کورد بپارێزێ**. ئەم بانگەشەیە، هەرنەبێ، دوو کێشەی زۆر جیددی لێدەکەوێتەوە: **أ**- بە هیچ شێوەیەک رێگای تێناچی ئەمریکا هێز بنێرێتە ناو وڵاتێکەوە کە دواجار خاوەن سەروەریی خۆیەتی. کەسێک لە پێگەی بەرپرسیاریی مەلا مستەفادا، بە کەمترین شارەزایی لە یاسا و سیستمی نێودەوڵەتی و ئاگادار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، پێویستە ئەوە بزانی ئەم داواکارییە بەزاندنی کۆمەڵێک هێڵی سوورە و دەرەنجام، چاوەڕوان ناکرێت هیچ شتێکی ئەرێنی جگە لە باجێکی گران و زیانێکی زۆر لە داواکارییەکی ئەوها بکەوێتەوە؛ ب- هەر لە سەرەتاکانی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی یارمەتیدانی کورد، لایەنی ئەمریکی زۆر بە روونی، جار دوای جار، ئەوەیان بۆ لایەنی کوردی دووپات کردبوویەوە کە نهێنیبوونی ئۆپەراسیۆنەکە گەرەنتی بەردەوامییەتی، لە لایەکی ترەوە پێچەوانەکەشی راستە، واتە ئەکرێ ئاشکرابوون بە ئاسانی چارەنووسی ئۆپەراسیۆنەکە بخاتە مەترسییەوە. قسەکانی مەلا مستەفا بۆ جیم هۆگلاند زۆر ناکۆکە لەگەڵ داواکارییەکەی ئەمریکا بۆ پاراستی نهێنیبوون بەو پەڕی ئاگادارییەوە!

زانیاری زۆر هەن، هاوشێوەی ئاگادار کردنەوەکانی تر، ئەوە پشتڕاست ئەکەنەوە کە لە هەفتەی کۆتایی ئەپریلی هەمان ساڵ (١٩٧٣)، وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران کۆمەڵێک کۆبوونەوەیان لە جونێڤ دەربارەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئەنجام دابوو وە گفتوگۆکان بە تایبەتی دەربارەی *هێڵی تالڤیک*، واتە دەستنیشانکردنی سنوور لە قوڵترین خاڵی ناوەڕاستی شەتولعەرەب، کردبوو. لەو گفتوگۆیانەدا، نوێنەری عێراق، جگە لە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەسندکردنی ئەو هێڵە، تەنانەت رازیبوونی عێراقیشی بۆ هەندێک سازشی تریش بۆ ئێران دەربڕیبوو. هەڵبەتە ئەمەش هەمووی لە پیناوی ئەوەی کە ئێران رازیببێت **کۆتایی بە یارمەتییەکانی بۆ کورد بهێنێ**. هەر لەو کۆبوونەوانەدا بڕیار دراوە کۆبوونەوەی تریش، لە هەمان

[225] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 151.
[226] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

ئاراستەدا، لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ئەنجام بدرێن[227]. هەر لە هەمان ساڵ وە ماوەیەکی کورت دوای گفتوگۆکانی پێشتر، تورکیا دەستپێشخەری کردووە بۆ ئەوەی عێراق و ئێران جارێکی تر لە ڕێگای وەزیرانی دەرەوەیان، هەر لە جنێڤ، کۆببنەوە. ئەمەش لە ئایاری ١٩٧٣ ڕوویدا و دوو پرسیش بە گرنگییەوە باس کران، یارمەتی ئێران بۆ کوردان وە داوای ئێران لە عێراق کە ڕێکەوتنی ١٩٣٧ دەربارەی شەتولعەرەب هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان عێراق بەم داواکارییە ڕازی نەبوو[228]. لە لایەکی ترەوە، سەرۆکی (ئیتلاعات)ی ئێران عباس مەسعودی لە ئابی ١٩٧٣ هەندێک هەواڵی لە ناو عێراقەوە بۆ شای ئێران پشتڕاست کردۆتەوە کە ڕژێمی عێراق ئامادەیە لەسەر پرسی سنوور لە شەتولعەرەب، بە پێی هێڵی تاڵڤیک، گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات[229]، ئەمەش گۆڕانکارییەک بووە لە هەڵوێستی عێراقدا بە ئاراستەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران. لە بەرامبەردا، لە سێپتێمبەری هەمان ساڵدا، عێراق لە لایەن ئێرانەوە ئاگادار کرابوویەوە کە ئەگەر هەردوو وڵات لەسەر هێڵی تاڵڤیک ڕێک بکەون ئەوا ئێران دەست لە یارمەتیدانی کوردان هەڵدەگرێ[230].

هەر لە ئاراستەی ئەو ڕووداوانەی کە **دەبوایە ڕابەرانی کورد نیگەران و ئاگادار بکاتەوە** لە ئەگەر و گریمانەی ڕێکەوتنی عێراق و ئێران، گرنگیدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بەم بابەتە و دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. لێرەدا پێویستە کەمێک زیاتر لەسەر ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوەستین.

لە مانگی شوباتی ١٩٧٤ هەندێک بارگرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی سنووردار لە نێوان عێراق و ئێران ڕوویاندا. دواجار، دوای ماوەیەکی کەم، لە ٧ی ئادار هەردوو لا گەیشتنە ڕێکەوتنی ئاگربەست بۆ کۆتاییهێنان بە بەریەککەوتنە چەکدارییەکان. بە هەر حاڵ، گرنگتر لە ئاگربەست ئەوە بوو کە ئەم بەریەککەوتنە چەکدارییەی نێوان عێراق و ئێران بووە هۆی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گرنگییەوە بە بابەتەکەوە پەیوەندیدار ببێت. دەرەنجام، لە ٢٠ی ئایاری ١٩٧٤ ڕاپۆرتێکی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درا بە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوە. دوای هەفتەیەک لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە، لە کۆبوونەوەی ٢٨ی ئایاردا ئەنجومەنی ئاسایش، لە کۆبوونەوەی ژمارە ١٧٧٠، بە ١٤ دەنگ و بەبێ دەنگی دژ بڕیاری ژمارە ٣٤٨ی دەربارەی کێشەکانی نێوان عێراق و ئێران وەرگرت و بڕیارەکەش لە چوار خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو. لە خاڵی **دووەمدا** پێشوازی لە "سوربوونی لایەنی عێراق و ئێران بۆ کەمکردنەوەی بارگرژی و باشترکردنی پەیوەندییەکانیان" کرایەوە و داواشکرا "هەردوو لا چاودێری ئاگربەست

---

[227] لە نوسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغداد بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٨٠. جێگای سەرنجە کە ئەم زانیارییانە لە لایەن سەفری فەرەنسی لە عێراق دراوە بە نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق.

[228] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 150.

[229] عالیخانی، *یادداشت های علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ١٠٦.

[230] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

بکەن"، هەروەها کار، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی گشتگیر دەربارەی هەموو مەسەلە دولایەنییەکان بکەن[231].

لە نیگایەکی بە پەلە لەم بڕیارە، چەند خاڵێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش ڕوون دەبنەوە: **یەکەم،** لەو باسانەی کە نووسراون دەربارەی شکست و نسکۆی ١٩٧٥، چ سیاسی یا ئەکادیمی، زۆر کەم، لە ڕاستیدا نزیک لە هیچ، ئاماژەیەکی جیددی نییە بۆ گرنگی ئەم بڕیارە لە بەستێنی ململانێی کورد و ڕژێمی عێراقدا. لەو هەموو سەرچاوەیەی کە بەردەستن تەنها برایان گیبسۆن ئاماژەیەکی زۆر کورت بەو بڕیارە دەدات[232]، بەڵام بێ سەرنج و تێبینی گرنگ دەربارەی دۆسیەی کورد و ئەمریکا، هەروەها بۆ ئەگەری ئەوەی ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەکی چاوەڕوانکراوی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە لایەک وە چارەنووسی جوڵانەوەی چەکداری کورد دەبوو؛ **دووەم،** زۆر گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە لە ڕووی تێگەیشتنی چۆنایەتی و قورسایی دەنگدان دوو شت ڕوون دەبنەوە، کە هەردووکیشیان بۆ ئەگەر و گریمانەی ڕێکەوتنی عێراق و ئێران گرنگن: أ- دەنگدانی بە بەڵێی ١٤ ئەندام لە کۆی ١٥ ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش لەمانەش بە گرنگییەوە هەر پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنەکە، ئەوەمان پێدەڵێت کە خواستێکی بەهێزی نێودەوڵەتی، سەرەڕای بارگرژییەکانی جەنگی سارد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عێراق و ئێران هەبوو. چونکە، لە ڕاستیدا، لە زۆر حاڵەتدا، دۆخی ئەم جەنگە ساردە ئەبووە هۆی ئیفلیجبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاتێک گفتوگۆ و بڕیار دەهاتە سەر یەکلاکردنەوەی ململانێکان، بە تایبەتی ئەو ململانێیەی کە تیایاندا ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، گرێدراوی لایەنەکانی ململانێ بوون، جا گرێدراوی لە ڕێگای هاوپەیمانی ڕەسمی بێت، یا هەر فۆرمێکی تر بێت لە پەیوەندی؛ ب- ئاساییتر بوو، بەڵکو زۆریش پێویست بوو، کۆکبوونی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لەمەڕ ئەم بڕیارە ببوایەتە هۆی نیگەرانییەکی زۆر لە لایەن ڕابەرایەتی جوڵانەوەی چەکداری کورد و هانی ئەوانی بدایە کە دەستوبرد بکەن بۆ خوێندنەوەییەکی جیددی بۆ بڕیارەکە، هەر لە ماناکانی، ئەگەر و گریمانەکان، سیناریۆکان و لێکەوتەکان بۆ کورد زۆر بە تایبەتیش لە بابەتی ڕێکەوتنی کۆتایی لە نێوان عێراق و ئێران. بەڵام ئاشکرایە کە خوێندنەوەیەکی ئەوها بۆ بڕیارەکە نەکراوە، تەنانەت گرنگیشی پێنەدراوە. واتە بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست، بەڵام ترسناک و کاریسەئامێز، ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە کە سەرکردایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە، چەندە بێئاگا بوونە لە سیاسەت و پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان. دواجار، ئەکرێ هۆکاری گرنگینەدان بەم جۆرە ڕووداوانە ئەوە بووبێ کە ئیتر ئەو ڕێبەرایەتییە ئەوەندە کەوتۆتە ژێر **کاریگەریی ئەو باوەڕەی کە ئەو بەڵێنانەی لە لایەن ئێران و ئەمریکاوە پێیان دراون ئەوەندە توکمەن و جێگیرن** ئیتر بەشی ئەوە دەکەن کە کورد بگەیەنن بە کەناری ئارام. بەم لۆجیکەش، ئەو ڕووداو و جوڵە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە ئاراستەی ڕێکەوتنی عێراق و ئێران لەسەر پێ بوون جێگای گرنگی

---

[231] بۆ دەقی بڕیارەکە، بڕوانە: پێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: http://unscr.com/en/resolutions/348 retrived 8-2-2024

[232] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy*, 2015, p. 172.

و سەرنجی رابەرایەتی جولانەوەکە نەبوون، ئەگەرچی بە کردار کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی جولانەوە چەکدارییەکە دەبوو. لە راستیدا، ئەم رابەرایەتییە بە **کەمترین رادەی** شارەزایی و ئاگایی ئەیتوانی لە مەترسی و ئەگەرەکانی جێبەجێکردن و بە ئامانج گەیاندنی ئەم بڕیارە گرنگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بگات. لە راستیدا، لە دۆخی ئاساییدا، تەنانەت ئاگایی رۆژنامەنووسێکی شارەزا بەشی ئەوە ئەکات خوێندنەوەیەکی پڕ بە پێست بۆ ئەگەر و لێکەوتەکانی بڕیارێکی لەم جۆرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات! دواجار، دوای نزیکەی دە مانگ لەم بڕیارە، رێکەوتنی جەزائیر مۆرکرا و "هەموو شتێک کۆتاییهات"، واتە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەجێ گەیشت؛ سێهەم، جێگای سەرنج و تێڕامانە کە ئەمریکییەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و لەگەڵ رابەرانی جولانەوەی چەکداری، دوور و نزیک، ئاماژەیان بەو بڕیارە گرنگە نەکردووە. تەنانەت کیسنجەریش، کە دەتوانین بڵێین تەواوی دۆسیەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جولانەوەکە و هەموو سەرەداوەکانی بڕیار لە پەیوەندی بە جولانەوەکەوە لای ئەو بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش ناکات، چ جای ئەوەی سەرکردایەتی جولانەوەکە لە مەترسی ئەو بڕیارە ئاگادار بکاتەوە. گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەمریکا لە کاتێکدا دەنگی بەو بڕیارە داوە کە بە چڕی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی پاڵپشتیکردنی کورد لەسەرپێ بووە، ئەشکرێ بڵێین لەو قۆناغەی، کە ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی تیادا دەرچوو، رۆژانە شتێک لە دۆسیەی ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییەدا رووی ئەدا! دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ئاستی نوێنەرایەتی ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر نەبێ کێشەیەک هەیە وا دەکات کە نوێنەری ئەمریکا حسێب بۆ دۆسیەی کورد لە عێراق نەکات، کاتێک کە باس لە رێکەوتنی ئێران و عێراق دەکرێ: نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری دۆسیەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا و ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە نییە. ئەوەش وایکردووە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەو نوێنەرەدا جێگای ئەو دۆسیەیە نەبێتەوە، بەم پێیەش نە پێویست بوو نیگەران بێت لە بابەتی کاریگەریی بڕیارەکە لەسەر کورد وە نە هەوڵی ئەوە بدات، **بە شێوەیەک لە شێوەکان**، حسێبێک بۆ چارەنووسی کورد لەو بڕیارەدا جێ بکاتەوە!

* * *

هەر دەربارەی ئاگادارکردنەوەکان، وە لەبەرامبەریشدا کەم ئاگایی رابەرانی کورد لەو کاتەدا لەوەی کە خوێندنەوەی دروست بۆ پەیام و جوڵە و پایوەندییەکان بکەن، کەمێک بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ سەدام حوسەین، لە ٨ی ئاداری ١٩٧٤، چاوی بە شاندێکی مەلا مستەفا کەوت، کە یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە ئیدریسی کوڕی دەبێت. سەدام، بە تایبەتی بە ئیدریس بارزانی دەڵێ "**ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوا بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتلعەرەب دەکەین، کە ئەمە برینێکی قوڵ دەکاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەکانی لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسیارەتی لەسەر ئێوە**

**دەبێ، لە کۆتاییشدا هەر ئێوە نرخێکی [باجێکی] گران دەدەن**"[233]. بە هەر حاڵ، لەوە دەچێ کاتێک مەلا مستەفا ئیدریسی کوڕی بۆ گفتوگۆی زیاتر ناردۆتە بەغداد، ئەمەی بە باوەڕەوە نەکردوە، بەڵکو لەسەر خواستی سەدام و لە ژێر فشارەکانی لیژنەی مەرکەزی پارتیدا ناردنی ئەو شاندەی پەسند کردووە. لە راستیدا، زۆر زووتر "دابڕان" لە نێوان لایەنی کوردی و رژێمی بەغداد دەستی پێکردبوو و گفتوگۆکانیش لەو کاتەدا بێسوود بوون[234]. هۆکارێکی گرنگیش بۆ ئەم دابڕانە، وەک مەلا مستەفا خۆی دەڵێت، ئەوە بوو کە "ئێمەی کورد لە لایەن دۆستانی ئێرانی، دۆستانی ئەمریکی و دۆستانی ئیسرائیلی **هاندراین بۆ ئەوەی سازش نەکەین**"[235]. جگە لەوەش، لە زیاتر لە سەرچاوەیەکدا ئەوە جەخت کراوەتەوە کە لایەنی کوردی دەستی نەئەکردەوە بە شەڕ ئەگەر ئەمریکا داواکەی شای ئێرانی بە یارمەتیدانی کوردان پەسند نەکردبایە، بەم واتایەش ئەکرا کورد بەوە رازیبوونایە کە رژێمی عێراق ئامادە بوو، لەو کاتەدا، بە کوردی بدات[236].

بە هەر حاڵ، ئاسان نییە قسەکانی مەلا مستەفا، کتومت وەک خۆیان و بێ کێشە و وەک راستییەکی حاشاهەڵنەگر، پەسند بکەین، چونکە ئەم قسانە لە دوای شکستی ئاداری ١٩٧٥ کراون مەلا مستەفاش لەو کاتەدا زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەو شکستەدا بوو. لە راستیدا دوای شکستی جوڵانەوەکە، خواستی سەرەکی مەلا مستەفا ئەوەبوو، تا بکرێ، هۆکار و بەرپرسیاریی شکستەکە بخاتە ئەستۆی ئەوانی تر، واتە **پشتیوانانی جوڵانەوەکە، زۆر تایبەتی و بە جەختکردنیشەوەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**. لە لایەکی تریشەوە، ئەو تا بۆیکرابێ خۆی لە سەرکۆنەکردنی ئێران بە دوور گرتووە، لە کاتێکدا ئێران، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەندازیار و بڕیاردەری سەرەکی بووە، هەر **لە رازیکردنی ئەمریکا** بۆ هاوکاریکردنی کورد تا دەگاتە وێستگەی کۆتایی کە **رێکەوتن لەگەڵ عێراق** و هەرەسهێنانی جوڵانەوەکەیە. بە سەرنجدان بە رێڕەوی رووداوەکان هەر لە بەهاری ١٩٧٢ تا دەست پێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤، دەتوانین زۆر بە ئاسانی بڵێین کە هەڵوێستی ئەم سێ وڵاتە، بە تایبەتی ئێران، رۆڵێکی گرنگی، لە دوورکەوتنەوەی لایەنی کوردی لە بژاردەی رێکەوتنی کۆتایی لەگەڵ بەغداد، بینی. لە راستیدا نەک هەر دوورکەوتنەوە لە بژاردەی ئاشتی و رێکەوتن، بەڵکو تەنانەت لایەنی کوردی لەم ماوەیەدا، **هەر بە هۆی ئەو پشتیوانییەوە**، رۆژ دوای رۆژ، لە بژاردەی سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ رژێمی بەغداد، نزیکتر ئەبوویەوە.

لە رۆژ و هەفتەکانی بەر لە دەست پێکردنەوەی شەڕ، جوڵانەوەی چەکداری بە توندی کەوتبووە نێوان دوو دانە بەرداش وە لەو دۆخەشدا پێویست بوو بە تەواوەتی خۆی یەکلا بکاتەوە، کە ئایا بە تەواوەتی ئاشتی هەڵدەبژێرێ و بژاردەی شەڕ رەد دەکاتەوە، یا پێچەوانەکەی دەکات و جارێکی تر شەڕ لەگەڵ رژێم دەست پێدەکاتەوە. ئەگەر چی ڤانلی پێیوایە بۆ رابەرایەتی

---

[233] کاروان جوهر محمد، *ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧): ژیان و رۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا، توێژینەوەیەکی مێژوویی*، (هەولێر، ؟ ٢٠١٩)، لاپەڕە ١٨٣. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[234] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیرە الثورە*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[235] Latham, ”What was Kissinger afraid of in the Pike Report”, 1976, p. 68. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[236] The House Select Committee, ”The Report of the CIA that President Ford Doesn‚t Want You to Read”, 1976, p. 85; Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 207.

جوڵانەوەی چەکداری، بۆ ئەوەی نەچنە شەڕەوە و ماوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم درێژ بکرێتەوە، هەزار "فێڵ" هەبوو[237]. بەڵام لە ڕاستیدا دۆخەکە بەو سادەییە نەبوو: کێشە گەورەکە ئەوەبوو کە تا ڕادەیەکی زۆر بڕیاری کۆتایی دەربارەی شەڕ و ئاشتی لە دەست کورد دەرچوبوو. لە لایەکی ترەوە، هەندێک زانیاری هەن باس لەوە دەکەن کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە فەرمی داوای درێژکردنەوەی ماوەی "ڕاگوزەر"ی لە چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ لە ڕژێمی بەعس کردوە، وە تەنانەت لەم داواکارییەشدا حیزبی شیوعی عێراقی وە هەندێک لایەنی تر ("ئەکرێ لێرەدا مەبەست یەکێتی سۆڤیەت بێت") پشتگیری داواکارییەکەی پارتییان کردوە، بەڵام سەرکردایەتی بەعس، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێکی سەدام حوسەین، ئەو داواکارییەی ڕەدکردۆتەوە[238]. لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ ناتوانێ پشتڕاست بێت لەوەی ئایا پارتی دیمۆکراتی کوردستان چەند جیددی بووە لەو داواکارییە، وە ئایا ئەم داواکاری و پێشنیازە دواجار تەنها جوڵەیەکی تاکتیکی نەبووە بۆ شان خاڵیکردنەوەی خۆی و بۆ ئەوەشی ئەو حیزبە دواجار تۆمەتابار نەکرێ کە ئەوە لایەنی کوردییە کە خوازیاری ئەوە نییە بچێتە ژێر باری ڕێکەوتنی هەمیشەیی ئاشتییەوە. ئەوە ڕێک ئەو چرکەساتە بوو کە تیایدا تاکتیک و ستراتیج بە ئاسانی یەکانگیر نەئەبوون: دەکرێ ستراتیج سەر لە نوێ دەستکردنەوە بووبێت بە شەڕ، بەڵام لەولاشەوە، لە ئاستی تاکتیکدا، دەست بۆ ئاشتی درێژ بکرێ و پەرۆشی بۆ ڕێکەوتن پیشان بدرێ! تەنانەت دەکرێ ئەو داواکارییەی پارتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ئاشتی بۆ پێنج ساڵ ڕووی لە ناوەوەی حیزبەکە بووبێت، مەبەستیش لێی دواجار پاراستنی یەکڕیزی حیزبەکە بووبێت.

لە ئاستی ئیقلیمیدا، هەر دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە لە کۆیاندا بە ڕێکەوتنی جەزائیر تەواو بوون وە دەبوو ببنە جێگای بایەخ و گرنگیی ڕابەرانی جوڵانەوەکە، بەم واتایەش ببنە هۆی نیگەرانی، ئەوە بوو کە تورکیا، جگە لە هەوڵەکانی پێشتری، بەردەوام هەموو ئاسانکارییەکی ئەکرد بۆ ئەوەی عێراق و ئێران بگەن بە ڕێکەوتن. هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕۆڵەی تورکیادا[239]، لە ئیستەنبوڵ شاندەکانی عێراق و ئێران لە مانگی ئابی ١٩٧٤ لە گفتوگۆدا بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە[240]. بەڵام لەو کاتەدا سەدام حوسەین هێشتان بە تەواوەتی **ئامادە نەبوو**، یا ڕاستتر بڵێین **لە دوودڵیدا بوو**، بۆ ئەوەی بە پێی مەرجەکانی ئێران سازش لەسەر شەتولعەرەب بکات. چونکە هاوتەریب لەگەڵ ئەم کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەی ئیستەنبوڵ، هێشتان سەدام حوسەین هیوای بە سەرکەوتنی ئەو هێرشە سەربازییەی عێراق

---

[237] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 190.

[238] حیزب البعث العربی الاشتراکی، *التقریر المرکزی للموئتمر القطری التاسع، حوزیران ١٩٨٢*، ١٩٨٣، ص. ٥٦.

[239] جگە لەم ڕۆڵەی تورکیا، عێراق هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی زیاتری لەو وڵاتە هەبوو. هەر لە سەرەتای ئامادەکارییەکان بۆ شەڕ و پێکدادان، سەدام حوسەین لە ٨ی ئەپریلی ١٩٧٤ دڵنیایی دا بە تورکیا کە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە، وەک دەوڵەتێک "لە گروپی یەکەم"، حسێبیان بۆ دەکرێت، نەوتیشیان بە نرخێکی داشکێنراو بۆ فەراهەم دەکرێ وە هەموو داواکارییەکانیان لەبەرچاو دەگیرێن.. Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 187.

[240] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ١٩ی ئابی ١٩٧٤. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٤٨.

هەبوو، کە لەو کاتەدا لە پێشڕەویدا بوو[241]. بەڵام دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ روون بوویەوە کە عێراق ئامادەیە سازش لە سەر نیوەی شەتولعەرەب بکات، بەڵام ئەم جارەیان شا زۆر خۆزیار نەبوو بچێتە رێکەوتنەوە لەگەڵ عێراق، چونکە ئەو لەو کاتەدا هیوا و باوەڕی بە روخان و کۆتایی، رژێمی بەعس لە عێراق، هەبوو[242]. دەرنجام، بە درێژایی ئەو ساڵەی کە شەڕ لە نێوان کورد و رژێمی عێراق گەرم بوو، هاوتەریب و لە هەمان کاتدا عێراق و ئێران، بە شێوەی جیا جیا، بەردەوام بوون لە گۆڕینەوەی پەیام، جارێکیان ئەمەیان رازی ئەبوو جارێکی تریش ئەوی تریان، ئەمەش لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر لایەک لەم دوو لایەنە بۆ کۆی حاڵەت، ئامانج و چاوەڕوانییەکان.

## ٤- شکستی جوڵانەوەی چەکداری یا کۆتایی شەڕی بە وەکالەت؟

کیسنجەر لە زیۆریخ لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێران کۆبۆتەوە، واتە تەنها دوو هەفتە بەر لە سەفەری شا بۆ جەزائیر و رێکەوتنی لەگەڵ سەدام حوسەین. لەو کۆبوونەوەیەدا شای ئێران، بە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، بە کیسنجەری راگەیاندوە کە ئەو دوای چەند رۆژێکی تر لە جەزائیر دەکەوێتە دانوستانی راستەوخۆ لەگەڵ سەدام حوسەین. لە لایەکی ترەوە، شا هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکردوە کە رێکەوتنێک لە نێوان عێراق و ئێراندا نزیکە، جگە لەوەش شای ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا پرسیاری دەربارەی دیدی ئەمریکا، لە بابەتی رێکەوتن لەگەڵ سەدام حوسەین، لە کیسنجەر نەکردووە. دیارە، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ، یەکێک لەو پاڵنەرانەی کە وای کرد شای ئێران ئەو هەنگاوە بهاوێژێ مەترسیی شا بوو لەوەی ئێران بکەوێتە **شەڕێکی راستەوخۆ لەگەڵ عێراق**، ئەمەش سەر بدات لەوەی کێشەکە بگاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەمەش بۆ شای ئێران کارێکی نەخوازراو بوو[243]. کاردانەوەی، کیسنجەر لە کۆبوونەوەکەی زیۆریخ بەرامبەر بە بیرۆکەی دانوستانی شای ئێران لە جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسەین ئەوە بووە کە ئەو بیری شای ئیرانی هێناوەتەوە کە شا خۆی بەردەوام ئاگاداریی بە حکومەتی ئەمریکا داوە دەربارەی **لێکەوتە خەراپەکانی شکستی کورد.** هەروەها بیری شای خستۆتەوە کە لە ئەگەری ئەو شکستە مەترسی ئەوە هەیە کە یەکێتی سۆڤیەت ئەو شکستەی کورد وەک هێمای "**بێهێزیی" جیهانی رۆژئاوا** لێکبداتەوە و ئەمەش وا بکات کە خواستی سەرەڕۆیی و سەرکێشی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا پەرە بسەنێت[244]. لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای ئەم پەیامەی شا دەربارەی خواستی ئەو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەدام حوسەین، بەڵام کیسنجەر، هەر وەک پێشوو، هەر بەردەوامبووە لە پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا، تەنانەت هەر دوو رۆژ دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ شای ئێران، کیسنجەر لە ٢٠ی شوبات[245]، وەڵامێکی پڕ لە رێزی نامەیەکی

[241] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 186-187.
[242] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338.
[243] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 592-593.
[244] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 593.
[245] تێبینی ئەوە بکە کە نامەکە بەرواری ٢٢ی شوباتی لەسەرە. بۆ نامەکە تەماشای پاشکۆی ژمارە دووی ئەم وتارە بکە.

پێشوتری مەلا مستەفای داوەتەوە و ئەوەشی لە وەڵامەکەدا پشتڕاست کردۆتەوە کە هەڵسەنگاندنەکانی مەلا مستەفا لە دۆخی سەربازی و سیاسی کە لە نامەکەدا هاتبوون، گرنگییەکی زۆری **لە لایەن بەرزترین ئاستی** دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێئەدرێ. هەروەها لە وەڵامەکە ئەوەش بە مەلا مستەفا دەڵێت کە ئەگەر خواست هەبێت بۆ ناردنی شاندێکی باڵای رابەرایەتی جوڵانەوەکە بۆ واشنتن، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە ئیدارەی ئەمریکی بدەن، ئەوا "ئێمە بە پێشوازیکردن لەو شاندە شەڕەفمەند و خۆشحاڵ دەبین"[246]، بەڵام جێگای سەرنج و گرنگیپێدانە، تەنانەت ئەکرێ **جێگای سەرسوڕمانیش بێت**، کە کیسنجەر لەو نامەیەیدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە کۆبوونەوەکەی دوو رۆژ پێشتری خۆی لە زیوریخ لەگەڵ شای ئێران نادات و مەلا مستەفاش، لە چوونی شا بۆ جەزائیر و "نیگەرانی" و گریمانەی ئەوەی کە شای ئێران ئەکرێ لەگەڵ عیراقییەکان رێک بکەوێت، ئاگادار نەکردۆتەوە[247]. بە هەر حاڵ، کیسنجەر دەڵێ شای ئێران دوای دوو هەفتە "**ئێمەی توشی سەرسوڕمان** کرد بەوەی کە ئەو گەیشتووە بە رێکەوتن لەگەڵ سەدام حوسەین"[248]. هەر وەک کیسنجەر دەڵێت، شای ئێران بڕیاری خۆی دابوو وە ئەمریکییەکانیش **ئەو پاساو و بژاردە ستراتیجییەیان نەبوو** بۆ ئەوەی شای ئێران لە هەنگاوی رێکەوتن لەگەڵ عێراق پاشگەز بکەنەوە. دەشڵێت، ئەگەرچی هەندێک لەوانەی رەخنەیان لە سیاسەتی ئەمریکا هەبوو، بە تایبەتی ئەوانەی رووی رەخنەیان لە ئەو (واتە لە کیسنجەر) بوو، پێیان وابوو ئەمریکا دەیتوانێ هەڕەشەی بڕینی یارمەتی لە شای ئێران بکات، بەڵام کیسنجەر پێیوایە ئەو رەخنەگرانە بێئاگا بوون لەوەی کە شای ئێران ئەو هەنگاوەی لە دۆخێکدا هاوێشت کە کونگرێس دەستی لە هەندێک لە هاوپەیمانانی ئەمریکا هەڵدەگرت کە تەنانەت هەڕەشەی "چەقۆ لەسەر قورگیان بوو"[249]، دیارە مەبەستیش لێرە پرۆسەی جێهێشتنی ڤیەتنامی خوارو بوو. چونکە ئەوە زانراوە کە شکستی ئەمریکا لە ڤیەتنام ئەو وڵاتەی بردە دۆخی دڵەڕاوکێ لەمەڕ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ وە پابەندییەکانی بەرمابەر بە ئەم هاوپەیمانەکانی. کیسنجەر پێیوایە نەئەکرا ئەمریکا هاوپەیمانێکی گرنگی وەک ئێران لە گرێژنە بەرێت، لە کاتێکدا یارمەتی و پشتگیری ئەمریکا بۆ ئەو هاوپەیمانە "چاکەیەک" نەبوو کە لە بەرامبەر ئەو وڵاتە دەیکرد، بەڵکو ئەو پشتیوانییە لە ئێران بەشیک بوو لە "بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانی" ئەمریکا و هیچی تر[250]. نەک هەر بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکان، بەڵکو پەیوەندییە ئابوورییەکانیش لەگەڵ ئێران ئەوەندە گرنگ بوون کە ئەمریکا نەئەکرا، بە هۆی بڕیاری شای ئێران بە وازهێانی لە کورد، دەستبەرداری ئەو هەموو بەرژەوەندی و پەیوەندییانە بێت، یان بیان خاتە مەترسییەوە. لە راستیدا، هەر بۆ

---

[246] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, pp. 593-594.

[247] لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نوسینگەی وەزیر، ٢٢ی شوباتی ١٩٧٥ بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی، نهێنی و هەستیار، بابەت: نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بارزانی، لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٦١٠–٦١١. دەقی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی لە پاشکۆی ژمارە ٢ی ئەم وتارەدا بەچاو دەکەوێت.

[248] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 594.

هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.

[249] دیارە لێرەدا مەبەست بە تایبەتی "دەستهەڵگرتن" بوو لە ڤیەتنامی خواروو.

[250] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 595.

پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کیسنجەر دەربارەی گرنگیی ئێران بۆ ئەمریکا، ڕێک لە ٤ی ئاداری ١٩٧٥، واتە تەنها دوو ڕۆژ بەر لە مۆرکردنی ڕێکەوتنی جەزائیر، هۆشەنگ ئەنساری، وەزیری دارایی و ئابووری ئێران و کیسنجەر، وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتنێکی ئابوورییان بە بەهای ١٥ ملیار دۆلار مۆر کردبوو[251]. جگە لەوەش، ئەم ڕێکەوتنە ئابوورییە تەنها بەشێک بوو لە پرۆگرامێکی بازرگانیی زەبەللاح لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، کە تەنها لە ساڵی ١٩٧٥ گەیشتە ٢٢ ملیار دۆلار[252]، وە بە گشتی، لە نێوان ١٩٧٥ و ١٩٨٠، گەیشتە ٥٠ ملیار دۆلار[253]. دەبێ، لە لایەکی ترەوە، ئەوەش بوترێت کە کیسنجەر بەلایەوە گرنگ بوو، تەنانەت ساڵانێکیش دوای شکستی کورد، تا بکرێت ڕادەی بەرپرسیاریی ئەمریکا، ڕوو لە شکستی کورد لە ئاداری ١٩٧٥، کەمبکاتەوە. هەر لەو ئاراستەیەدا، کیسنجەر جەختی لەوە کردۆتەوە کە، لە پرۆژەی پشتیوانیکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد، بە هیچ شێوەیەک ئیدارەی نیکسۆن وە شوێنگرەوەکەی، جەراڵد فۆرد، **دەست پێشخەر نەبوون**[254]، بەڵکو لە ڕاستیدا **دەست پێشخەرەکە ئێران بوو**؛ هەر وەک چۆن لە شکست پێهێنانی کوردانیش هەر ئێران دەست پێشخەر بوو. جگە لەوەش، کیسنجەر پێیوایە ئەمریکا لە توانایدا نەبوو ڕێگری لە ڕێکەوتنی ئێران و عێراق بکات، لەبەر ڕادەی کاریگەریی ئێران لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە لەو کاتەدا[255]، کەواتە دیسان گرنگیی ئێران بۆ ئەمریکا بژاردەی پێشینە و هەرە گەوهەری بوو.

بە هەر حاڵ، جگە لە بەرژەوەندییە جیۆستراتیجی و ئابوورییەکانی ئەمریکا ڕوو لە ئێران، هەندێ پێدراو هەن دەیسەلمێنن کە ئەستەم نەبوو، بەڵکو ئاسانیس بوو، کیسنجەر باوەڕ بە سەرۆک جەراڵد فۆرد بهێنێ کە ئیتر دەستهەڵگرتن لە یارمەتیدانی کورد ئەکرێ خزمەت بە هەندێک ئامانجی تریش بکات، کە بە گشتی پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر بە تایبەتی ڕوو لە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیل، کە تیایدا کیسنجەر ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی دەبینی. لەم بەستێنەدا، سوریا ڕۆڵی دژایەتیکردنی ئەو پرۆسەیەی دەبینی، هەر لەبەر ئەوەش گرنگ بوو عێراق، لە ڕووی هاوسەنگی هێزەوە، بچێتە دۆخ و پێگەیەکەوە کە تیایدا ئەو وڵاتە توانای ئەوەی هەبێ "فشار بخاتە سەر سوریا"،[256] بۆ ئەوەی دواجار سوریا زۆر دەرفەتی نەبێ فشار بخاتە سەر میسر بە ئامانجی دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە بۆی لە پرۆسەی ئاشتیدا. ئەکرێ لەم ڕووەوە بە ئاسانی بڵێین ڕێکەوتنی جەزائیر لە کاتێکی زۆر گونجاودا کرا، بە تایبەتی کاتێک باس دێتە سەر ئەو ڕۆڵە دیپلۆماسییەی کە کیسنجەر، لە هەوڵەکانیدا بۆ فەراهەمکردنی ئاشتییەکی جێگیر و درێژخایەن لە نێوان میسر و

---

[251] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 204.

[252] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 64.

[253] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 208.

دواتر لە مانگی ئاب هەر ئەم دوو وەزیرە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا بە گوژمەی ١٠ ملیار دۆلار چەک بە ئێران بفرۆشێت. لەو کاتەدا شای ئێران بە تایبەتی خواستی ئەوەی هەبوو F-16 و F-18ی بۆ وڵاتەکەی بکرێ. بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٠٨.

[254] Kissinger, *The Years of Renewal,* 2012, p. 579.

[255] The House Select Committee, "The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read", 1976, p. 85.

[256] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.

ئیسرائیلدا، دەیبینی. ئەمەش، هەروەک ڤانلی دەڵێت، بە واتای کەنارخستن و گەمارۆدانی سوریا و کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی ئەم وڵاتە بوو لەسەر پرۆسەی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل کە هەڵبەتە، وەک وترا، کیسنجەر ئەندازیار و هەڵسورێنەری پرۆسەکە بوو[257]. بە هەر حاڵ، ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی ڤانلی بە لۆجیکی دەردەکەوێ، بەڵام لە هیچ سەرچاوە یا بەڵگەنامەیەک ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە کە کیسنجەر چالاکانە هەوڵی ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێرانی دابێت بۆ ئەوەی عێراق بەهێز ببێتەوە، بۆ ئەوەی دەرەنجام ئەو وڵاتە باشتر بتوانێ فشار بخاتە سەر سوریا. بەڵام ئەکرێ دواجار ڕێکەوتنی جەزائیر ئەو ئامانجەی پێکابێ، بێ ئەوەی بە زەرورەت کیسنجەر ڕۆڵێکی چالاکانەی ئەوتۆی لە کارئاسانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕێکەوتنەکە هەبووبێ.

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی پەیوەندی بە میسرەوە هەیە، هەر پەیوەندیدار بە ئامانجی گەمارۆدان و کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی سوریا لەسەر پرۆسەی ئاشتیدا، میسر چالاکانە هەوڵەکانی خستبووە گەڕ، بە تایبەتی لە ڕێگای ئەشرەف مەروانەوە، ڕاوێژکاری سەرۆکی میسر ئەنوەر ئەلسادات بۆ نزیککردنەوەی عێراق و ئێران لە یەکتر. تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە سەفەری شای ئێران بۆ جەزائیر و مۆرکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ سەدام حوسەین، ئەشرەف مەروان سەرکەوتوو بوو لەوەی پەیامی بەغداد بە شای ئێران بگەیەنێ وە لە بەرامبەریشدا پەیامی شای ئێران بگەیەنێ بە بەغداد. لەم دوو پەیامەدا هەر یەک لەو دوو لایەنە خواست و ئامادەیی ڕێکەوتنی لەگەڵ لایەنەکەی تر بە ڕوونی لە ڕێگای (مەروان)ەوە بە لایەنەکەی تر گەیاندوە. میسر بەلایەوە گرنگ بوو کە بەغداد **لانی کەم** پشتگیری لە ڕژێمی سوریا نەکات لە بەرهەڵستکاریکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و میسر. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربوون ئەو وڵاتانەی، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر و بە ئامانجێک یا ئامانجێکی دیکە، هەوڵی نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی ئێران و عێراقیان دەدا، لەوانەش میسر، یوگسلاڤیا، تورکیا، شانشینی ئوردون[258]. جێگای سەرنج و گرنگییە کە ئوردن پێشتر، هەر وەک لەم باسەدا بینیمان، لە ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢ شان بە شانی ئێران، هەوڵی ڕازیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەدا بۆ ئەوەی یارمەتی بزاڤی چەکداری کورد بدات، بەڵام دواتر ئەو وڵاتە گۆڕانکاری لە بژاردە سیاسییەکانی خۆیدا کردووە!

* * *

**کاتێک** شای ئێران، دوای ڕێکەوتنی لەگەڵ سەدام حوسەین لە جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ وە دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی بۆ ئێران، بۆ کۆتا جار مەلا مستەفا و شاندی یاوەری لە تەهران دەبینێ پێیان دەڵێ "ئێوە ئەم دواییانە ببوون بە بارگرانی بۆ من و هەر چی شەڕەکە توندتر ئەبوو

[257] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, p. 185.
[258] Marvin G. Weinbaum, "The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East", in *Middle East Review,* Vol. XX, No. 1, Fall 1987, p. 36; Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p. 166.

ئێوە دەهاتنە دواوە و شەڕەکەتان لە سنووری ئێران نزیکتر ئەکردەوە"[259]. جگە لەوە شای ئێران هەر دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەی لە جەزائیر واتە لە ٨ی ئادار، واتە بەر لە دیدار لەگەڵ مەلا مستەفا و هاوڕێیانی، چاوی بە سەفیری ئەمریکا لە تەهران ریچارد هێڵمز، کەوتبوو. لە سەرنجدان لەو بابەتانەی لەو دیدارەدا لەگەڵ هێڵمز باس کراون، بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە شای ئێران بەلایەوە گرنگ بووە باوەڕ بە ئەمریکییەکان بهێنێ کە دۆخەکە لە زۆر ڕووەوە ئەوەی دەخواست ئێران لەگەڵ عێراق ڕێک بکەوێت. شای ئێران لەو دیدارەدا جەختی لەسەر دوو شت کردۆتەوە: **یەکەمیان**، شا بە هێڵمزی وتوە کە بەر لە سەفەری بۆ جەزائیر نامەیەکی لە مەلا مستەفاوە بە دەست گەیشتبوو کە تیایدا وتبووی "ئیدی مومکین نیە کورد بتوانن لەم بارودۆخەدا لەگەڵ هێزەکانی عێراق شەڕ بکەن و ئەگەر شتێک نەکرێت، خەڵکی کورد کۆمەڵکوژ دەبێت"؛ **دووەمیان**، تەنها ٣-٤ ڕۆژ بەر لە سەفەری بۆ جەزائیر، شای ئێران دڵنیایی پێدرابوو کە "سەدام حوسەین وتبووی ئامادەیە عێراق لە بازنەی سۆڤیەت بکشێنێتەوە ئەگەر ئێران ئەو گوشارە سەربازییە لە سەر عێراق لابەرێت کە عێراقی ناچار کردوە لەگەڵ سۆڤیەت ڕێکبکەوێت"[260]. ئەگەرچی ئەو نامەیەمان لەبەر دەست نییە، کە مەلا مستەفا، بە پێی قسەی شا، بۆی ناردبێ و لەگەڵ ئەوەشی کە ناکرێ بە ئاسانی لە ناوەڕۆکەکەی دڵنیا بین، بەڵام ڕاستییەک هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە زۆر پێش ئەو بەروارە، لە ئاڵوگۆڕی پەیامەکان لە نێوان جوڵانەوەی چەکداری کورد و ئەمریکا، لە نێوان وێستگەی سی ئای ئەی لە تەهران و وێستگەی سەرەکی دامەزراوەکە لە واشنتن، تەنانەت لە سەرچاوەی تریش، ئەوە پسترَاست بۆتەوە کە، بە تایبەتی لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزی ١٩٧٤، دۆخی جوڵانەوە چەکدارییەکە چوبوویە حاڵەتێکەوە کە تیایدا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، نیگەرانیی قوڵیان لە دۆخی مەیدانیی جوڵانەوەکە دەردەبڕی. بە هەمان شێوە، هاوتەریب لەگەڵ دۆخی مەیدانی شەڕەکە و نیگەرانییەکان لەو بارەیەوە، تا دەهات دیدار و ڕێکەوتنی شا و سەدام لە جەزائیر نزیک ئەبوویەوە، لەگەڵیشیدا هێماو پەیامەکان لە عێراقەوە ئەوەیان پشترَاست ئەکردەوە کە ئیتر ئەو وڵاتە ئامادەیە بۆ سازشکردنێکی مێژوویی بۆ ئێران لە پرسی شەتولعەرەب و بابەتی تری پەیوەندیدار بە سنووری نێوان دوو وڵاتەکە؛ سازشکردنێک کە شای ئێران ساڵانێکی زۆر بوو چاوەڕێی ئەکرد.

چەند ڕۆژێکی کەم دوای دیداری شاو مەلا مستەفا بۆ کۆتا جار، دیسان بۆ گەیاندنی پەیامی شای ئێران لە بارەی ڕێکەوتنی جەزائیر و شکستی کورد بە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، وەزیری دەربار ئەسەدوڵڵا عەلەم لەگەڵ هێڵمز کۆبۆتەوە. هێڵمز، جگە لەوەی کە ئاماژەی بەوەکردوە کە ڕێکەوتنی جەزائیر سەرکەوتنە بۆ شای ئێران، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیویەتی ئایا چارەنووسی کورد چی بەسەر دێت؟ لەبەرامبەردا عەلەم هەر قسەکەی شای دەربارەی شکستی کورد دووبارە

---

[259] ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، دیمانەی ڕەحمانی لەگەڵ مەحمود عوسمان، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، هەولێر، لاپەڕە ٥١.

[260] لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، واشنتن بۆ کونسڵخانەی ئەمریکا لە ئورشەلیم، ١٤ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: دوایین پەیامی بارزانی بۆ شا و وردەکارییەکانی ڕێکەوتنی ئێران و عێراق لە جەزائیر. لە: ڕەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٦٢٤-٦٢٥.

کردۆتەوە و وتویەتی، کورد "شکستیان خواردبوو، لە راستیدا سوپای ئێمە بوو کە شەڕی ئەکرد. [...] جگە لەوەش کورد بەردەوام داوای پارمەتیان ئەکرد و دەیانگوت خەریکە لەناو دەچین"[261]. بەڵام لە وێنەیەکی فراوانتردا ئەکرێ، وەک وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا شای ئێران بۆ رێکەوتنی لەگەڵ عێراق کرد، ئاماژە بە ژمارەیەک فاکتەر و هۆکار بکەین: **یەکەم**، قەبوڵکردنی پرەنسیپی هێڵی تاڵقیک لە لایەن عێراقەوە، بۆ دیاریکردنی سنووری ئاویی لە شەتولعەرەب، لە نێوان هەردوو وڵاتدا. ئەگەرچی ئەم سازشەی عێراق بۆ ئێران زووتریش، بە تایبەتی لە دیسیمبەری ١٩٧٤ یەکلاببویەوە، بەڵام شای ئێران تەنها ئەو کاتە ئەو سازشەی قەبوڵ کرد **کە بینی کورد لە پاشەکشەی سەربازیی بەردەوامدایە**[262]؛ **دووەم**، ئەگەری شکستی تەواوەتی جوڵانەوەی چەکداری کورد، بە تایبەتی لە کاتێکدا شای ئێران، **لە ترسی هەڵکشانی** ململانێی کورد و رژێمی عێراق **بۆ جەنگێکی راستەوخۆی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق**، ئامادە نەبوو زیاتر بۆ جوڵانەوەکە بکات لەوەی کە تا ئەو کاتە کردبووی. ئەم بابەتە، بە تایبەتی، جێگای گفتوگۆیەکی گەرم بوو لە نێوان ئێران و ئەمریکا. شای ئێران، چەند هەفتەیەک دوای مۆرکردنی رێکەوتنەکە، پێیوابوو ئێران، بەر لە رێکەوتنی جەزائیر، بەرەوڕوو بوو لەگەڵ **دوو بژاردەی "دژوار"**: یا دەبێ بە دیار شکستی کوردەوە دەستەوەستان بێت، یا "خۆی لەگەڵ ئەو مەترسیە روبەروو بکاتەوە کە توشی شەڕێکی ئاشکرا [ببێت] لەگەڵ عێراق"[263]، کە هەڵبەتە دیارە شا بژاردەیەکی جیاوازتر لە دەرەوەی ئەم دوو بژاردەیەی هەڵبژارد: واتە رێکەوتن لەگەڵ عێراق لە بری بەرەوڕووبوونەوە، بەر لە داڕمان و هەرەسهێنانی بە تەواوەتی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کورد؛ **سێهەم**، یەکێک لەو فاکتەر و هۆکارانەی کە وای لە ئێران کرد لەگەڵ عێراق رێک بکەوێت ئەوە بوو کە شای ئێران مەبەستی بوو رۆڵێکی ناوەندیی ببینێ لە بەهێزکردنی ئۆپێک (رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت – opec) بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش شا پێویستی بە نەهێشتنی ململانێ بوو لەگەڵ عێراق، کە هەڵبەتە ئەم وڵاتەش وەک ئێران، ئەندامی ئەو رێکخراوە بوو. لە راستیدا عێراقیش، هەر وەک ئێران، خوازیاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بوو لە بازاڕە جیهانییەکاندا[264]، واتە یەکانگیربوونێک لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا هەبوو. تەنانەت ئێران خوازیاری ئەوەبوو کە سەرۆکایەتی رێکخراوی ئۆپێک بەدەست بهێنێ، کە ئەمەش ئامانجێکی گرنگ و بەهادار بوو بۆ شای ئێران. بەڵام بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بۆ ئێران، بەبێ پشتگیری عێراق و وڵاتانی عەرەبی لە رێکخراوەکەدا، هەروا ئاسان نەبوو. بە واتایەکی تر، بارگرژی و ململانێی نێوان عێراق و ئێران کۆسپ بوو لە بەردەم ئێران بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. لە راستیدا ئاشتی لەگەڵ عێراق نەک هەر بۆ پێگەو رۆڵی ئێران لە ئۆپێکدا گرنگ بوو، بەڵکو بۆ تەواوی چارەنووسی

---

[261] کۆبوونەوەی نێوان سەفیری ئەمریکا لە ئێران و وەزیری دەربار ئەسەدوڵڵا عەلەم لە ١٤ی ئاداری ١٩٧٥ هەر وەک هاتووە لە: رەحمانی، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٢-٥٣.

[262] Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p. 172.

[263] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: کۆتاییهاتنی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی رێکەوتننامەی جەزائیر. لاپەڕە ٦٤٤.

[264] Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 333; Blum, *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* 1998, s. 317; Pelletiere, *The Kurds,* 1984, p. 176; Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, p. 171.

ئەو ڕێکخراوە گرنگییەکی زۆری هەبوو، لەبەر ئەوەش بۆ **هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک** کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوان عێراق و ئێران خواستێکی لەپێشینە بوو[265]؛ **چوارەم**، کێشە ناوخۆییەکانی ئێران، کە لەو کاتەدا لە زیادبووندا بوون، ئەمەش ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراق کردبوو بە زەروورەت، چونکە ئاشتییەکی ئەوها دەرفەتی زێتری دەدا بە شای ئێران بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی بەهێزترەوە بەرەوڕووی کێشە ناوخۆییەکانی ببێتەوە. هەر بۆ نموونە، عێراق، تەنانەت بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕیش لە ١٩٧٤، هەوڵیدا دەست ببات بۆ کارتی هاندانی ئاژاوە لە ناو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان[266]. لە ئابی ١٩٧٣ هەندێک ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە ناوچەی بەلوچستان ڕوویاندا. ئەم چالاکییانە جێگای نیگەرانییەکی زۆری شای ئێران بوون، لەبەر ئەوەش بڕیاری بڕاوبڕی شا ئەوە بوو کە بە "دەستێکی ئاسنین" مامەڵە لەگەڵ ئەم چالاکییانەدا بکات. ئەوەی زۆر گرنگ بوو ئەوە بوو کە شای ئێران لەو باوەڕەدا بوو کە عێراق هانی بەلوچەکان دەدات[267]. جگە لەوەش، عێراق دنەی دانیشتوانی عەرەبی لە ناوچەی خۆزستان (ئەهواز) ئەدا بۆ ئەوەی دژی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران ڕاپەڕن[268]؛ **پێنجەم**، ڕێکەوتن لەگەڵ عێراق ئامرازێکی یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی عێراق ئاراستەی سیاسیی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێ[269] بۆ نموونە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە یەکێتی سۆڤیەت؛ **شەشەم**، هەر وەک ڕوحوڵڵا ڕەمەزانی دەڵێ، ڕێکەوتنی جەزائیر لە بابەتێکدا بوو بە سەرچاوەی دڵنیایی بۆ هەردوو لا، ئەویش بابەتی "ئاسایشی ڕژێم" بوو، واتە ئاسایشی ڕژێمی هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران، چونکە ئەم دوو ڕژێمە لەو کاتەدا، هەر یەکەیان بە جۆرێک، بەرەوڕوو بوون لەگەڵ هەندێ ئاڵنگاریی، لە ڕووی ئاسایشی ناوخۆی ڕژێمەکانەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران پێویستیان بە دەستەبەر کردنێکی باشتری ئاسایشی ڕژێمەکانیان هەبوو، کە ڕێکەوتنەکە دەیتوانی ئەو گەرەنتی و دڵنیاییە پێویستە تا ڕادەیەک بۆ هەردووکیان فەراهەم بکات[270]؛ **حەوتەم**، ئاشتی نێوان ئێران و عێراق، دەرفەتی زێتری بۆ ئێران کردەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەی کەنداو بەهێزتر بکات، ئەمەش لە ڕێگای "دیپلۆماسیی ئاشتی" (peace diplomacy)یەوە، واتە بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەکاربردنی هێزی چەک کردبێ، بۆ نموونە لە شێوەی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراق. هەڵبەتە بۆ سەرکەوتنی "دیپلۆماسیی ئاشتی" پێویست بوو کۆتایی بە **شەڕە ناڕاستەوخۆکەی ئێران** لەگەڵ عێراق بێت؛ بەم واتایەش، کۆتایی بە **شەڕە ڕاستەوخۆکەی** کورد و عێراق بێت!

---

[265] Penrose, *Iraq,* 1979, p. 372.

[266] Chubin & Sepehr, *The Foreign Relations of Iran,* 1974, p. 188; Weinbaum, ”The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East”, 1987, p. 38; Zahrai, *The Origins of the Iranian-Iraqi War,* 1983, p. 125.

[267] عالیخانی، *یادداشت های علم*، ١٣٨٠، جلد سوم، صفحه ١١٣، ١١٦، ١٣٧، ١٤٨. هەروەها بڕوانە: Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 146.

[268] Rouhollah K. Ramazani, *Revolutionary Iran: Challenge and Response in the Middle East,* London: John Hopkins University Press, 4th ed. 1988, pp. 60-61.

[269] لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەهران بۆ وەزارەتی دەرەوە، واشنتن، ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥، بابەت: کۆتاییهاتنی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی جەزائیر. لاپەڕە ٦٤٢.

[270] Ramazani, *Revolutionary Iran,* 1988, p. 65.

جگە لەو هۆکار و فاکتەرانە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئێران و عێراق، سەرەڕای بوونی بارگرژی و ململانێ لە نێوانیاندا، بەڵام هەردووکیشیان وەک دوو "هێزی ئیقلیمی" ئامانجی هاوبەش[271] و دوورمەودایان ئەوەبوو کە ناوچەی کەنداو خاڵی بێت لە هەژموونی زلهێزەکان، بە دیاریکراویش هەژمونی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا. واتە یەکانگیربوونی هەڵوێستی هەردوو وڵات لەم بارەیەوە، یەکێکی تر بوو لەو فاکتەرانەی کە ئاسانکاری، بۆ نزیکبوونەوەی هەردووکیان لە یەکتر، کرد. بە تایبەتی ئێران بەلایەوە گرنگ بوو کە ناوچەی کەنداو، وەک ناوچەیەکی بێلایەن بمێنێتەوە لە ململانێی زلهێزەکاندا[272]. هەڵبەتە ئەم ئاراستەیەی ئێران زۆر جێگای ڕەزامەندی وڵاتانی کەنداویش بوو[273]. هەر ئەم ئاراستەیە هاوبەشە وایکرد کە بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای ڕێکەوتنی جەزائیر، لە ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشدا لە بەغداد لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٥، سەرەک وەزیرانی ئێران ئەمیر-عەباس هوەیدا و سەدام حوسەین ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە تیایدا جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی "کاری هاوبەش لە هەموو بارەیەکەوە، کە بەرژەوەندی هاوبەشی تیایە، فروان بکەن"، هەروەها ئەوەیان جەخت کردەوە کە "ناوچەکە لە هەموو جۆرە **دەستوەردانێکی بێگانە** دوور بخەنەوە"[274]. لە ڕاستیدا، بە هەمان ئامانج سعودییە و پاکستانیش هاتنە پاڵ ئەو دوو وڵاتە[275]، لە خواستیان بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکە لە هەژموون و باڵادستی زلهێزەکان. هەر ئەوەش بوو، بە ئەگەری زۆر، وایکرد کە سۆڤیەتییەکان نیگەران ببن و دواجار، ڕوو بە ناوچەکە، "سیناریۆکانیان بگۆڕن". بۆ نموونە، تەنها دوو هەفتە دوای ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی عێراق و ئێران، دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت داوایان لە سەدام حوسەین کرد سەردانی مۆسکۆ بکات[276]. لە ڕاستیدا نەک هەر یەکێتی سۆڤیەت، بەڵکو ئەمریکاش بیری لەوە نەکردبوویەوە ئێران و عێراق بە یەکەوە هەوڵ بدەن ناوچەیەکی دوور لە هەژمونی زلهێزەکان لە دەڤەری کەنداو پێکبهێنن.

دەمێنێتەوە سەرنجێکیش لە پرسیارێکی گرنگ بدەین ئەویش ئەوەیە ئایا بە ڕاست عێراق لە بێهێزیدا، تەنانەت نەمانی چەک و تەقەمەنی بۆ بەردەوامیدان بە شەڕ، واتە لە بێ چارەیی، ڕێکەوتنی جەزائیری مۆرکرد؟ ئەگەر چی ئەم مەسەلەیە تا ئێستا بە تەواوەتی یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە لە بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا کە تیایدا شۆڕشی "ئیسلامی" ڕوویدابوو وە تەنها سێ ڕۆژیش بەر لە دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، سەدام حوسێن وەک جۆرێک "لە شان خاڵیکردنەوە" و **پاکانە کردن** بۆ مۆرکردنی ریککەوتنی جەزائیر و

---

[271] بە تایبەتی خواستی هەردوو لا بوو ئارامی و ئاسایشی ناوچەی کەنداو پارێزراو بێت. ئەم ناوچەیە گرنگترین سەرچاوە و شوێن و ڕێگای هەناردەکردنی نەوت بوو وە بۆ بەرژەوەندییەکانی عێراق و ئێران، لە ڕادەبەدەر، گرنگ بوو. Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq,* 1981, P. 172.

[272] Ramazani, *Iran's Foereign Policy 1941-1973,* 1975, p. 410.

[273] Chubin & Sepehr, *The Foreign Relations of Iran,* 1974, p. 189.

[274] Kimshe, ''Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds'', 1975, p. 21. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە. هەروەها بۆ دیدی هاوبەشی شای ئێران و سەدام حوسەین دەربارەی "ئاشتی ناوچەی کەنداو"، بڕوانە:
Ramazani, *Revolutionary Iran,* 1988, p. 58.

[275] Kimshe, ''Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds'', 1975, p. 21.

[276] Kimshe, ''Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds'', 1975, p. 21.

هەوڵدان بۆ **راستکردنەوەی ئاراستەی رابردوو لە سازشکردن بۆ ئێران لە جەزائیر**، لە بەرامبەر ئەنجومەنی نیشمانییدا باسی لە "راستییێکی تاڵ" (الحقیقیە المرە)ی کرد، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی کە ریککەوتنی جەزائیری تیادا مۆرکرا. سەدام حوسەین لە قسەکانیدا جەختی لەسەر "باڵادەستیی سەربازیی ئێران کردەوە، جگە لەوەش ئەو پێیوابوو ئەو رێکەوتنە پێویست بوو بۆ فەراهەمکردنی یەکێتی ناوخۆ و پاراستنی توانستیی سەربازی عێراق"[277]. سەدام وتی "ئێران مافی یاسایی لە دۆخێکی ناسروشتی و لە ژێر بارودۆخێکدا بەدەست هێنا، کە ئێمە نەمان ئەتوانی کۆنترۆڵی بکەین"[278]. دواتریش، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠، سەدام حوسەین جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە کە لێکەوتەی رێکەوتنی جەزائیر ئەوە بوو کە "ئێرانییەکان هێزی سەربازییان لەبەرامبەر ئێمەدا بەکار هێنا"[279]، بەبێ ئەوەی روونیبکاتەوە ئایا مەبەست لە بەکارهێنانی هێز چی بوو، چونکە زانراوە کە هەرگیز ئێران نەچووە شەڕێکی گشتگیر و راستەوخۆ لەگەڵ عێراق. بە هەر حاڵ، هەروەها وەک بەهانەیەک بۆ پاشگەزبوونەوە لە رێکەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ و هێرشکردنە سەر ئێران، سەدام حوسەین وتوویەتی کە لە شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ "قوربانییەکانی هێزی سەربازیی عێراق ١٦ هەزار چەکدار بوون وە بەگشتی قوربانییە سەربازیی و مەدەنییەکان لە هەردوو لای شەڕەکە ٦٠ هەزار کەس بوون"[280]. رەهەندێکی تری شەڕەکەش، لە گۆشەبینینی عێراقەوە، ئەوە بوو کە، هەر زوو کە شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤ دەستی پێکرد، رژێمی عێراق پێیوابوو کە هێزە چەکدارەکانی ئەو رژێمە تەنها شەڕیان بەرامبەر بە کورد نەئەکرد، بەڵکو زۆر زیاتر لەوە: رژێمی عێراق پێیوابوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل بەشێک بوون لەو شەڕە[281]. لە لایەکی ترەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو کە دەخوازێت بڵێت ئەوە پاشەکشەی عێراق بوو لە رووی سەربازییەوە کە رێکەوتنی جەزائیری فەراهەمکرد، هەندێک شارەزا لەو باوەڕەدان کە پێشڕەوی عێراق لەشەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ وایکرد کە هەردوو دەوڵەت، واتە عێراق و ئێران رێکەوتنەکە مۆر بکەن[282]. دواتریش لە ساڵی ١٩٨٢ حیزبی بەعس لە کۆنگرەی نۆیەمی "قوتری" خۆی، لەبری ئەوەی لاوازییەکانی لایەنی سەربازیی عێراق لەو شەڕە دووپات بکاتەوە، کۆنگرەکە، بە پێچەوانەوە، جەختی لەسەر بەهێزی و سەرکەوتووی هێزی سەربازیی عێراق لەو شەڕەدا کردەوە، بە تایبەتی جەخت کردنەوە لەسەر مێتۆدە مۆدێرنەکانی لەشکری عێراق بەرامبەر بە مێتۆدە نەریتییەکانی لایەنی کوردی لە شەڕەکەدا[283]. دواجار دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ملدانی عێراق بۆ داواکارییەکانی شای ئێران و مۆرکردنی رێکەوتنی جەزائیر ئەکرێ وەک لاوازیی سەربازیی عێراق تێگەیشتنی بۆ بکرێ، یا رێگەی تر هەن بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی هاوسەنگ؟ لێرەدا ئەکرێ، هەرنەبێ، دوو خاڵ جەخت بکەینەوە: **یەکەم**، ململانێی کورد لەگەڵ

[277] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.
[278] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.
[279] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 23.
[280] Ramazani, *Revolutionary Iran,* 1988, p. 63.
[281] Chubin & Tripp, *Iran and Iraq at War*, 1988, p. 22.
[282] بڕوانە بۆ نموونە: Kelidar, "Iraq: The Search for Stability", 1975, pp. 14-15.
[283] حیزب البعث العربی الاشتراکی، *التقریر المرکزی للموئتمر القطری التاسع*، حوزیران ١٩٨٢، ١٩٨٣، ص. ٥٧.

رژێمی عێراق، بە تایبەتی لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، ململانێیەکی فرە ئاستە، بەم پێیەش ناکرێ دەرهاوێشتە و لێکەوتەکانی ململانێکە، کە بە شکستێکی مێژوویی بۆ کورد تەواو بوو، تەنها لە یەک ئاست و بە تاک رەهەندی، لە چوارچێوەی یەک بابەتدا، راڤەی بۆ بکرێ؛ **دووەم**، شاراوە نییە کە هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن حیزبی بەعس لە تەموزی ١٩٦٨، ململانێیەکی توند لە ناو ریزەکانی دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا هەبوو، مەبەستیش هێڵی "مەدەنی–سیاسی" بەرامبەر بە هێڵی "سەربازیی"یە[284]، کە هەڵبەتە سەدام حوسەین بەشێک بوو لە یەکەمیان. لە راستیدا ئەم جوت خەندەقییە، واتە هێڵی "سەربازیی" لە لایەک وە هێڵی "مەدەنی–سیاسی" لە لایەکی ترەوە، رەنگدانەوەی تەواوی لەسەر کۆنگرەی حەوتەمی "قوتری" حیزبی بەعس هەبوو. ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی ١٩٦٩ بەسترا وە یەکێ لەو بابەتانەی کە، لەسەر بنەمای راپۆرتێکی تایبەت، قسەی لەبارەوە کرا مەسەلەی کورد و شێواز و مێتۆدەکانی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو مەسەلەیە. لەم کۆنگرەیەدا سەدام حوسەین و لایەنگرانی، وەکو لایەنی بەهێزی کۆنگرەکە دەرکەوتن. دواتر ململانێکە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠، لە بەرژەوەندی هێڵی "مەدەنی–سیاسی" یەکلابوویەوە، ئەمەش پێشینە و پێشوەچوونێکی گرنگ بوو بۆ بەئەنجام گەیاندن و مۆرکردنی رێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠[285]. دەرەنجام، گرنگە لێرەدا ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە لە ئەو دوو رووداوەی کە هێڵی "مەدەنی–سیاسی" تیایاندا باڵادەستی خۆی بەرجەستە کرد، مۆرکردنی رێکەوتنی ١١ی ئادار و دژەکەی، واتە رێکەوتنی جەزائیر، بوو. لە هەردووکیشیاندا سەدام حوسەین وەک "ئەندازیاری" رێکەوتنەکان دەردەکەوێ.

* * *

دوای چەند رۆژێک لە گەڕانەوەی لە جەزائیر، لە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆدا، شای ئێران سێ بژاردەی خستە بەردەم مەلا مستەفا و هاوڕێکانی: **یەکەم**، کوردەکان، بەر لە کۆتایی مانگی ئادار، واتە بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی لێخۆشبوونی گشتی رژێم، خۆیان رادەستی رژێمی عێراق بکەن؛ **دووەم**، کوردەکان داوای پەنابەری لە ئێران بکەن؛ **سێهەم**، بەردەوامی بدەن بە جەنگ دژی عێراق، بەڵام بە سنوورێکی داخراو و لە ژێر کۆنترۆڵی ئێران، عێراق و جەزائیر[286]. لەسەر داوای مەلا مستەفا، کە هێشتان لە تەهران بوو، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کۆبوویەوە و بڕیاریدا کە بەردەوامی بە جوڵانەوەی چەکداری بدات، بە شێوازی شەڕی پارتیزانی. دوای گەڕانەوەشی لە تەهران لە ١١ی ئادار مەلا مستەفا سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بەرپرسە باڵا سەربازی و سیاسییەکانی کرد و دیسان بڕیارەکە هەر **بەردەوامیدان بوو بە بەرهەڵستکاریی چەکداری**. لە ١٣ی مانگ ئاگربەست لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق دەستپێکرد وە بڕیار بوو تا ١ی ئەپریل بەردەوام بێت[287]. ئەگەرچی ئەم

---

[284] بڕوانە، بۆ نموونە: Kelly, *Arabia,* 1980, p. 287; Penrose, *Iraq,* 1979, p. 369; McDowall, *A Modern History of the Kurds*. 1996, p. 327.

[285] Farouk-Sluglett, "From Gang to Elite", 1987, pp. 98, 100.

[286] Vanly, "Kurdistan in Iraq", 1980, pp. 187-188.

[287] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 338.

ئاگربەستە کاتێکی کەمی بە رابەرایەتی جوڵانەوەکە بەخشی بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا مەلا مستەفا، لە دۆخی دودڵییەکی قوڵدا، رۆژ و کاتژمێرەکانی لە چرکەساتێکی مێژوویی و ئەوپەڕی تاڵدا بەرێ ئەکرد: هیچ بژاردە و بڕیارێک ئاسان نەبوو، هەر بژاردەیەک لەوەی تریان قورستر و ئەستەمتر بوو. بە هەر حاڵ، دوای چەند رۆژێک وە دوای ئەوەی لە ١٧ی ئادار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بە تەواوەتی داوایەکی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ گفتوگۆ رەدکردەوە، لە ١٨ی ئادار مەلا مستەفا بڕیاری کۆتایی خۆی دا، کە ئەویش **کۆتاییهێنان بە جوڵانەوە چەکدارییەکە** و کشانەوە بوو بۆ ئێران، بەمەش جوڵانەوەکە بە شکستی کۆتایی گەیشت[288]. ئەگەرچی ئەو کاتە هەندێ بۆچوون لە ناو سەرکردەکانی جوڵانەوەکەدا هەبوون، سەرەڕای بڕیاری یەکلاکەرەوە بە کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەکە، کە لایەنگری بەردەوامیدان بوون بە بەرگریکردن، هەر نەبێ **لە فۆرمی شەڕی پاتیزانیدا**، بۆ ئەو بەردەوامییەش زۆر پاساو هێنراونەتەوە[289]. بەڵام کۆتاییەکەی هەر گەڕانەوە بوو بۆ بڕیارە یەکلاکەرەوەکەی مەلا مستەفا بە کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەی چەکداری.

ئەم شکستە هەڵسەنگاندنی زۆری بۆ کراوە، بەشێکیش لەو هەڵسانگدنانە بە توندی رەخنە لە مەلا مستەفا دەگرن، بە تایبەتی لە شێوازی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ حیزب، وەک دامەزراوەیەکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی بڕیار، هەروەها لە شێوازی رابەرایەتی کردنی جوڵانەوەکە بە گشتی. بە هەر حاڵ، بەشی سەرەکی ئەو هەڵسەنگاندنانە لە ژێر کاریگەری دۆخی دەروونی ململانێ و کاردانەوەدا، لە نیوەی دووەمی ١٩٧٠کاندا، نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. بەڵام هەندێک هەڵسەنگاندنی تر لە ئاستێکی ئەکادیمیدا کراون. بەشێکیش لەو هەڵسانگندنانەی کراون تێکەڵییەکن لە هەڵوێستی سیاسی لە لایەک وە هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی لە لایەکی ترەوە.

ڤانلی، ئەکادیمی دایار و نوێنەری جوڵانەوەکە، بە تایبەتی نوێنەری مەلا مستەفا لە دەرەوەی وڵات، پێیوایە هەموو سەرکردەکانی جوڵانەوەکە، لە ناویشیاندا مەلا مستەفا و کوڕەکانی، تێکڕا رۆڵیان لە شکستی جوڵانەوەکەدا هەبوو. بە هەر حاڵ، بەرپرسیاریی مەلا مستەفا، وەک رابەری یەکەمی حیزبی و سەربازی لە جوڵانەوەکەدا، زۆر زیاتر بوو لە ئەوانی تر. لە راستیدا، ڤانلی پێیوایە مەلا مستەفا بەرپرسی یەکەم و سەرەکی بوو لە شکستە مێژووییەکەی ١٩٧٥. هەروەها، لە تێڕوانینێکدا، کە زیاتر سۆشیال-ئەنترۆپۆلۆجییانەیە لە سیاسەت، ڤانلی پێیوایە مەلا مستەفا رۆڵێکی "باوکسالاریانەی" ئەبینی. ڤانلی پێیوایە رۆڵ و کایگەریی ئەو رابەرە بێهاوتا و بێڕکابەر بوو لە ناو تەواوی جوڵانەوە چەکدارییەکەدا[290]. باوەڕ بەخۆبوونی سەرکردەکانی جوڵانەوەی چەکداری، بە تایبەتی هی لە رادەبەدەری مەلا مستەفا، لە رووی توکمەیی و دروستیی بژاردە ستراتیجییەکان، بە تایبەتی لە مەر پشتبەستنی بە تەواوەتی جوڵانەوەکە بە **یارمەتی و پشتیوانی**

---

[288] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, p. 188.

[289] بە تایبەتی بڕوانە: الاتحاد الديمقراطى الكردستانى، *الثوره الكرديه*، ١٩٧٥، ص. ٥٤؛ الحيزب الديمقراطى الكردستانى – اللجنه التحضيريه، *تقييم مسيره الثوره وانهيارها والدروس المستخلصه منها*. (؟،؟، ١٩٧٧). لە سەرچاوەی دووەمدا بە وردەکارییەکی زۆرەوە باس لە کەرەسەی شەڕ و توانا مرۆیی و مادییەکان، بە تایبەتی چەک و تەقەمەنی، کە لە کاتی راگەیاندنی شکست و کۆتایی جوڵانەوەکە لەبەر دەستدا بوون، کراوە.

[290] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 189-190.

**دەرەوە**، یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کارەساتەی کە بەسەر جوڵانەوەکە هات. وەک مکداوڵ دەڵێ، یارمەتی سەربازیی ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل وای لە مەلا مستەفا کرد بگاتە ئەو باوەڕەی کە بڵێت "**کوردستان بووە بە فاکتەرێکی گرنگ لە هاوکێشەی سەربازیی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**"[291]، کە هەڵبەتە دواتر ئەزموون سەلماندی کە ئەمە بە هەڵەخوێندنەوە و بە هەڵەتێگەیشتن بوو لە توانستی سیاسی و سەربازیی کورد. جوڵانەوەی چەکداری بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا نەک هەر توانای ئەوەی نەبوو ببێ بە فاکتەرێکی گرنگ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو تەنانەت بارتەقای ئەوەشی نەکرد کە هاوسەنگی هێز لە ئاستی ناوخۆی عێراقیش لە بەرژەوەندی کوردا بگۆڕێ. ڤانلی پێیوایە، دوای بڕیاری ئەمریکا بە یارمەتیدانی کورد، بەمەش کاملبوونی بازنەی هاوپەیمانی چوارقۆڵی ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا و کورد، مەلا مستەفا بێباکانە هەموو "بەلەمەکانی نەجاتی" جوڵانەوە چەکدارییەکەی سوتاند، بەم واتایەش، مەلا مستەفا چووە ناو دۆخی **بێباکییەوە** بەرامبەر بە کاردانەوەکانی ڕژێمی عێراق، ڕوو لە کورد[292]. جێگای سەرنجە کە زۆر جار، هەر وەک مارڤین وێینباوم دەڵێ ئەم حاڵەتی باوەڕ بەخۆبوونە، **تا ڕادەی لەخۆبایبوون**، بەسەر ئەو بکەرانەدا دێت کە **یارمەتی دەرەکی وەرئەگرن** وە لە ڕێگای ئەو یارمەتییەوە ئەچێنە دۆخی "**چاوەڕوانی ناواقیعی**" و "**لوتبەرزی و نائامادەیی بۆ سازشکردن**"[293]. ڕێک ئەمە ڕوویدا، کاتێک ڕابەرایەتی جوڵانەوەی چەکداری، بە تایبەتی مەلا مستەفا، گەیشتە قۆناغی دڵنیایی لە یارمەتی ئێران، زۆر بە تایبەتیش یارمەتی ئەمریکا بۆ جوڵانەوەکەی، ئیتر ئەم ڕابەرایەتییە و مەلا مستەفا چوونە دۆخی **لەخۆبایبوون** ("غرور")ەوە[294]. دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەمە تەنها بەسەرهاتی کورد نییە بەڵکو ئەم دۆخی لەبایبوون و لوتبەرزییە زۆر جار لە جێگای تری جیهانیش دووبارە بۆتەوە، بە تایبەتی لە ئاکامی **بەڵێنی هێزێکی یا چەند هێزێکی دەرەکی** بۆ بکەرێکی "ئیتنی" ناوخۆیی، کە کێشەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هەیە[295]. هەر ئێرە دەرفەتە بڵێین کە لە دۆخێکی ئەوهادا ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونێکی ئۆرگانیکیانەی هەردوو ڕەگەزی **بە هەڵەتێگەیشتن** و **لەخۆبایبوون**، کە دەبێتە بنەما بۆ حاڵەتی شکست و نسکۆیەکی لەرادە بەدەر. لە پەیوەندییەکی ئەوهادا هەر دوو ڕەگەزی بە هەڵەتێگەیشتن و لەخۆبایبوون، هەر

---

[291] *New York Times,* 1 April 1974, as quoted in Ghareeb, *The Kurdish Question,* p. 161. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە

[292] Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, 1980, pp. 182-192; Pelletiere, *The Kurds,* 1984, p. 173.
هەر دەربارەی ڕۆڵی ئەو باوەڕبەخۆبوونەی مەلا مستەفا، دوای بەڵێنەکانی ئەمریکا بە یارمەتیدانی کورد، وە ڕۆڵی ئەوە لە پاڵدانی زیاتری کورد بەرەو پێکدادانی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی عێراق، بڕوانە: McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 333.

[293] بڕوانە، بۆ نموونە: Weinbaum, ”The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East”, 1987, p. 41.

[294] الحیزب الدیمقراطی الکردستانی، *تقییم مسیره الثوره*، ١٩٧٧، ص. ٤٢.

[295] بە گشتی لێکۆڵینەوەکەی مارڤین وێینباوم، بۆ تێگەیشتن لە شێوازەکانی دەستخستنە ناوەوەی هێزێکی دەرەکی لە دۆخی ناوەخۆی وڵاتێکی دیکە، زۆر بە سوودە بە تایبەتی لە ڕێگای یارمەتیدانی گروپێکی ئیتنی کە لە ململانێدایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەو وڵاتە، بەمەش کێشە ئیتنییەکە دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی "**بە نێودەوڵەتیبوون**". بە پێی لێکۆڵینەوەکەی مارڤین، بە گشتی پێنج شێوازی یارمەتی دەرەکی بۆ گروپە ئیتنیکییەکان هەن. بڕوانە: Weinbaum, ”The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East”, 1987, pp. 35-36.

یەکێکیان ئەوەی تر **بەرهەمدەهێنێتەوە یا بەهێزی دەکات**. بە هەر حاڵ، دواتر دەرکەوت کە بنچینە و سەرچاوەی باوەڕ بەخۆبوونەکەش هەر **بە هەڵەتێگەیشتن** بوو، نەک تێگەیشتنێک کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی ورد و واقیعبینانە بووبێت: واقیعبینانە بە واتای خوێندنەوەی دۆخ و **پێدراوەکان وەک خۆیان**، نەک وەک **مرۆڤەکان حەز دەکەن**، واتە نەک وەک **بیرکردنەوەیەکی دڵخوازانە**.

لە لایەکی ترەوە، تێگەیشتنی دروست بەردەوام پێویستی بەوە هەبوو کە لە هەموو ئاستەکانی ململانێ و سیاسەتکردندا، بە تایبەتی لە رەهەندی ئیقلیمی و جیهانیدا، لە سەروی هەمووشیانەوە ئەو راستییەی کە دواجار ئێران، کە بەشە هەرە گرنگەکەی "هاوپەیمانییە چوارقۆڵییەکە" بوو، داگیرکارێکی بەشێکی تری کوردستانە و لە بەرژەوەندی ستراتیجی ئەو وڵاتەدا نییە کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان بگات بە تەواوی مافەکانی. جگە لەوەش کێشەی کورد لە عێراق بۆ ئێران **کارتێکی یاریکردنی کاتیی بوو** و دواجار بۆ مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێنا. بەم واتایەش شای ئێران هەرگیز نەیئەخواست ئەو کارتەی لەدەست دەربچێ، بەبێ ئەوەی ئامانجەکانی لە بەکاربردنی ئەو کارتە بەدەست هێنابێت. هەر وەک ئێدیث ئێنرۆس دەڵێ، یارمەتی لایەنێکی دەرەکی بەردەوام لە رۆشنایی بەرژەوەندییەکانی لایەنە دەرەکییەکە ئەدرێ بەو لایەنەی کە یارمەتییەکە وەرئەگرێ، بەبێ گوێدانە چارەنووسی ئەو لایەنەی کە یارمەتیەکە وەردەگرێ[296]، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا نموونەکە جوڵانەوەی چەکداری کوردە کە لە ئێران یارمەتی وەرئەگرت.

بە هەر حاڵ، بە تێڕوانینێک لە قسەکانی مەلا مستەفا دوای شکستەکە، هەندێک سەرەداوی گرنگمان دەست دەکەوێت، بە تایبەتی لەمەڕ بە هەڵەتێگەیشتن لە بابەتی رۆڵ و بەرپرسیاریی خۆی وەک رابەری یەکەم، هەروەها خوێندنەوەشی بۆ هۆکار و سروشتی شکست و نسکۆکە. بە تایبەتی جێگای ئاماژە و گرنگییە کە مەلا مستەفا، دوای چوونی بۆ ئەمریکا لە پایزی ١٩٧٥، زۆر هەوڵیدا کیسنجەر ببینێت، بەڵام سەرکەوتو نەبوو. بە هەر حاڵ، لە بری کیسنجەر چاوی بە جۆزێف سیسکۆ، یاریدەدەری کیسنجەر بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک، کەوت. لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ سیسکۆ لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٥، مەلا مستەفا نارەزایی توندی بەرامبەر ئەمریکا پیشانداوە بە هۆی کشاندنەوەی پاڵپشتی بۆ کورد[297] و وتویەتی کە هەرگیز لەگەڵ عێراق نەدەچووە شەڕەوە ئەگەر کەمترین رادەی گومانی لە "بەڵێنی" ئەمریکا هەبووایە، بەڵام سیسکۆ لە وەڵامدا وتویەتی: "**دەوڵەتی ئەمریکا تەنها لە سەر داواکاری شا یارمەتی کوردی داوە وە هەر لەسەر داواکاری شای ئێرانیش کۆتایی بەو یارمەتیانە هێناوە**. سیسکۆ هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە

---

[296] Penrose, *Iraq,* 1979, p. 371.

[297] جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە جگە لە دەیڤید کۆرن، (ئارۆن لاثام)یش وتارێکی زۆر سەرنجراکێشی نووسیوە دەربارەی بەسەرهات و شکستی جوڵانەوە چەکدارییەکە، زۆر بە تایبەتیش دەربارەی مەلا مستەفا، دوای ئەوەی کە دەچێ بۆ ئێران و دواتر دەچێ بۆ ئەمریکا و پەرۆشی ئەو بۆ گەیانی نارەزایەتییەکانی بەرامبەر بەوەی کە ئەمریکا بەرامبەر بە کورد کردی، هەروەها جارێکی تر گەڕانەوەی بۆ ئێران و بۆ دوایین جاریش، بە یەکجاری، جێهێشتنی ئێران و چوونەوە بۆ ئەمریکا و کۆچی دواییشی هەر لەوێ. بڕوانە:
Latham, ''What was Kissinger afraid of in the Pike Report'', 1976, pp. 50-68.

کە ئەمریکا هیچ دەستی لە ڕێکەوتننامەی جەزائیردا نەبووە"[298]. بە هەر حاڵ، مەلا مستەفا لە هەوڵەکانی بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە ئەمریکا بەردەوام دەبێت، کاتێکیش پرسیاری لێ ئەکرێ ئایا هەڵەی هەرە گەورەی ڕێڕەوی ژیانی ئەو چی بووە، لە وەڵامدا مەلا مستەفا دەڵێ "**هەڵسەنگاندنی** من بۆ حکومەتی ئەمریکا، کە دواجار خیانەتی لێکردین"[299]. هەروەها دەڵێ، "ئێمە هەست بە تاڵی دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی ئێمە لە لایەن دوژمنەکانمانەوە، بەڵکو لە لایەن دۆستەکانمانەوە، تێکشکێنراوین"[300]. بە هەر حاڵ، پێویستە بە گرنگییەوە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە نێوان ئەم دوو دەربڕینەی مەلا مستەفادا جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش بەدی ئەکرێ: لە کاتێکدا بە ڕاشکاوی ناوی ئەمریکا دەهێنێ، وەک ئەوەی ئەو وڵاتە بەرپرسی سەرەکی بووبێ لە شکستی کورد، بەڵام لە دەربڕینی دووەمیدا بە **کۆ** گوزارەش لە "**دۆستەکان**" دەکات، واتە نەک هەر ئەمریکا بە تەنیا، بەڵام دیسان بە ئاشکرا ناوی ئێران ناهێنێ. دەرەنجام، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، تا مەلا مستەفا بۆی کرابێ **خۆی بە دوور گرتووە** لە سەرکۆنەکردنی ئێران یا ناوهێنانی ئەو وڵاتە وەک **بەرپرسی سەرەکی** لە شکستی جوڵانەوەکە! لە لایەکی ترەوە، مکداوڵ لەو بڕوایەدایە کە **بە هەڵەتێگەیشتنە** هەرە گەورە و بنەڕەتییەکەی مەلا مستەفا ئەوەبوو کە ئەو باوەڕی بەوە هێنابوو ئێران و ئەمریکا یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی شکست بە عێراق بهێنێ، نەک بەکاری ببەن لە پێناو ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان. هەروەها دەڵێ، هەڵەی مەلا مستەفا لەوەدا بوو کە ئەو نەیتوانی هێزی سەربازیی عێراق بە باشی هەڵبسەنگێنێ، هێزێک کە ئیتر لە توانایدا هەبوو جوڵانەوە چەکدارییەکەی مەلا مستەفا لە بەرەی جەنگ تێکبشکێنێ[301].

شکستی جوڵانەوەی چەکداری دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ئەمریکا هەبوو، لە ئاستی فەرمی و نافەرمیدا. لەوە دەچێ لەو کاتەدا ڕابەرایەتی کوردیش، لە ناویاندا مەلا مستەفا، ئاگاداری ئەوە بووبن کە لە ئەمریکا میدیاکان، وەک "**دەسەڵاتی چوارەم**"، ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەرییان هەیە و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەش لە هەموو ئاستەکاندا بە وردی حسێب بۆ ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە ئەکەن. لەم ڕووەشەوە، وەک دەربڕینی مەترسییەک لەوەی کە چیرۆکی بەسەرهاتی کورد ئەکرێ ببێتە **هەواڵێکی بێزارکار بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا**، لە ١٠ی ئەپریلی ١٩٧٥، سەرۆکی وێستگەی سی ئای ئەی لە تەهران، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی سی ئای ئەی کۆلبی، دەڵێ ئەگەر بەرپرسە

---

[298] Korn, "The Last Years of Mustafa Barzani," 1994, online version.
جێگای ئاماژە و وەبیرهێنانەوەیە کە، بە پێی بەڵگەنامەیەکی سەفارەتی ئەمریکی لە بەغداد، ١١ ساڵ پێشتر، واتە لە ساڵی ١٩٦٤، ئەمریکییەکان ئامۆژگاری کوردیان کردووە کە "**نابێت وەک داردەستی کەسانی دیکە کار بکەن یان خۆیان بکەن بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە** و نابێت گوێ لەو کەسانە بگرن کە دەیانەوێت شەڕ دەست پێبکاتەوە [...] بە بۆچوونی ئێمە ئامانجی کورد لە عێراق بە توندی تووشی زیان دەبن ئەگەر کورد وەک داردەستی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە کار بکەن". بڕوانە: لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٦ی دیسێمبەری ١٩٦٤، لە: ڕەحمانی، ٢٠١٣، لاپەڕە ١٨٨-١٨٩. تێبینی: لە هەندێک جێگای نامەکەدا بە ناڕوونی باسی ئێران دەکرێ بە وشەی بۆ نموونە "کەسانی دیکە" بەڵام لە درێژەی نامەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بە ئێران دراوە.
هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە.
[299] *Washington Star*, Apr. 18, 1978. هێمای تۆخکردنەوە هی نووسەرە
[300] Latham, "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", 1976, p. 63.
[301] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 1996, p. 323.

ئەمریکییەکان، بۆ نموونە کیسنجەر، شتێک نەکەن بۆ یارمەتیدانی کورد، کە لە مەترسیدارترین دۆخدان، ئەوا پشتڕاست بن لەوەی کورد قەبوڵی ناکەن "**بنێژرێن بەبێ ئەوەی چیرۆکی خۆیان بۆ جیهان گێڕابێتەوە**"[302].

لە ڕاستیدا هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکداری کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ئەمریکا هەبوو، زۆر بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی پایک؛ بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو دەنگدانەوەیە هەرگیز بەبێ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە فەراهەم نەدەبوو. ئەم دەنگدانەوەیە ئەو سنوورەی تێپەڕ کرد کە تەنها گێڕانەوەی چیرۆکی کارەساتباری کوردان بێت، بەڵکو: **یەکەم**، کێسەی ململانێی نێوان دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکار، بە تایبەتی ڕۆڵ و دەسەڵاتەکانی دامەزراوەی هەواڵگری سی ئای ئەی بە یەکجاری واڵاکرد؛ **دووەم**، ڕەنگدانەوەی ئاشکرای هەبوو لەسەر ڕادەیەک لە داکۆکیکردن لە کورد و هاوسۆزی لەگەڵیان. هەر بۆ نموونە، ڕۆژنامەنووسی ناوداری نیو یورک تایمز، ولیەم سەفایەر[303]، لە دوو وتاردا لە فیبرووەری ١٩٧٦ زۆر بە توندی سەرکۆنەی وڵاتەکەی خۆی، واتە ئەمریکای، کرد و کۆتاییهێنان بە یارمەتییەکانی ئەمریکا و ئێرانی بۆ کورد وەک "فرۆشتنی بێ ویژدانانەی" نەتەوەیەک لە قەڵەمدا[304]. سەفایەر لە هەڵوێستەکانیدا تەنها بە سەرکۆنەکردنی وڵاتی خۆی ناوەستێت، بەڵکو لە وتارێکدا پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەمریکا بەردەوام بێت لە یارمەتیدانی کوردان و بە هانایانەوە بچێ. سەفایەر دەنوسێت، "لە پێناو فەراهەمکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، وە سڕینەوەی پەڵەی خیانەت"، پێویستە ئەمریکا، بە سیاسەتێکی دەرەوەی بونیادنراو لەسەر بنچینەی مۆراڵ و ویژدان: **یەکەم**، ٦٠٠ پەنابەری کورد وەرگرێ؛ **دووەم**، هەوڵ بدات مەسەلەی کورد بکات بە بەشێک لە ئەجێندای پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت؛ **سێهەم**، کاریگەریی بخاتە سەر ئێران و میسر بە ئاراستەی یارمەتیدانی کورد؛ **چوارەم**، کێشەی کورد بخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان وە لە پێناو یارمەتیدانی کورد سوود لەو تیشکە وەربگیرێت کە لە ئێستادا خراوەتە سەر کێشەی کورد[305]. دەبێ ئەوەش بەبیر بهێنینەوە، سەفایەر تەنها نموونەیەکە لە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووس و دەزگا میدیاییەکان کە بە گرنگییەوە تیشکیان خستۆتە سەر بەسەرهات و چیرۆکی کوردان، لەوانەش دەیڤید کۆڕن و ئارۆن لاثام، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە نووسراوەکانیان وەرگیراوە.

## ٥- دەرەنجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستی بوو تێگەیشتنێکی تر بخەملێنێ دەربارەی بەشێکی کورت، بەڵام زۆر گرنگ، لە مێژووی نوێی کوردستان، کە ئەویش بەشی یەکەمی دەیەی ١٩٧٠کانە. تیشکی

[302] Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 86.

[303] جگە لەوەی ولیەم سەفایەر ڕۆژنامەنووسێکی ناودار بوو، لە هەمان کاتدا تا ساڵی ١٩٧٤ نووسەری وتارەکانی (نیکسۆن)یش بوو.

[304] Bill, *The Eagle and the Lion,* 1988, p. 207.

[305] Safire, *Safire's Washington,* 1976, p. 88.

لێکۆڵینەوەکە بە تایبەتی لەسەر پرۆسە و ڕووداوەکانی سێ ساڵی مێژووەکەیە، واتە لە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥. تەنانەت لەم ماوە کورتەشدا، تیشکەکە زیاتر لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی جوڵانەوەی چەکداری ئەو کاتەی باشوری کوردستانە، لە سەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا. هەڵبژاردنی ناوی (کیسنجەر)یش، **وەک ئەوەی** لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا **ئەو نوێنەرایەتی ئەمریکا بکات**، نە کاردانەوەیەکی بە پەلەیە لەسەر کۆچی دوایی ئەم دیپلۆماتکارە وە نە ئەوەشە کە بە زەرورەت بمانەوێ بڵێین ڕۆڵی ئەمریکا یا کیسنجەر، لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە تیشکی لێکۆڵینەوەیان خراوەتە سەر، یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەتی لە پرسی چارەنووسی کارەساتباری جوڵانەوەکە. لە لایەکی ترەوە، هەر لە سەرەتای جێگیربوونی پەیوەندی فەرمی لە نێوان کورد و ئەمریکا، لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢ تا شکستی کارەساتباری جوڵانەوە چەکدارییەکە، کیسنجەر هەڵسوڕێنەری سەرەکی و کارای دۆسیەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا بوو. لە لایەکی ترەوە، تەنها تیشک خستنە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد لەو ماوەیەدا بەشی ئەوە ناکات بۆ ئەوەی بە باشی لە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە و کۆتایی جوڵانەوەکە بگەین. لەم بارەیەشەوە، ڕۆڵی ئێران نەک هەر تەواوکاری پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکایە، بەڵکو **بە تەواوەتی ناوەندی و یەکلاکەرەوەیە**، لە ڕاستیدا ڕۆڵی ئەمریکا زیاتر لە پەراوێزە تا ناوەند. بەڵام لە یەک ڕەهەندا دەکرێ ئەمریکا ڕۆڵی ناوەندیی ببینێ ئەویش ئەوەیە کە، لە دیدی ڕابەرانی جوڵانەوە چەکدارییەکە، ئەم ڕۆڵە ناوەندیی و یەکلاکەرەوەیە، چونکە "**گەرەنتی و زامنکارە**" لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێراندا، کە بە هەر حاڵ دواجار دەرکەوت کە ئەمە بە هەڵەتێگەیشتنێکی کارەساتباری ڕابەرایەتییەکە بوو!

لە چوارچێوەی تیوریدا، لێکۆڵینەوەکە، بە گرنگییەوە، هەوڵیداوە لە سروشتی ئەو پەیوەندییانە بگات کە جوڵانەوە چەکدارییەکە ببوو بە بەشێک لێیان، بۆ ئەوەی دواجار تێگەیشتنێکی جیاوازتر دەربارەی سروشتی ئەو پەیوەندییانە بخەملێنێ. کاریگەریی ئەم پەیوەندییانەش لەسەر سروشت، ناسنامە و ماهیەتی جوڵانەوەکە ڕەهەندێکی گرنگ و گەوهەری لێکۆڵینەوەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش هەندێک چەمکی تیوری بەکاربراون، بە واتای ئەوەی ئەم چەمکە تیورییانە یارمەتیدەر بوون لە بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش بە دوو شێوە: **یەکەمیان**، بۆ تێگەیشتنی پێدراو، پرۆسە و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان؛ **دووەمیان**، بۆ سوود وەرگرتن، بە شێوەیەکی زانستییانە، لەو سەرچاوانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکار براون.

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکە زۆر بە کورتی، وەک پاشخان، تیشک خراوەتە سەر ساڵانی ١٩٦٠کانی جوڵانەوە چەکدارییەکە، بە تایبەتی جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە جوڵانەوەکە لەو ساڵانەدا بەرقەراریکردون. ئەم پەیوەندییانە، بە شێوەیەکی چارەنووسساز، لە نێوان بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥ چڕ دەبنەوە، بە شێوەیەک کە چیتر قسە کردن لەسەر **پەیوەندییەکان** تەنها باسی ڕووی دەرەوەی جوڵانەوە چەکدارییەکە نییە، بەڵکو بە هەمان ڕادەی گرنگیی باسەکە، لە ڕۆشنایی سروشتی ئەو پەیوەندییانە دەرەکییانە، دێتە سەر کاریگەریی ئەو پەیوەندییانە لەسەر کرۆک و ناوەڕۆکی جوڵانەکەش، بەو واتایەی کە **سروشتی پەیوەندییەکان** کاریگەری لەسەر **ناسنامە و**

**سروشتی ناوەڕۆکی، هەرە ناوەوەی،** جوڵانەوەکە هەبووە. کاریگەرییەکە بە شێوەیەکە ئیتر ئەم پەیوەندییانە وادەکەن سروشتی جوڵانەوەکە توشی دوانەییەک ببیێ، کە دواجار دەرکەوت ئەم دوانەییە **کوشندە بوو:** دەرەنجام جوڵانەوەکە لە ناخی خۆیدا پێویستە **بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانیی** بێت، کە هەڵبەتە هەر ئاوهاش بانگەشەی بۆ دەکرا، کەچی لە لایەکی ترەوە، ئەم پەیوەندییانە وا ئەکەن سروشتی جوڵانەوەکە لە **رزگاری نیشتمانییەوە** بگۆڕێ بۆ **شەڕی بە وەکالەت.** لە راستیدا هەر ئەم حاڵەتی دوانەییبوونە کرۆک و ناواخنی ئەو پرۆسەیە پێکدەهێنن کە تیایدا جوڵانەوەکە بە چارەنووسێکی کارەساتبار دەگات.

بەم واتایەش دژایەتییەکی روون، هەروەها کەمەرشکێن، لە نێوان ئەم دوو خەسڵەتەی جوڵانەوەکە، بەتایبەتی دژاتییەکی قوڵ و توند لە کرۆکی **هێز و تواناى** جوڵانەوەکەدا دروست دەبێت: لە **رووی ناوەوەیدا** ئەم جوڵانەوەیە **رەوایەتی بوونی خۆی** لە دۆزی رەوای گەلێکی ژێر دەستە و ستەملێکراو وەردەگرت، **توانستەکەشی** لە ئەوانە وەردەگرێت کە، گیان لەسەر دەست ئامادەن بە بەهاترین شت، واتە بە ژیانیان، **قوربانی بۆ ئەم دۆزە بدەن:** ئەوانە وزە و توانای راستەقینەی جوڵانەوەکە بوون. لە بەرامبەردا، لە **رووی دەرەوەیدا،** جوڵانەوەکە تەواوی هێز و تواناکانی لە **هاوپەیمانییەکی** "گوماناوی و ناپیرۆز" وەردەگرت، کە لە **کرۆکی پەیوەندییەکەدا وڵاتێکی داگیرکاری کوردستان،** واتە ئێران، ئەندازیار و داینەمۆ، هێز و توانستی هاوپەیمانییەکە بوو. بە زمانێکی روونتر بڵێین، بەشێک لە تراجیدیاکە ئەوە بووە کە جوڵانەوە چەکدارییەکەی کورد، لە هاوکێشە ئیقلیمییەکەدا، بە ئاگا یان بێئاگا، **شەڕێکی بە وەکالەتی** بۆ هەندێ ئامانجی سنووورداری ئێران ئەکرد[306]. دەرەنجام، **ئەم سروشتە ناکۆک و پڕ لە دژایەتییەی جوڵانەوەکە،** بنەما و هۆکاری هەرە گرنگ و سەرەکی بوو لە شکستی بەهاری ١٩٧٥. لە کاتێکدا لە رووی ناوەوەی جوڵانەوەکە، تەنانەت لە چرکەساتی شکستەکەشدا، دۆزە رەواکە هەر زیندوو بوو و روحی قوربانیدانی دەیان هەزار پێشمەرگە و لە پشتیشیانەوە گەلێکی ئامادە بۆ قوربانیدانی زیاتر هەبوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لە رووی دەرەوەی جوڵانەوەکە، **زەرورەتی هاوپەیمانییە گوماناوییەکە کۆتایی هاتبوو،** بە واتای ئەوەی **زەرورەتی بەردەوامیی شەڕی بە وەکالەت بە کۆتایی گەیشتبوو،** ئیتر دەرەنجام جوڵانەوەکەش، تا ئەو جێگایەی خۆی وەک بزاڤێکی رزگاریخوازی دەناساند، بە کۆتایی کارەساتباری خۆی گەیشت.

* * *

هەر زوو دوای رێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و رژێمی ئەو کاتەی عێراق کەوتنە حاڵەتێکی بەرز و نزمی، تەنانەت رادەی تەنگەژە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو،

---

[306] دواجار، ئەکرا یەکێک لە شێوازەکانی نزیکبوونەوە لە بابەتی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەمریکا، ئێران و کورد لە چوارچێوەی بۆچوونێکی تیوری جیاواتر بوایە، بەو واتایەی ئەکرا خاڵی لێوەدەرچوونی تیوری بەم شێوەیە بێت: ئەوەی روویدا دوو دانە شەڕی بە وەکالەت بوو، یەکێکیان لە ناواخنی ئەویتردا، کورد لە شەڕێکی **راستەوخۆی "کورددیدا"** بە وەکالەت خزمەتی بە ستراتیجی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا کرد، وە ئێرانیش "لە شەڕێکی ناڕاستەوخۆدا" خزمەتی بە ستراتیجی ئەمریکا کرد! بە هەر حاڵ، ئەکرێ ئەم شێوازە لە بیرکردنەوەی تیوری ئامانجی لێکۆڵینەوەیەکی تر بێت.

دەرەنجام: متمانەی نێوان هەردوو لا درزی تێکەوت، لەگەڵ کاتدا نەک هەر ئەم دۆخە چارەسەر نەکرا، بەڵکو رۆژ دوای رۆژ بێمتمانەیی جێگای بە متمانە لەق ئەکرد. لە دۆخێکی ئەوهادا هەردوو لا، هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی بارگرژی و تەنگەژە، بە چڕی کەوتنە هەوڵی **بەهێزکردنی پێگەیان بەرامبەر بە یەکتر**. بە واتایەکی دیکە، لایەنی کوردی لە لایەک وە رژێمی عێراق لە لایەکی ترەوە کەوتنە بەرامبەر دوو ئاراستە و بژاردەی تەواو دژ بە یەکتر، لە لایەکەوە هەوڵدانی هەر یەکەیان، تا رادەیەکیش بە رواڵەت، بۆ پابەندبوون بە رێکەوتنی ١١ی ئادار و جێبەجێکردنی، لە لایەکی ترەوە گەڕان بە دوای هەموو دەرفەتێکدا بۆ **بەهێزکردنی پێگەی خۆی** بەرامبەر بە لایەنەکەی تر. لە ئاراستە و هێڵی تەریبی بەهێزکردنی پێگەکانیشیان، هەردوو لا هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ **بەدەستهێنانی یارمەتی دەرەکی**، یارمەتییەک کە بە رادەی یەکەم ببێتە هۆی بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانیان.

عێراق ئەم ئامانجەی، تا رادەیەکی زۆر، لە ئەپریلی ١٩٧٢ پێکا، لە رێگای "هاوپەیمانی ستراتیجی" لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. ئەم دۆخە پڕ لە دژایەتییە قوڵتر بوویەوە و چوویە قۆناغێکی ترەوە کاتێک، لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینی ١٩٧٢، هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی هاوپەیمانی چوار قۆڵی (ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا و کورد) گەیشتنە خاڵی **وەرچەرخان**، کاتێک ئێران بەڵێنی یەکلاکەرەوەی ئەمریکای، بۆ پاڵپشتیکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد، بەدەستهێنا. دەرەنجام، **هاوسەنگی هێز** لە نێوان کورد و بەغداد لە رەگ و ڕیشەوە گۆڕا، بەمەش سیاسەتە کوردییەکان و شێوازی مامەڵەی جوڵانەوەی چەکداری لە بەرامبەر بەغداد گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەم "**هاوپەیمانییە چوار قۆڵییە**" سروشتی پەیوەندییەکانی کورد و بەغدادی گۆڕی و کوردی بەرامبەر بە بەغداد بردە پێگەیەکی دیکەوە، **نزیکتر لە شەڕ و پێکدادان**، تا پێچەوانەکەی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو دەرەنجامەی، کە لە لێکۆڵینەوە لە ئەم پەیوەندییە پڕ لە دژایەتییەدا پێیگەیشتووین، ئەوەیە ئیتر دوای ئەم دوو هاوپەیمانییە دژ بەیەکە، **هەر لایەک** بەرامبەر بە لایەنەکەی دیکە چووە دۆخێک لە **باوەڕ بەخۆبوونەوە** کە تیایدا، بە هەر حاڵ بە باوەڕی خۆی، دەتوانێ لە پێگەیەکی بەهێزترەوە بچێتە شەڕەوە بەرامبەر لایەنەکەی تر و لە شەڕەکەشدا براوە بێت.

بەم واتایەش، ئەگەرچی شەڕی بەرەیی و "گەرم" و خوێناوی لە بەهاری ١٩٧٤ دەستپێدەکات، بەڵام شەڕ لە ئاستە سیاسی و دیپلۆماسییەکەیدا، بە تایبەتی لە رووی **دیپلۆماسیی بونیادنانی هەوپەیمانی**، هەر لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٢ بە چڕی دەستییپێکرد، چونکە لەو کاتەدا رازیبوونی ئەمریکا بە داواکارییەکەی شای ئێران بۆ ئەوەی یارمەتی کورد بدات، بە تەواوەتی بەدەست هات. بە رازیبوونی ئەمریکا و بە ئەنجام گەیشتنی هوپەیمانیی چوار قۆڵی ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل و کورد، **باوەڕ بەخۆبوونی رابەرایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە**، لە پێش هەمووشیانەوە مەلا مستەفا، لە رووی ئامادەیی بۆ شەڕ لەگەڵ رژێم، چووە قۆناغێکی ترەوە. لە لایەکی ترەوە، رووداوەکان دەریانخست کە بنەمای ئەم باوەڕبوخۆبوونە **پڕ بوو لە کێشە و ئاڵنگاری**. چوارچێوە هەرە فراوانەکەی کێشەکەش **بە هەڵەتێگەیشتنی** کۆی **پێکهاتە و رەگەزەکانی** ئەو هاوپەیمانییە بوو، کە کورد لایەنێکی بوو، واتە **هەڵەتێگەیشتن** لە: **یەکەم**، **ئامانج** و **پاڵنەرە** راستەقینەکانی سێ لایەنەکەی تری، غەیرە کورد لە هاوپەیمانییەکەدا؛ **دووەم**، خەسڵەت و بنەماکانی پەیوەندییەکان؛

**سێهەم**، سروشتی ئۆپەراسیۆنی پشتیوانی ئەمریکا بۆ کورد، کە لە پێش هەموو شتێکەوە **نهێنیبوونی** ئەو ئۆپەراسیۆنە هەڕەشەی هەرە گەورە بوو لەسەر تەواوی بەرنامەی پشتیوانییەکە؛ **چوارەم**، دووانەییبوونی رۆڵی کورد: لە لایەکەوە کورد لە ناوەڕاستی هاوپەیمانییەکە بوو لە رووی **قوربانیدان و شەڕە مەیدانییەکە**، بەڵام لە پەراوێزی هەرە پەروایێز بوو لە رووی ئەو بڕیارانەی کە بۆ چارەنووسی جوڵانەوە چەکدارییەکە و هاوپەیمانییەکە یەکلاکەرەوە بوون. بە هەر حاڵ، لە بەردەوامی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا، ئەم خاڵانە بە وردەکاری زیاترەوە بەسەر دەکەینەوە.

* * *

کورد لە باشوری کوردستان و عێراق، لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کان، ووردتر بڵێین لە کۆتایی بەهاری (١٩٧٢)ەوە، بوو بە بەشێک لە ململانێیەکی ئاڵۆز کە تیایدا جوڵانەوەی چەکداری کورد لە لایەن ئەوانی ترەوە بەکاربرا و سێ ئاستی ململانێش، لەو بەکاربردنەدا، بە چڕی ئاوێتەی یەکتر بوون: **یەکەم**، ئاستی جەنگی سارد، کە لەوێدا ئەمریکا سوودمەند ئەبوو لە بەکاربردنی توانا چەکدارییەکانی کورد بۆ **گۆڕینی هەڵسوکەوت و ئاراستەی سیاسی رژێمی عێراق**. لەم بارەیەوە، سەرەکیترین ئامانج بۆ ئەمریکا دوورکەوتنەوەی ئەو رژێمە بوو لە یەکێتی سۆڤیەت و نزیکبوونەوەی بوو لە جیهانی رۆژئاوا؛ **دووەم**، ئاستی ململانێی عەرەبی–ئیسرائیلی، کە لەوێدا ئیسرائیل، لە لاوازکردن و سەرقاڵکردنی عێراق، وەک وڵاتێکی بەهێزی "عەرەبی"، تا رادەیەک سوودمەند بوو[307]؛ **سێهەم**، ئاستی ململانێی عێراق و ئێران، لەم بارەیەوە هەر لە ناوەڕاستی ١٩٦٠کانەوە شای ئێران گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەکرێ ئێران، لە کێشەکانی لەگەڵ عێراق بە تایبەتی لە ململانێ لەسەر شەتولعەرب، لە "بەکاربردنی" جوڵانەوەی چەکداری کورد لە عێراق سوودمەند بێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی حیزبی بەعس دەسەڵاتی لە عێراق گرتە دەست و ئەو رژێمە لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکبوویەوە، ئیتر شای ئێران پێیوابوو باشترین شت بۆ ئەوەی کاریگەریی عێراق و سۆڤیەت لەسەر ئێران بگەیەنەتە نزمترین ئاست، هەر بەکاربردن و سوود وەرگرتن لە رۆڵی چالاکانەی ئەم جوڵانەوەیە باشترین بژاردە بوو؛ **چوارەم**، ئاستی ململانێ لە ناوچەی کەنداو، کە لەوێدا عێراق و ئێران وەک دوو "زلهێزی" ئیقلیمی بوون، هەوڵ و کۆششی هەر یەکێکیان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی بوو لەو ناوچەیە. ئاراستەی رووداوەکان بەو شێوەیە بوو کە دواجار ئێران توانی لە دوو هێڵی هاوتەریبدا، کە یەکێکیان شەڕێکی سنوردار بوو لە نێوان کورد و رژێمی عێراق[308] وە ئەوەی تریشیان هەوڵ و جوڵەی دیپلۆماسیی چالاکانەی

[307] لە کاتێکدا دەکرێ لە رووی رەسمییەوە بەکاربردنی ئاوەڵناوی "عەرەبی"، بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بێت، بە تایبەتی بەو پێیەی کە عێراق ئەندامێکی دامەزرێنەر و کارای کۆمکاری عەرەبییە، بەڵام لە رووی نەتەوەیی و ئیتنییەوە هەرگیز **ئەم وڵاتە عەرەبی نییە**. تەنانەت ئەگەر، هەر بۆ نموونە، بەڵگەنامەیەکی گرنگی وەک دەستوری عێراق دوای "شۆڕشی" تەموزی ١٩٥٨، بکەین بە پێوەر، ئەوا عێراق بە شێوەیەکی رەها دەوڵەتێکی عەرەبی نییە، بەڵکو کورد و "پێکهاتەکانی تر" هاوبەشن لەو وڵاتەدا.

[308] سنووردار بەو واتەیەی کە ئەو شەڕە هەرگیز نەگەیشتە ئاستی بەرەوڕووبوونەوەی دوو وڵاتەکە، واتە ئێران و عێراق.

ئێران بوو، بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ عێراقدا. لە وێستگەی کۆتایی ئەو دوو هێڵە هاوتەریبەدا رووداو و پێدراوەکان گەیشتن بە دۆخێک کە تیایدا: لە **هێڵی یەکەم**، کە هی شەڕی کورد و رژێمی عێراق بوو، جوڵانەوەی چەکداری کورد **گەیشت بە شکستێکی بێوێنە**، بەڵام لە هێڵی دووەمدا، هەوڵ و تەقەڵا دیپلۆماسییەکانی ئێران، **گەیشتن بە ئامانج**. ئەم ئەنجامەش لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە **یەکانگیربوون لە چرکەساتێکی مێژوویدا** لە نێوان شەڕی نێوان کورد و عێراق لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە هەوڵ و چالاکیە دیپلۆماسییەکان، لەوانەش رێکەوتن لەگەڵ عێراق، بەدەست هات.

بە پێداچوونەوەی بەسەرهاتی جوڵانەوەی چەکداری، زۆر بە تایبەتی لە ماوەی بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، ئەوە بە جوانی روون بوویەوە کە لە زۆر رووەوە **بێئاگایی**، **نەتوانست لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پێدراوەکان و بە هەڵەتێگەیشتن**، بە توندی رەنگی داوەتەوە لەسەر کۆی جوڵە و بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی سەرکردایەتی ئەو جوڵانەوەیە، بە تایبەتی هی رابەری جوڵانەوەکە، مەلا مستەفا: **یەکەم**، بوون بە بەشێک لە هاوپەیمانییەک کە سێ دەوڵەتی بەهێزی **خاوەن سەروەری بەرامبەر بە لایەنی چوارەم، کە ئەویش کوردە و بێبەشە لە سەروەری نیشتمانی، واتە بێبەشە لە پێگە و سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی هێز و توانست**. ئەم حاڵەتەش خۆی لە دوانەیەکدا بەرجەستە دەکات، کە دەرەنجام بە زیانی کورد تەواو دەبێت: کاتێک، **لە لایەکەوە**، باس دێتە رادە و قەوارەی قوربانی و شەڕی راستەقینە و مەسەلەی هاوسەنگی هێز لە مەیداندا بەرامبەر بە رژێمی بەعس، ئەوا کورد لە ناوەڕاستی هاوکێشەدایە، **لە لایەکی ترەوە**، لە رووی بڕیاری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە، بە تەواوەتی **لە رۆخ و پەراوێزە**. ئەوە بە تایبەتی ئێرانە کە **پێگەی ناوەندی هەیە** لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی جوڵانەوەکە، هەر وەک ئەمە لە رێکەوتنی جەزائیردا بە روونی بەرجەستە بوو. کێشە هەرە گەورەکە لەو "هاوپەیمانییەدا"، کە کورد ببوو بە بەشێک لێی، ئەوەبوو کە لایەنی کوردی، لە دوای رازیبوونی ئەمریکا بە یارمەتیدانی کورد و بە ئەنجام گەیشتنی هاوپەیمانییەکە، ئیتر چووە دۆخی باوەڕ بەخۆبوونێکی **زۆر زیاتر لەوەی کە پێویست بوو**، یا راستتر بڵێین زۆر زیاتر لەوەی کە **سروشتی هاوپەیمانییەکە رێگای پێدەدا**، کە دوایی دەرکەوت ئەم باوەڕ بەخۆبوونە زۆر زیانبەخشیش بوو، بە تایبەتی پڕ بوو لە بە **هەڵەتێگەیشتن** و **بیرکردنەوەی دڵخوازانە**، کە ئەمەش چەند ئاکامێکی هەبوو: أ- بەهەند وەرنەگرتنی ئەو هەموو هۆشیارکردنەوانە کە بە رابەرایەتی جوڵانەوەکە، بە تایبەتی بە مەلا مستەفا ئەدران، دەربارەی ئەگەری ئەوەی کە عێراق بۆ شکست پێهێنان بە جوڵانەوەکە ئامادە بوو لەگەڵ ئێران رێک بکەوێت. گرنگترینی ئەو ئاگادارکردنەوانەش ئەوانە بوون کە **راستەوخۆ لە سەدام حوسێنەوە ئەدران بە کەسی یەکەم**، مەلا مستەفا؛ ب- دوای کامڵبوونی هاوپەیمانییەکە لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٢، لایەنی کوردی هەندێ پەیام و سیگناڵی ئەدا بە رژێم کە زیاتر شیمانەی "غرور"ی لێ ئەکرا و بەمەش ئەگەری رێکەوتنی کۆتایی کورد و رژێمی رۆژ دوای رۆژ دوورتر ئەخستەوە، لە بری پێچەوانەکەی؛ **دووەم**، لەو چیرۆکەی کە تائێستا باڵادەستە، لە بابەتی شکستی کورد لە بەهاری ١٩٧٥، مێژوویێکی نووسراوی سادە هەیە کە دەخوازێ پێمان بڵێ رێکەوتنی جەزائیر **لە پڕێکا**، بێ هیچ پێشەکییەک، روویدا و لەبەر ئەوەش جوڵانەوەکە لە ماوەی تەنها چەند

ڕۆژێکدا بە تەواوەتی هەرەسی هێنا، لە ڕاستیدا لە ماوەی تەنها چەند کاتژمێرێکدا کاتێک قسە دێتە سەر کشانەوەی تۆپە دوورهاوێژەکانی ئێران. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە ڕوویدا پێچەوانەکەی بوو، واتە **بە هیچ پێوەرێک کتوپڕ** نەبوو: ئەو ساڵەی شەڕ تیایدا گەرم بوو، هاوتەریب لەگەڵ شەڕێکی خوێناویدا، بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی چڕ، لە ئاستی جیا جیای دیپلۆماسی، تەنانەت لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، هەوڵ هەبوون بۆ فەراهەمکردنی ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراق، کە ئەم هەوڵانە دواجار بە ئامانج گەیشتن؛ **سێهەم**، بە گشتی شکستی کورد لە بەهاری ١٩٧٥ وا وێنا کراوە وەک ئەوەی کورد لە "دواوە خەنجەری" لێدرابێ و کورد **لە ڕووی سەربازییەوە شکستی نەهێنابێ**، بەڵکو لە ئاستی سیاسییدا **شکستی پێهێندرابێ**. لە لایەکی ترەوە ئەوەی بە ڕوونی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە بە تەواوەتی جیاوازە لەو بۆچوونە، چونکە: **أ**- لە بەهاری ١٩٧٤ کە شەڕێکی خوێناوی دەست پێدەکات تا سەرەتای پایزی هەمان ساڵ، هێزە چەکدارەکانی ڕژێم لە ژمارەیەک بەرەوە، هەر لە زاخۆ تا سنوورەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و هەندێک قۆڵی ترەوە سەرکەوتنییان بەدەست هێنا، زۆر بە تایبەتی لە قۆڵی سەرەکی هێرشی ڕژێمدا، واتە لە قۆڵی ڕواندز و نزیکبوونەوە لەو ناوچەیەی کە سەرکردایەتی و "بارەگای بارزانی" لێبوو؛ ب- ئەم سەرکەوتنانەی ڕژێم بە توندی، ڕوو لە تواناکانی جوڵانەوەی چەکداری، کاریگەری نەرێنی لەسەر دیدی ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان دانا و بەمەش هەردوو لا کەوتنە حاڵەتی گومان لە **دۆخی** "**مەیدانی**" **جوڵانەکە** و توانا ڕاستەقینەکانی بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆی بوەستێ. ئەم حاڵەتە دەرگای بۆ زۆر سیناریۆ کردەوە، کە **بە جێگەیاندنی هیچ کام لەو سیناریۆیانە، لە لایەن ئێرانییەکان و ئەمریکییەکانەوە، ئاسان نەبوو**: **نە** شەڕێکی ڕاستەوخۆی ئێران و عێراق بژاردەیەکی خوازراو بوو لە لایەن هیچ یەکێک لە وڵاتانی ئێران، عێراق و ئەمریکا؛ **نە** زیدەکردن و بەهێزکردنی تواناکانی کورد، لە ڕووی دارایی و چەک و تەقەمەنی پێویستەوە، بژاردەیەکی ئاسان بوو؛ وە **نە** دەستەوەستانیش بە دیار پوکانەوەی جوڵانەوە چەکدارییەکەوە بژاردەیەکی دروست بوو؛ ج- هەر لە سەرەتاوە، لە بابەتی ڕادەی خواست و ئامادەیی ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان بۆ یارمەتیدانی کورد، **بە هەڵەتێگەیشتنێکی کوشندە لای ڕابەرایەتی جوڵانەوەکە هەبوو**، بە تایبەتی بە هەڵەتێگەیشتن لە **جۆری ئەو چەکانەی** کە ئەو دوو لایەنە ئامادە بوون بە کوردی بدەن. چونکە دەرکەوت ئەو چەکانە هەرگیز نەئەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە ڕابەرایەتی جوڵانەوەکە چاوەڕوانی بوو، واتە هاوتای ئەو چەکانە بن کە ڕژێمی بەعس دژی کورد بەکاری ئەبرد، چونکە هەردوو لا، ئێران و ئەمریکا، کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە تەنها **چەکی بەرگری، نەک چەکی هێرشبردن**، بدرێ بە کورد. لە ڕاستیدا لە چەکی بەرگریشدا ئەو دەستکراوەییە پێویستە نەبوو، بەڵکو لەو ڕووەوە سنووردارکردنێکی ڕوون و ئاشکرا هەبوو؛ **چوارەم**، هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەردەستن ئەوە پشتڕاست ئەکەنەوە کە سەرکردایەتی کورد لەو کێشە و خاڵە لاوازانە نەگەیشتبوون کە "**نهێنیبوونی ئۆپەراسیۆنی**" پشتیوانییەکەی ئەمریکا لە کورد لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتبوون و هەڕەشەی جیددیش بوون **لەسەر تەواوی پشتگیرییەکە**. لە لایەکی ترەوە، ئەو بەڵگەنامە و سەرچاوانەی لەبەر دەستدان ئەوەمان پیناڵێن کە ڕابەرایەتی کورد نیگەران بووبێت کاتێک ئەمریکییەکان زیاتر لە جارێک ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە **نهێنیبوونی**

ئۆپەراسیۆنەکە گەرەنتی بەردەوامیی پشتگیرییەکەی ئەمریکایە. لەوەش گرنگتر، مەبەستێکی گەوهەری ئەمریکییەکان لە نهێنیبوون ئەوە بوو کە ئەوان، "**لە کاتی پێویستدا**"، بتوانن "**حاشا**" و نکۆڵی لە ئۆپەراسیۆنی پشتیوانیکردنی کوردان بکەن و بە ئاسانی **دەستی لێهەڵگرن**؛ **پێنجەم،** تێوەگلانی ئێران لە ململانێی چەکداری کورد و رژێمی عێراق، بە تایبەتی بە بەشداری پێکردنی هەندێ هێزی سنووورداری ئێرانی بە تۆپی دوورهاوێژ و بە جلی کوردییەوە، **دوانەیەکی پڕ بوو لە دژایەتییەکی مەترسیدار**: لە لایەکەوە یارمەتییەکەی ئێران زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی جوڵانەوە چەکدارییەکە **بتوانێ کەمێک باشتر لەسەر پێی خۆی بوەستێ و پارێزراو بێت لە شکستێکی مەیدانی یەکلاکەرەوە**؛ بەڵام لە ئاراستەی  پێچەوانەدا، ئەم تێوەگلانەی ئێران بوو بە بارگرانایی بەسەر جوڵانەوەکەوە. دواجار، ئەم تێوەگلانەی ئێران، هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی پێکدادانەکان و چڕبوونەوەی شەڕ، بووە هۆی زێدە بوونی **مەترسی** لە لایەن ئێران، عێراق و ئەمریکا لە **شەڕێکی راستەوخۆ**، کە لە راستیدا، هەروەک وترا، **هیچ کام لەم سێ وڵاتە خوازیاری ئەو شەڕە راستەوخۆیە نەبوون**. لە راستیدا تۆی شکست و هەرەسهێنانی جوڵانەوەکە، هەر لە سەرەتاوە، **لە ناواخنی ئەو پشتگیرییەدا** چەکەرەی کرد کە ئێران لە جوڵانەوەکەی چەکداریەکەی ئەکرد، وە بە تێوەگلانی زیاتری ئێران مەترسی ئەو شکستە پەرەی سەند، چونکە بەم تێوەگلانە رادەی **وابەستەیی** جوڵانەوەکە بە ئێرانەوە چووە ئاستێکی مەترسیدارترەوە، ئەوەشی دواجار لە پاڵپشتی و تێوەگلانەش بەرهەم هات شکستێکی کەمەرشکێن و بێوێنە بوو؛ **شەشەم،** لە لایەنی کوردییەوە **بە هەڵەتێگەیشتنێکی** کاریسەئامێز لە بابەتی رۆڵی ئەمریکا و ئێراندا هەبوو: لە کاتێکدا قورسایی لایەنی کوردی، لە کۆی پێشوەچوونەکان، لەسەر رۆڵی ئەمریکا بوو وە متمانەی تەواویشی "**تەنها**" بەو وڵاتە هەبوو، کەچی لە راستیدا **ئێران**، **نەک ئەمریکا**، **لە سەرەتا تا کۆتایی**، بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی ئاراستەکان بوو. بە تایبەتی ئەو **بە هەڵەتێگەیشتنە** کەمەرشکێن بوو کە گوایە ئەمریکا رۆڵی "**زامنکار**"ی ئەبینێ، چونکە بەڵێنێکی لەم جۆرە، واتە بینینی رۆڵی زامنکار، هەر لە سەرەتاوە، لە لایەن ئەمریکاوە بە کورد نەدرابوو. بەم واتایەش ئەم **رۆڵی زامنکارە**، کە **کورد خۆی دابوویە پاڵ ئەمریکا**، ئەو ئەگەرە بە هێز دەکات کە ئەوە کورد خۆی بوو، تاکلایەنە و لە چوارچێوەی **بیرکردنەوەی دڵخوازانە** و **بە هەڵەتێگەیشتن**، ئەم رۆلەی بە ئەمریکا دابوو. لە لایەکی ترەوە ئێران، وەک ئەمری واقیع، رۆڵی سەرەکی بینیوە، هەر لە خەملاندن و فەراهەمکردنی هاوپەیمانییەکە تا دەگاتە بڕیاری کۆتاییهێنانی کارەساتبار بە جوڵانەوەکە. لێرەشدا گرنگە ئەوە بڵێین کە بە هەڵەتێگەیشتن وەک **چالاکییەکی دەروونی** و **هزری** هاوبەشییەکی بە هێزی لەگەڵ حاڵەتی "**بیرکردنەوەی دڵخوازانە**"دا هەیە، کە دەرەنجام سەر دەدات لە خوێندنەوەیەکی نادروست و ناواقیعبینانە بۆ پێدراو و رووداوەکان. جگە لەمەش، ئەگەرێکی بەهێزیش ئەوەیە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی بە هەڵەتێگەیشتنی رابەرایەتی جوڵانەوەکە ئەو کەلتورە سیاسییە بووبێ کە بە گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باڵادەستە، کە بەردەوام رۆڵێکی زۆر زیاتر بە زلهێزەکان دەبەخشی لەوەی کە لە واقیعدا هەیە: ئەم دیدە پێیوایە **لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زلهێزەکان بڕیار دەدەن، نەک هێزە لۆکاڵییەکان**. بەڵام، ئەوەی لە پێشوەچوونە پەیوەندیدارەکان بە دۆسیەی کوردەوە لە سێ ساڵی یەکلاکەرەوە، واتە بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥، روویدا تا رادەیەکی

زۆر **پێچەوانەی ئەو جۆرە دیدگایە** باوە بوو: ئێران لە سەرەتا تا کۆتایی بڕیاردەر بوو؛ **حەوتەم**، جگە لە هەموو هۆکارەکانی تری شکست، ئەوەی کە روویدا و جوڵانەوەی چەکداری کوردی گەیاند بە شکستە مێژوییەکەی بەهاری ١٩٧٥، یەکانگیربوونی دوو هۆکاری سەرەکی بوون: **یەکەمیان**، پاشەکشەی بەردەوامی جوڵانەوە چەکدارییەکە لە مەیدانی شەڕدا و **دووەمیان**، بە ئاکام گەیشتنی هەموو ئەو هەوڵ و گۆڕاوە سیاسی و دیپلۆماسییانە بوون، کە لە ئاکامیاندا لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ عێراق و ئێران گەیشتن بە ڕێکەوتن؛ لەوێدا ئێران دەگات بە ئامانجەکانی خۆی، بەڵام لە بەرامبەردا دەستبەرداری جوڵانەوە چەکدارییەکە دەبێت. زۆر گرنگە ئەوەش بڵێین کە ئەم دوو هۆکارە هەردووکیان، **تا رادەیەکی زۆر**، دەکەوتنە دەرەوەی ئیرادەی ئەمریکا وەک زلهێزێک.

لە راستیدا، عێراق و ئێران نەک هەر گەیشتن بە ڕێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشە، بەڵکو هەر زوو دەرکەوت کە بۆچوونی هەردووکیان یەکانگیرە لە رووی خواستی دوولایەنە لە سنووردارکردنی هەژموونی **وڵاتە زلهێزەکان لە ناوچەکە** و پاراستنی کەنداو و بێلایەن راگرتنی، وەک ناوچەیەکی هەستیار و ستراتیجی. گرنگە ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەندێ هۆکاری گرنگ هەبوون بۆ ئەوەی ئەمریکا بڕیارەکەی ئێران لە ڕێکەوتن لەگەڵ عێراق، بەو واتایەش کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەی چەکداری کورد، بە ئاسانی پەسند بکات: **یەکەم**، هەر وەک پێشتر وترا، دۆخی پاشەکشەی سەربازیی و "مەیدانیی"، کە جوڵانەوەکە لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزی ١٩٧٤ تێیکەوتبوو. ئەمە پاشەکشەیەک بوو کە ئێران و ئەمریکای بەرەوڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی نەخوازراو کردبوویەوە، کە بەجێگەیاندنی هەر یەکیان لە ئەویتر ئەستەمتر بوو؛ **دووەم**، گرنگیی ئێران، وە ئەستەمیی دەست هەڵگرتنی ئەمریکا لە ئێران، ئەگەر چی ئەمریکا سەرنجیشی هەبووبێت لەسەر ڕێکەوتنی جەزائیر؛ **سێیەم**، دەرکەوتنی هێماکانی گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ئاراستە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی رژێمی بەعس لە بەغدا، هۆکارێکی تری گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەمریکا کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ڕێکەوتنی جەزائیر و دەرەنجام کۆتایی جوڵانەوەی چەکداری کوردا نەبێت.

* * *

لە مەسەلەی بەرپرسیاریی لە شکست و هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکدارییەکە، ئەوە دواجار سەرکردایەتی جوڵانەوەکەیە، بە رادەی یەکەمیش مەلا مستەفا خۆی، کە تەواوی بەرپرسیاریی شکستەکە هەڵدەگرن. چونکە ئەوە بە رادەی یەکەم ئەرکی ئەوان بوو کە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروست بۆ رووداو و پێدراوەکان بکەن، هەڵسەنگاندنی بژاردە هەرە باشەکان بکەن و بڕیاری کۆتاییش لەمەڕ شەڕ و ئاشتیش هەر لە رۆشنایی ئەو خوێندنەوە و تێگەیشتن و. . . هتد، بدەن. کاتێکیش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کۆی رووداو، پێدراو، پەیوەندییەکان، ئاراستە سیاسییەکان، دۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی **کورت ئەهێنێ**، ئیتر لە بڕیاریشدا ئەگەری **هەڵەی کوشندە ئەکرێ**. دەرەنجام، بەشێک لەم کورتهێنانەش، وەک دەرهاوێشتەی **بە هەڵەتێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بەهەڵەداچوو**، ئەوەبوو کە **هیچ** حسێبێک بۆ سیناریۆ و لێکەوتەکانی **کتوپڕ** و **لە ناکاوی**

**کۆتاییهێنان بە پاڵپشتییەکان نەکرابوو**، بە تایبەتی پاڵپشتییەکانی ئێران. بەهەر حاڵ، سەرچاوەکان یارمەتیمان نادەن بۆ ئەوەی بزانین ئایا لۆجیک، جگە لە دەرەنجامەکانی تر کە پێیان گەیشتووین، لە پێشت ئەو بێباکییە چی بووە.

ئەوەی کە روویدا دەرهاوێشتەیەکی سروشتی کۆی دۆخەکە بوو: تەواوی جوڵانەوەکە، کە ١٤ ساڵ بەردەوام بوو، تەنها لە ماوەی چەند رۆژێکدا بە شێوەیەکی کارەساتبار و تراجیدیاوی کۆتاییهات. ئەوەی کە دواتر لایەنی کوردی پێیوابوو کە ئەم کاریسەیە چاوەڕواننەکراو بوو، لە باشترین حاڵەتدا، لە سەرەتادا بە هەڵەتێگەیشتن بووە و دوای شکستەکەش بە هەڵە نووسینەوەی مێژووە؛ ئەم جۆرەش لە نووسینەوەی مێژوو ناتوانی ئەو راستییە داپۆشی کە ناکارامەیی و نەتوانستی رابەرایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروست لە پەیام، هێما، رووداو و پێدراوەکان هۆکاری زۆر گرنگ، تەنانەت یەکلاکەرەوەش، بوون بۆ شکستە مێژووییەکەی ئاداری ١٩٧٥. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەرنەبێ دوو ساڵ بەر لە شکستەکە، رژێمی بەعس، بە تایبەتی سەدام حوسەین، بە روون و بە راشکاوی **لایەنی کوردی لە سیناریۆی ئەو کارەساتە ئاگادار کردبوویەوە، کە لە کاتی جێبەجێکردنی رێکەوتنی جەزائیری لێیکەوتەوە.** جگە لە هۆشدارییەکانیش، هاوتەریب بە درێژایی شەڕی یەک ساڵەی نێوان کورد و رژێم ژمارەیەکی زۆر لە هەوڵ و جوڵەی دیپلۆماسیی بۆ گەیشتنی عێراق و ئێران بە رێکەوتن چڕببوونەوە. لەم رووەشەوە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٣٤٨، هەر لە بەهاری ١٩٧٤، هێمایەکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی شەڕەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات و دواجار عێراق و ئێران رێکدەکەون. بەڵام لەولاشەوە، دیسان ئەم هێمایە گرنگەش، هەروەک زۆرێک لە هێما و هۆشدارییەکانی تر، لە لایەن رابەرایەتی جوڵانەوەکەوە بە هەند وەرنەگیراوە. دەرەنجام، نەتوانست لە خوێندنەوەی رووداوەکان، بە هەڵەتێگەیشتن لە کۆی پەیوەندی و چالاکییەکان و نائاگایی لە پێدراو و رووداوە هەرە گرنگەکانی هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان، کە لە راستیدا هەر لە سەرەتاوە خەسڵەتێکی بونیادیی جوڵانەوەکە بوون، هۆکارگەلی شکست و کارەساتن. لەم رووەشەوە، بەرپرسیاریی مەلا مستەفا وەک رابەری یەکەم و بێ رکابەری جوڵانەوەکە، لە شکست و هەرەسهێنانی بێوێنەی جوڵانەوەی چەکداری، سەرەکی و بێهاوتایە. باسکردنیش لە "خیانەتی" ئەمریکا لە کورد، هەر وەک مەلا مستەفا جەختی لەو جۆرە لە گوناهبارکردن کردۆتەوە، یارمەتیدەر نییە لە تێگەیشتنی هاوکێشە و رووداوەکان، بەڵکو ئەکرێ "گوناهبارکردنی ئەمریکا بە خیانەتکردن" لە کورد، لە باشترین حاڵەتدا، **خۆدزینەوە بێت لە بەرپرسیاریی و شێوازێکیش بێت لە ئەستۆپاکی رابەرایەتی جوڵانەوەکە، بە تایبەتیش هی مەلا مستەفا وەک کەسی یەکەمی ئەو رابەرایەتییە!** جگە لەوەش، بەردەوامبوون لە تۆمەتبارکردنی ئەمریکا بە خیانەت دوو لێکەوتەی نێگەتیڤی تری دەبێت: **یەکەم**، ئەم جۆرە لە گوناهبارکردن دەبێتە رێگر لەبەردەم لێکۆڵینەوەی باشتر و جیدییتر لە دۆخی رابردوومان، بەمەش تێگەیشتنی دروست لە مێژوو کورت ئەهێنێ؛ **دووەم**، ئەم جۆرە لە تۆمەتبارکرن دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرێک لە نووسینەوەی مێژوو بالادەست بێت، کە بۆ نەوەکانی داهاتوو جۆرێک بە لاڕێدابردنی لێ دەکەوێتەوە.

دەرەنجام ئەکرێ بڵێین، لە کۆتا مانگ و ڕۆژەکانی جوڵانەوەی چەکداریدا **یەکانگیربوونێکی** یەکلاکەرەوە، لە کۆمەڵێک پرسەوە، **لە نێوان** هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران دروست بوو ئەمەش وایکرد چرکە ساتە مێژووییەکە، کە تیایدا شای ئێران و سەدام حوسەین بچنە جەزائیر و ڕێکەوتنی ئاشتی مۆربکەن، کارەسات و شکستی کوردیش ببێ بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر: کۆتاییهاتنی مێژوویێکی ١٤ ساڵەی پڕ لە قوربانیدان، کە دواجار ئەوە قوربانییەکان نەبوون کە بەری ئەو هەموو مێژووە پڕ لە قوربانییەیان چنیەوە، بەڵکو بە ڕادەی یەکەم داگیرکارێکی تری کوردستان بوو کە ئەو بەرەی چنیەوە و گەیشت بە ئامانج، خەونێکی دێرینی خۆی بەدەست هێنا.

# ژێدەرەکان

## -١-

Abdulghani, Jasim M. (1984) *Iraq and Iran: the Years of Crisis.* John Hopkins University Press. Mariland.

Alroy, Gil Carl (1975), *The Kissinger Experience: American Policy in the Middle East,* New York: Horizon Press.

Anderson, Betty S. (2016), *A History of the Middle East: Rulers, Rebels, and Rogues,* Stanford, California: Stanford University Press.

Bickerton, Ian (2012), *The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed,* New York: Continuum International Publishing Group.

Bill, James, (1988), *The Eagle and the Lion: The Tragedy of American-Iranian Relations,* New haven and London: Yale University Press.

Blum, William (1998), *CIA och USA:s Verkliga Utrikespolitik,* Översättning: Johnny Lindholm, ?: Lindholm Placebo Press.

Bruinessen, Marten Van (1978) *Agha, Shaikh ans State: on the Social-Political Organization of Kurdistan,* Rijswijk: Entroprint.

Chubin, Shahram (1980), *Soviet Policy Towards Iran and the Gulf,* London: The International Institute for Strategic Studies, Adelphi Papers no. 157.

Chubin, Shahram & Charles Tripp, (1985), *Iran and Iraq at War*, London: I.B. Tauris & Co Ltd, 1988, p. 23;

Chubin, Shahram & M. Farid Saidi, (1975), *Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options*, (?, ?).

Chubin, Sahram & Zabih Sepehr, (1974) *The Foreign Relations of Iran: A Development State in a Zone of Great Powers Conflict,* Berkley and Los Angeles.

Farouk-Sluglett, Marion & Peter Sluglett, (1987) "From Gang to Elite: The Iraqi Ba`th's Consolidation of Power, 1968-1975," in *L´Irak, Le p`trole et la Guerre,"* in *Peuples Mediterraneens,* No 40, Revue trimestrielle – Juli – Sept.

Fox, Amos C. (2021), "Conflict and the Need for a Theory of Proxy Warfare", in *Journal of Strategic Security,* Vol. 12, No. 1, pp. 4-71. https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1701&context=jss Retrived 9-1-2024

Gaspard, I. (1969), "Penetrating the Baath: an ideology in search of leadership", in *The New Middle East,* No. 81, May.

Gause, F. Gregory (2005), The International Politics of the Gulf," In *International Relations of the Middle East,* Louice Fawcett, Oxford: Oxford University Press, 1st Edition.

Ghareeb, Edmond (1981) *The Kurdish Question in Iraq,* New York: Syracuse University Press.

Gibson, Bryan R. (2015), *SOLD OUT? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds and Cold War*, New York: Palgrave Macmilan.

Goldstein, Joshua S., & Jon C. Pevehouse, (2006), *International Relations,* New York. . .: Priscella McGreen, 7th ed.

Graham, Robert (1978) *Iran: The Illusion of Power,* London: Croom Helm, Revised Edition.

Haines, Gerald K. 1998-1999), "Looking for a ruge Elephant: The Pike Committee Investigation", in Studies in Intelligence Winter. https://www.cia.gov/static/CIA-Pike-Committee-Investigations.pdf. Retrived 9-1-2024

Halliday, Fred (1981) *Soviet Policy in the Arc of Crisis,* Amsterdam: Institue for Policy Studies.

Igboke, Shedrack C. *et al* (2023), "Proxy War and Global Security: A Critical Analysis", in *Frican Journal of Politics and Administrative Studies,* Vol. 16, No. 2, December, pp. 520-545. file:///C:/Users/Kjs135/Downloads/ajol-file-journals_677_articles_260290_656795f3523fa.pdf. Retrived 9-1-2024

Isaacson, Walter (1992), *Kissinger: A Biography,* London: Faber & Faber.

Jervis, Robert (2017), *Perception and Misperception in International Politics*, Princiton and Oxford: Princeton University Press, rev. ed.

Kelidar, Abbas (1975), "Iraq: The Search for Stability," in *Conflict Studies,* No. 59, July.

Kelly, J. B. (1980) *Arabia: The Gulf and the West,* London: Weidenfeld and Nicolson.

Khadduri, M. (1988), *The Gulf War: The Origins and Implecations of the Iraq-Iran Conflict,* Oxford: Oxford University Press.

Kimshe, Jon (1975), "Why Did the Shah Switch side? Selling Out the Kurds", in *The New Republic,* Vol. 172, No. 16, Issue 3145, April 19.

Kinsman, James (1970), "Kurds and Iran: Iraq's changing Balance of power", in *New Middle East: Independent International Monthly,* No. 22, July.

Kissinger, Henry (1979), *The White House Years*, London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd.

Kissinger, Henry (1982), *The Years of Upheaval,* London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd.

Kissinger, Henry (2012), *The Years of Renewal,* G. B.: Simon & Schuster.

Korn, David A. (1994) "The Last Years of Mustafa Barzani," in *Middle East Quarterly,* June, Online version: *Middle East Forum* https://www.meforum.org/220/the-last-years-of-mustafa-barzani . retrived 30-10-2023.

Latchford, Catherin (2002), "Proxy Wars & Sovereignty: The Ethics and Impacts of Proxy War on State Sovereignty", in *Liberty University of Statemanship & public Policy,* Vol. 3, Issue 1, September, online version. https://digitalcommons.liberty.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1163&context=jspp Retrived 9-1-2024

Latham, Aron (1976), "What was Kissinger afraid of in the Pike Report", in *New York,* Vol. 9, nr. 40, October 4.

Lebow, Richard Ned "Perception and Misperception in International Relations", in *Naval War College Review,* Vol. 30, No. 3, summer 1977, pp. 146-147.

McDowall, David (1985), *The Kurds,* (London: Minority Rights Group Report 23.

McDowall, David (1996), *A Modern History of the Kurds*, London, New York: I.B.Tauris.

Pappe, Ilan (2006), *A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples*, (Cambridge: Cambridge University Press, 2nd ed.

Pelletier, Stephen (1984), *The Kurds: An Unstable Element in the Gulf,* (Boulder & London: Westview Press).

Penrose, Edith and E. Penrose, (1979) *Iraq: International Relations and National Development,* London: Westview Press.

Rauta, Vladimir (2021) ”‘Proxy War’: a reconceptualisation”, in *Civil Wars,* Vol. 23, No. 1, pp. 1-24. https://centaur.reading.ac.uk/94927/1/Proxy%20Wars%20-%20A%20%20Reconceptualisation.%20Final.pdf. Retrived 9-1-2024

Ramazani, Rouhollah K. (1975) *Iran's Foereign Policy 1941-1973: A Study of Foreign Policy in Modernizing Nations,* University Press of Virginia, Charlottesville.

Ramazani, Rouhollah K. (1988) *Revolutionary Iran: Challenge and Response in the Middle East,* London: John Hopkins University Press, 4th ed.

Rubin, Barry *Secrets of State: The State Department and the Struggle Over U.S. Foreign Policy,* (1987), New York, Oxford: Oxford University Press, 1987.

Safire, William (1980), *Safire's Washington,* New York: Times Book.

Saikal, Amin (1980), *The rise and Fall of the Shah,* New Jersey: Princiton University Press, 1980.

Dana Adams Smidt, ”The Kurdish Insurgency”, in *Strategic Review,* 2 (Summer 1974)

Smith, Charles D. (2010), *Palestine and the Arab-Israeli Conflict,* Boston: Bedford-st. Martin's,

Suri, Jeremi (2007), *Henry Kissinger and the American Century,* Cambridge & Massachusetts: The Belknap Press.

The House Select Committee, (1976), ”The Report of the CIA that President Ford Doesn,t Want You to Read” in *Village Voice,* Feb. 1th.

*The New Middle East,* (1973), No. 52-53, Jan-Feb.

Vanly, Ismet Sharif (1980) ”Kurdistan in Iraq,” in *Peoples withou a Country: the Kurds and Kurdistan,* Gerald Chaliand (ed.), London: Zed Books.. 58; Ismet Sheriff Vanly, ”Kurdistan in Iraq”, in *People Without a Country: The Kurds and Kurdistan,* A. R. Ghassemlou, . . . (eds), London: Zed books.

Weinbaum, Marvin G. (1987) ”The Internationalization of Domestic Conflict in the Middle East,” in *Middle East Review,* Vol. XX, No. 1, Fall 1987, pp. 31-42.

Yassin, B. A. (1992), "Kurderna i Irak och konfliktutvecklingen vid Persiska viken, 1958-1991," i Sven Tägil (utg.), *Kon-flikt och samarbete vid Persiska viken,* Malmö: Lund University Press.

Yassin, B. (1995), *Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941–1947*, Lund: Lund University Press.

Zahrai, M. (1985), *The Origins and Causes of the Iranian-Iraqian War,* University of Idaho: University Microfilms International, 1985. Unpublished Ph.D. Disertation.

**-٢-**

الاتحاد الديمقراطى الكردستانى – اللجنه التاسيسيه، (١٩٧٥)، *الثوره الكرديه – ١١ ايلول ١٩٦١ – ١٦ اذار ١٩٧٥: مشروع البرنامج الوطنى*، (؟، ؟).

الحيزب الديمقراطى الكردستانى – اللجنه التحضيريه، (١٩٧٧)، *تقييم مسيره الثوره وانهيارها والدروس المستخلصه منها*. (؟،؟).

حزب البعث العربى الاشتراكى (١٩٨٣)، *التقرير المركزى للموئتمر القطرى التاسع*، حوزيران ١٩٨٢. بغداد.

رەحمانی، وریا (٢٠١٣)، *شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا*، سلێمانی: ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

سابیر، رەفیق (١٩٩٠)، "کارەساتەکە و فیکری پەیرەو،" گۆڤاری *ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم*، ژمارە٢٢-٢٣، ساڵی پینجەم، حوزەیران.

عالیخانی، علینقی (ویراستار)، *یادداشت های علم*، (تهران: انتشارات مازیار، ١٣٨٠)، جلد اول.

محمد، کاروان جوهر (٢٠١٩)، *ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧): ژیان و رۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا، توێژینەوەیەکی مێژووییە*، (هەولێر، ؟).

وزاره الأعلام – الثقافه الجماهيريه، *حول المسأله الكرديه و تنفيذ بيان ١١ اذار التأريخى*، بحث مستل من الثوره العربيه – جريده الحيزب الداخليه، العدد الثالث ١٩٧١، بغداد: دار الحريه للطباعه، ١٩٧١.

یاسن، بورهان أ. (١٩٩٢)، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور"، گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥.

# پاشكۆكان

# پاشکۆی یەکەم

# هێنری کیسنجەر

## هێنری کیسنجەر کێیە؟[309]

کیسنجەر بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی ئەڵمانییە، لە دایکبووی ١٩٢٣یە. لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە ساڵی ١٩٣٨ ئەڵمانیایان بە یەکجاری جێهێشت و هەر ئەو ساڵەش لە ئەمریکا گیرسانەوە. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییدا لە ریزەکانی لەشکری ئەمریکیدا لە ئەڵمانیا، وەک شارەزایەک لە چەند بوارێکدا بە تایبەتی وەک راوێژکارێکی کەلتور و شارستانییەتی ئەڵمانیا، خزمەتی سەربازیی کردووە. هەر لەو کاتەدا دەوروبەرکەیی هەستیان بە توانا رادەبەدەرەکانی کیسنجەر کردووە.

کیسنجەر لە ساڵی ١٩٥١ پلەی ماستەر و لە ساڵی ١٩٥٤ پلەی دکتۆرای لە زانکۆی هارڤەرد بەدەستهێناوە. بە درێژایی ماوەی خوێندنی لەو زانکۆیە وەک خوێندکارێک بە پێگەی نایاب خوێندنی بە ئەنجام گەیاندووە و بەردەوامیش جێگای سەرسوڕمانی مامۆستاکانی بووە. جێگای گرنگی و ئاماژەیە کە کیسنجەر لە سەرەتادا، لە ئاستی خوێندنی زانکۆدا، زانستی سیاسی خوێندووە بەڵام دواتر، لە خوێندنی باڵا، لە دەرگای بابەتی مێژووەوە چووەتە ناو جیهانی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە باڵاکانی وە نامەی دکتۆراکەی دەربارەی ئەو سیستەمە جیهانییە بوو کە لە کۆنفرانسی ڤیەننا، لە ساڵی ١٨١٥، چوارچێوەکەی دارێژرا و سیستەمەکەش بە ناوی کلێمێنس ڤۆن میتەرنیخ (وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی نەمسا)وە، وەک **سیستەمی میتەرنیخ** ناوی دەرکردووە، ئەگەرچی لە راستیدا نامەکە لێکۆڵینەوەیە لە دوو کەسایەتی ئەوانیش میتەرنیخ ە لۆرد کاستێلێرێغ، کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیای مەزن بوو لە ١٨١٢ تا ١٨٢١. هەندێک جاریش ئەو سیستەمە وەک "**سیستەمی کۆنفرانسەکان**" ناوی دەهێنرێت، چونکە لەو کۆنفرانسەدا ئامادەبووان بڕیاریاندا کە لە کاتی هەر قەیران و تەنگەژەیەک **بەرپرسانی ئەوروپا لە کۆنفرانسێکدا کۆببنەوە** بۆ گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ ئەوەی قەیران سەر نەکێشێ بۆ ململانێی خوێناوی. یەکێکیش لەو جۆرە کۆنفرانسانە لە بەرلین بەسترا لە ساڵی ١٨٧٨، هەر لەبەر ئەوەش ناوی ئەو کۆنفرانسە وەک "کۆنفرانسی بەرلین" چووەتە مێژووەوە. لە مێژووی ئەوروپادا کۆنفرانسی ڤیەننا و ئەو سیستەمەی کە لێی کەوتەوە، واتە سیستەمی میتەرنیخ، وەک سەرکەوتنی ئاراستەی موحافیزکار (کۆنسەرڤەتیڤ)ی ئەو کاتە بوو لە ئەوروپا، واتە سیستەمێک کە دژی شۆڕش و گۆڕنکارییە ریشەییە شۆڕشگێڕییەکان دەوەستایەوە. تەنانەت گوتراوە کە بەسەرهاتی ئەم کۆنفرانس و سیستەمە وە تێگەیشتنی قوڵ لێی کاریگەریی زۆری لەسەر کیسنجەر داناوە بۆ ئەوەی دواجار خۆیشی ببێ بە

---

[309] لەسەر ژیان و کار و چالاکییەکانی کیسنجەر شتی زۆر، کتێب و وتار، نووسراون. لەم باسەدا بە تایبەتی سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە: Walter Isaacson, *Kissinger: A Biography*, London: Faber & Faber, 1992; Jeremi Suri, *Henry Kissinger and the American Century*, Cambridge & Massachusetts: The Belknap Press, 2007.

دیپلۆماتکار و سیاسەتزانێکی ناوداری **کۆنسەرڤەتیڤ** و دژ بە دیاردەی **شۆڕش** لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوێت[310]. لە راستیدا بابەتی نامەی دکتۆراکەی کیسنجەر قسەیەکە دەربارەی مێژووی دیپلۆماسی یا مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، واتە ئەو لە دەرگای مێژووی "هێز"، یا راستتر بڵێین، "**سروشتی هێز**"، بە مانا سیاسییەکەی، چووەتە ناو بابەتەکانی ترەوە.

## کیسنجەر وەک دیپلۆماتکار

کیسنجەر لە ساڵی ١٩٦٩، لە دەستپێکی سەرۆکایەتی و ئیدارەی ریچارد نیکسۆن و دوای ئەویش لە کاتی سەرۆکایەتی جیراڵد فۆرد، تا ساڵی ١٩٧٧ دوو رۆڵی زۆر گرنگی لە دیپلۆماسیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیدا بینی، یەکەمجار وەک راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (تا ئابی ١٩٧٤)، وە لەو کاتەوە تا نۆڤێمبەری ١٩٧٥ بەرسیاریی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و وەزیری دەرەوە بەدەستەوە بوو، دوای ئەم بەروارەش وەک وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بەردەوام بوو تا ١٩٧٧.

کیسنجەر، لە کاری دیپلۆماسیدا، پشتی بە زۆرێک لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی سیاسەتکردن دەبەست کە بۆ ئەو رێ نیشاندەر بوون. لەمانە، هەر بۆ نموونە، ئەو دەیوت "**ئێمە نە دەتوانین لەو راستییە دەربازمان بێ کە ئێمەی ئەمریکی بەشێکین لە جیهان، وە نە دەشتوانین ئەو جیهانە کۆنترۆڵ بکەین**"[311]. هەر وەها کیسنجەر باوەڕی وابوو کە، بۆ ئەوەی لە کاری سیاسیدا سەرکەوتوو بیت، دەبێ مۆراڵ و سیاسەت لەیەکتر جیا بکەیتەوە. جگە لەوەش ئەو پێیوابوو پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتاندا سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی ئەو وڵاتانە **لەیەکتر جیا بکەینەوە**. بەم واتایەش ئەگەر رژێمێک لە سیاسەتی ناوخۆیدا بەرامبەر گەلەکەی ستەمکار بێت، بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەیدا هاوکاری ئەمریکا بێت و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا یەکانگیر بن، ئەوا هەرگیز کێشە نییە ئەمریکا پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبێت. وەک باری رۆبن دەڵێ، کیسنجەر پێیوابوو پێویست ناکات ئەمریکا دڵنیایی بدات بە رکابەر و دژبەرەکانی کە ئەمریکا نیازای ئەوەی نییە زیانیان پی بگەیەنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە ئەو پەیامە بە روونی بگات بە دژبەرەکان کە ئەمریکا **توانای ئەزیەتدانی ئەوانی هەیە**. هەر لەبەر ئەوەش، کیسنجەر لەو باوەڕەدا بوو کە **رادەیەک لە بارگرژی و ململانێ**، نەک پێچەوانەکەی، باشترین ژینگەیە بۆ ئەنجامدانی کاری بە بەرهەم و داهێنەری سیاسی و دیپلۆماسی[312]. هەر ئەوەش بوو، بۆ نموونە، کە ئاراستە و تێڕوانینی کیسنجەر و ولیەم رۆجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای بە توندی لەیەکتر جیائەکردەوە. هەر وەک ئەندامی ئەنجومەنی پیران، ستیوارد سیمینگسۆن دەڵێ، ولیەم رۆجەرز **تەنها بە ناو وەزیری دەرەوە بوو**، لە راستیدا کیسنجەر، ئەگەرچی ئەو راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، رۆڵی راستەقینەی وەزیری دەرەوەی دەبینی[313]. دواجار لە

[310] Isaacson, *Kissinger,* 1992, p. 31.
[311] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 142.
[312] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 142.
[313] Rubin, *Secrets of State,* 1987, 1987, p. 143.

ئابی ١٩٧٣ نیکسۆن ڕایگەیاند کە ئەو خەریکە بڕیاری ئەوە بدات کە کیسنجەر، وەک وەزیری دەرەوە، جێگەی ڕۆجەرز بگرێتەوە، کەمێک دواتر لەو ڕاگەیاندنە هەر وایلێهات. بەمەش بۆ ماوەیەک کیسنجەر هەردوو پێگە گرنگەکەی وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەدەستەوە بوو[314].

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی سەرەکی باسە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد، هەڵبەتە لە "دەللاقەی" کیسنجەرەوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر کورت بە کارە هەرە گرنگەکانی ئەو بکەین، کە کاریگەری زۆریان لەسەر ڕۆڵی خۆی، ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهان وە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبووە.

یەکەم، "**ئاساییکردنەوەی" پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین**: یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی کیسنجەر ئەوە بوو کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا. ئەگەرچی ناکۆکی لە بۆچوونەکاندا هەیە کە ئایا ئەم ئاساییکردنەوەیە بە دیزاین و نەخشەکێشانی نیکسۆن دەست پێدەکات یا بە ڕاستی بیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە هی کیسنجەر بووە. هەر چۆنێک بێت، پرۆسەکە لە دوو سەردانی کیسنجەر بۆ چین (لە ساڵی ١٩٧١) دەست پێدەکات، یەکەمیان زۆر نهێنی بوو و پاکستان لە ڕێکخستنی و جێبەجێکردنی ڕۆڵی هەبوو وە دووەمیان سەردانێکی ئاشکرا بوو. بە هەر حاڵ ساڵی دواتر، ١٩٧٢، سەردانێکی دوو قۆلی نیکسۆن و کیسنجەر بۆ پکین یەکلاکەرەوە بوو، نەک هەر لە ڕادەیەکی زۆری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بەڵکو دوورخستنەوەی چین لە سۆڤیەت و بە پێچەوانەشەوە نزیککردنەوەی چین ئەمریکا لەیەکتر، دوای ٢٣ ساڵ لە دابڕانی چین و ئەمریکا لە یەکتر (١٩٤٩-١٩٧٢). جێگای گرنگییە، هەر وەک چۆن لە ئێستادا دۆسیەی تایوان سەرەکی و گرنگە، ئەو کاتەش ئەم دۆسیەیە لە تەواوی پرۆسەی دابڕان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان زۆر گرنگ و ناوەندی بوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم ئاساییکردنەوەیە، لە قۆناغی هەرە پێشکەوتوویدا، گەیشت بە دوا قۆناغی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەو دوو وڵاتە بە کردنەوەی سەفارەتی چین لە واشنتۆن، وە هی ئەمریکا لە پکین.

دووەم، **کیسنجەر و ڤیەتنام**:[315] جێگای سەرنجە کە ئەگەرچی کیسنجەر بە ڕەسمی ١٩٦٩ پۆستی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئیدارەی نیکسۆندا وەرگرت، بەڵام ئەو پێش ئەوە دوو جار، لە ١٩٦٥ و ١٩٦٦، سەفەری ڤیەتنامی کردبوو وە لەم دوو سەفەرەیدا گەیشتبووە دەرەنجامی زۆر گرنگ کە دواتر هەمان دەرەنجام بوو بە ڕێنیشاندەر لە سیاسەتی کیسنجەر لەمەڕ کێشە و شەڕی ڤیەتنام. ئەو پێیوابوو "ئەمریکا نازانێ **چۆن شەڕی ڤیەتنام** بباتەوە وە

[314] Gibson, *SOLD OUT? US Foreign Policy,* 2015, p. 156.

[315] ئەم بەشە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەم سەرچاوەیە بەستووە: Kissinger, *The White House Years,* 1979, pp. 1301-1471;

بە تایبەتی دەربارەی کۆتایی ساڵانی هێوربوونە و خاوبوونەوە بڕوانە: Henry Kissinger, *The Years of Upheaval,* London: George Weidenfeld & Nicolson Ltd, 1982, pp. 979-1032.

ناشزانێ چۆن کۆتایی **به تیۆەگلانی خۆی** لەو شەڕە بهێنێت". دواتر هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی، وەک راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کیسنجەر جەختی لەسەر کۆتاییهێنانی دیپلۆماسییانەی جەنگی ڤیەتنام کردووە بە هەردوو رەهەندی: **یەکەم**، رەهەندی کشانەوەی ئەمریکا لە ڤیەتنامی خوارو؛ **دووەم**، رەهەندی رێکەوتنێکی سیاسی لە نێوان ڤیەتکۆنگ و ڤیەتنامی خوارو. بە هەر حاڵ، بە دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب، واتە لە لایەک **دیپلۆماسیی نهێنی** وە لە لایەکی ترەوە **دیپلۆماسی ئاشکرا**، لە سەرەتای ١٩٧٣ هەوڵەکان **بە رێکەوتن** لەسەر کشانەوەی ئەمریکا لە خواروی ڤیەتنام کۆتاییانهات[316].

سێهەم، **کیسنجەر و وێستەگەیەکی گرنگ لە جەنگی ساردا**:[317] بە گشتی ساڵی ١٩٧٢ بۆ ئیدارەی نیکسۆن، ، بە تایبەتی بۆ کیسنجەر، ساڵێکی پر لە چالاکی بوو. لەو ساڵەدا، جگە لەو دەستکەوتە دیپلۆماسییەی کە لە پەیوەندییەکان لەگەڵ چین بەدەستهات، لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتیش، لە چوارچێوەی پێدراو و رووداوەکانی پەیوەندیدار بە جەنگی سارد، ئەم پەیوەندیانە لە ئاراستەی **هێوربوونەوە** و **خاوبوونەوە** پێشوەچوونی ئەرێنییان بەخۆوە بینی. خاڵی لێوەدەرچوونی نیکسۆن و کیسنجەر، لە بابەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ئەوە بوو کە: **یەکەم**، پێویستە ئەمریکا و سۆڤیەت کۆک بن لەسەر ئەوەی کە **سەقامگیری باشترە لە گۆڕانکارییە لە ناکا و ریشەییەکان** لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا؛ **دووەم**، سامان و هێزی ئەمریکا سنووردارە بۆ بەردەوامیدان بە ململانێکان، هەرچەندە ئەو سامان و هێزە زۆریش بێت. لەبەر ئەوەش گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا پێویستە؛ **سێهەم**، **هاوسەنگی هێز** بە شێوەیەکی باشتر دەپارێزرێ لە سیستمێکی فرە جەمسەریدا، تا لە سیستمێکی تاک جەمسەریدا. بونیادنراو لەسەر ئەم سێ خاڵە کە کۆکراوەی بڕوای نیکسۆن و کیسنجەر بوو، ساڵی ١٩٧٢ هەردووکیان سەردانی مۆسکۆیان کرد لە پێناو گەیشتن بە چوارچێوەیەکی لەیەکگەیشتن، بۆ ئەوەی دواجار دۆخی گشتی جەنگی سارد، بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات، بچێتە حاڵەتێک لە **خاوبوونەوە** [318] و **هێوربوونەوە**. بە گشتی لەم چوارچێوەیەدا، دۆخێک لە هێوربوونەوە (ناسراو بە détente) بەرهەمهات، ئەنجامیشی هەندێک رێکەوتن و لەیەکگەیشتن بوو لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا. ئەم هێوربوونەوە و خاوبوونەوەیە تا دەستپێکردنی قۆناغی دووەم لە جەنگی سار، کە بە داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دەست پێدەکات، بەردەوام بوو.

---

[316] کیسنجەر خەلاتی نۆبلی ساڵی ١٩٧٣ی پێبەخشرا بە هۆی ئەو رۆڵە کاریگەرەی کە لە کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤیەتنام، بە شێوەی ئاشتیانە، بینی، هەڵبەتە دوای شەڕێکی چەند ساڵای زۆر خوێناوی. جێگەی بایەخە بڵێین، یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەمی کیسنجەر لەم کارەدا رازیکردنی سەرۆک نیکسۆن بوو بە کۆتاییهێنان بەو ململانێ خوێناوییە بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

[317] Kissinger, *The White House Years,* 1979, pp. 1202-1258;

[318] وشەی détente زۆر واتای هەن و دەکرێ لە بابەتێکی ئەوهادا هەر یەکێکیان بەکار ببرێ بۆ ئەوەی، هەر نەبێ بە رێژەیەک مانای تەواو ببەخشێت، وەک کەمبوونەوەی یا کەمکردنەوەی ئاڵۆزی، هێوربوونەوە و خاوبوونەوە لە دۆخی گشتی بارگرژییەکان لە چوارچێوەی جەنگی ساردا.

چوارەم، **کیسنجەر و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل:**[319] لە شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا لایەنی عەرەبی لە دوو ڕۆژی سەرەتای شەڕەکەدا سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەستهێنا. لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی ئیسرائیل بتوانێ هێرشەکەی میسر و سوریا تێکبشکێنێ و باشتر بەرگری لەخۆی بکات، ئەمریکا "پردێکی ئاسمانی" بۆ ناردنی یارمەتی خیرا بۆ ئیسرائیل کردەوە. بەڵام کیسنجەر پێیوابوو کە **ئەم یارمەتییە دەبێ سنووردار بێت**، بۆ ئەوەی ئیسرائیل سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە، وەک ئەوەی حوزەیرانی ١٩٦٧ بەرامبەر بە عەرەب، بەدەست نەهێنێت. چونکە سەرکەوتنێکی ئەوها وای لە ئیسرائیل ئەکرد کە بە هیچ شێوەیەک نەچێتە ژێر باری گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ عەرەب[320]. کیسنجەر، کە ماوەیەکی کەم بوو ببوو بە وەزیری درەوە[321] و لەگەڵ ئەوش بەردەوام بوو لە پێگەکەی وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشمانی، هەر زوو وەک ناوبژیوانێکی کارا و چاڵاک توانی، هەر نەبێ لە نێوان میسر و ئیسرائیل، بنچینەی ئاشتییەکی سەقامگیر و درێژخایەن دابڕێژێ، کە دواتر بە ڕێکەوتنی ئاشتی کامپ دەیڤید لە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ١٩٧٩ تەواو بوو. ئەم ڕۆڵەی کیسنجەر لە بەرهەمهێنانی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی ئەو دیدگایە بوو کە کیسنجەر هەڵگری بوو لە کۆی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا، پەیوەندیدار بە جێگەو پێگەی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو پێیوابوو کە، لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێیدەوترێت نەموزەجی تورکی–یۆنانیدا، ئەکرێ دوو لایەن لە ململانێدا بن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام هەردووکیشیان بە جیا پەیوەندییان باش بێت لەگەڵ ئەمریکا، یا تەنانەت هەردووکیشیان هاوپەیمانی ئەمریکا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر بە پێی دیدگای کیسنجەر، باشترین بژاردە ئەوەیە ئەو ململانێیە بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی دواجار، لە سێگۆشەیەکی توکمە لە پەیوەندییەکان، بە باشترین شێوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا پارێزراو بن[322]. لە ڕاستیدا هەر دوای جەنگی ١٩٦٧ باوەڕێک لای ئەمریکییەکان دروست بوبوو

---

[319] لەم بەشەدا بە تایبەتی سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: Kissinger, *The Years of Upheaval,* 1982, pp. 450-545; Ian Bickerton, *The Arab-Israeli Conflict: A Guide for the Perplexed,* New York: Continuum International Publishing Group, 2012 p. 194, 269; Charles D. Smith, *Palestine and the Arab-Israeli Conflict,* Boston: Bedford-st. Martin's, pp. 316-330.

بە گشتی ئەم سەرچاوەیە زۆر بە سوودە بۆ زانینی ڕۆڵی کیسنجەر لە پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، زۆر بە تایبەتیش لە نێوان میسر و ئیسرائیل: Gil Carl Alroy, *The Kissinger Experience: American Policy in the Middle East,* New York: Horizon Press, 1975.

[320] ئیلان پاپێ پێیوایە ئەگەر دوودڵی ئەنوەر ئەلسادات و حافز ئەسەد لە ڕووی ڕەسمییەوە لە بەڕیوەبردنی جەنگەکە نەبوایە و هەروەها ئەو یارمەتییە خێرایەی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل نەبوایە ئەوا دەکرا لایەنی عەرەبی دەستەکەوتی زیاتر لەو جەنگە بەدەست بهێنێ.

Ilan Pappe, *A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples*, Cambridge: Cambridge University Press, 2006, 2nd ed, P. 207.



[321] کیسنجەر لە سێپتێمبەری ١٩٧٣ بوو بە وەزیری دەرەوە، بەمەش دوو پۆستی گرنگی کەوتە دەست، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی نیشتمانی و وەزیری دەرەوە، تا چەند مانگێکیش لە ساڵی ١٩٧٥ بەم شێوەیە، بە هەردوو پۆستەکەوە، بەردەوام بوو. بڕوانە: Rubin, *Secrets of State,* 1987, p. 163.

[322] دەکرێ بەکاربردنی ئەم نەموزەجی تورکی–یۆنانییە، وەک خاڵێکی لێوەدەرچوونی تیوری، بەسود بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشتی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان وە ڕۆڵی ئەمریکا لەو پەیوەندییانەدا و کاریگەری ئەو پەیوەندییانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. تەنانەت ئەم گۆشەبینینە تیورییە دەکرێ بۆ شێوازی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوای

که یارمەتی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل رۆڵی هەبووە لە **کەنارگیری ئەمریکا لە جیهانی عەرەبیدا** وە لە هەمان کاتتدا ئەم حاڵەتە دەرفەتی دابوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی لە ناوچە بکاتەوە و وڵاتانی عەرەبیش بەرەو رادیکاڵیزمی زێتری ببات[323]. هەڵبەتە هۆیەکی گرنگی ئەو رادیکاڵیزمەش ململانێی عەرەبی–ئیسرائیلی و یارمەتییەکانی ئەمریکا بوو بۆ ئیسرائیل. ئەمانەش، دەرەنجام، دۆخەکە پێویستی بە رۆڵێکی چالاکانەی ئەمریکا هەبوو بۆ، هەر نەبێ، بەدەستهێنانی ئاستێک و رادەیەک لە ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، کە دواجار ئەو هەوڵەی ئەمریکا، بەڵام بە رادەی یەکەمیش هەوڵی کیسنجەر، لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا سەرکەوتو بوو. بە هەر حاڵ، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم رۆڵەی کیسنجەر، لەبەر پێشینەی جولەکەبوونی، ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو بە تواناکانی خۆی ئەوەی پیشاندا کە ئەم پێشینەیەی کێشە و رێگر نەبوو بۆ ئەو رۆڵەی کە بینی[324].

پێنجەم، **دەست تێکەڵاوکردن لە ئەمریکای لاتینی**: یەکێ لەو رووداوانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کیسنجەر، وەک دیپلۆماتکار و لەسەر دەمی خۆی داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەست تێکەڵاوکردنی ئەمریکا بوو لە شیلی. رۆڵی کیسنجەر لە کودەتای ١٩٧٣ی شیلی و کوژرانی سەرۆکی ئەو وڵاتە، سیلڤادۆر ئەلێندی، بەردەوام وەک رۆڵێکی پشتڕاستکراوە باس کراوە.

سیلڤادۆر ئەلێندی کاندیدی حیزبی سۆسیالیست بوو وە لە هەڵبژاردنەکاندا ساڵی ١٩٧٠ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بوو بە سەرۆکی شیلی. ئاراستەی سۆسیالیستیی و نزیکیی ئەلێندی لە کوبا، ئەمریکای زۆر نیگەران کرد وە هەر ئەو ساڵە هەوڵێکی سی ئای ئەی لە رووخاندنی دەسەڵاتی ئەلێندی شکستی هێنا. لەگەڵ ئەوەش هەوڵەکان، لە چوارچێوەی **ئۆپەراسیۆنی نهێنیدا**، هەر بەردەوام بوون. ئەگەرچی سی ئای ئەی بە چەک و تەقەمەنی یارمەتی بەرهەڵستکارانی ئەلێندیان نەدا، بەڵام ئەم دامەزراوەیە بەردەوام هەوڵی پیلانگێڕی دەدا بۆ سەرخستنی کودەتایەکی سەربازی. سی ئای ئەی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاوکردەوە کە تیایدا بە روونی هاتووە کە ئەم دامەزراوەیە یارمەتیدەر بووە لە سەرخستنی کودەتاکەی ١٩٧٣ دژی ئەلێندی، کە هەڵبەتە، هەر وەک وترا، بە ژیانی ئەویش تەواو بوو[325]. لە بارەی رووداوەکانی شیلیەوە، کیسنجەر باسی ناکارامەیی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکا دەکات کە نەیان توانیوە، بەر لە رووداوەکان، زانیاری و شرۆڤەی دروست بخەنە بەردەستی ناوەندەکانی بڕیار بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری راست و پێویست وەربگرن[326].

---

کوردستانیش بە سوود بێت، کە، بە هەر حاڵ، سروشتی ئەو پەیوەندییانە لە هی تورکیا لەگەڵ باشوری کوردستان زۆر جیاوازن.

[323] Rubin, *Secrets of State,* 1987, p. 163-164.
[324] Suri, *Henry Kissinger and the American Century,* 2007, p. 252.
[325] https://en.wikipedia.org/wiki/Henry_Kissinger Retrived 29-12-2023
[326] Rubin, *Secrets of State,* 1987, p. 161.

# پاشکۆی دووەم

## وەڵامی هێنری کیسنجەر بۆ نامەیەکی بارزانی[327]

February 22, 1975

My Dear General:

I was most pleased to receive your message of January 22, 1975. I want you to know of our admiration for you and your people and for the valiant effort you are making. The difficulties you have faced are formidable. I very much appreciated reading your assessment of the military and political situation. You can be assured that your messages receive the most serious attention at the highest level of the United States Government because of the importance we attach to them.

If you would like to send a trusted emissary to Washington to give the U.S. Government further information about the situation, we would be honored and pleased to receive him. I am convinced that secrecy has been of paramount importance in maintaining our ability to do what we have done; it is only for this reason - plus our concern for your personal safety - that I hesitate to suggest a personal meeting here with you. I look forward to hearing from you.

Please accept my sincerest good wishes and high esteem.

[327] ئەم نامەیەی کیسنجەر وەڵامی نامەیەکی مەلا مستەفایە کە پێشتر لە بەرواری ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بۆ کیسنجەری ناردبوو. دەیڤید کۆڕن ئەم وەڵامەی کیسنجەری لە لای محەمەد دۆسکی، کۆنە دیپلۆماتکارێکی عێراق و دواتر هاوکاری مەلا مستەفا، دۆزیوەتەوە. ناوی کیسنجەر لەسەر نامەکە نەبووە، تەنها پیتەکانی یەکەم لە ناوی ئەو نەبێت. بەڵام دواتر بە پێی بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکانی کیسنجەر پشتڕاست بۆتەوە کە ئەم نامەیە هی کیسنجەر خۆیەتی و ناردوویەتی بۆ مەلا مستەفا. بڕوانە: Korn, ”The Last Years of Mustafa Barzani”, 1994, online version.

# پاشکۆی سێهەم

## نامەی بارزانی بۆ شای ئێران ١٤-٧-١٩٧٣[328]

To His Imperial Majesty the Shahinshah Aryamihr

We are utmost honoured to have this audience from You and are very grateful for it.

Your Imperial Majesty has been always concerned about Kurds who have been suffering for the last 12years from the oppression and the racial war waged by successiv Iraki governments and Iran under Your esteemed leadership has done its best to help us survive and be protected fro the aggressive policy practised by Baghdad towards us. W express here in the name of Kurds in Iraq our gratefulnes and thanks to Your Imperial Majesty and the policy pursue towards us.

Events show that Baghdad regime will not implement the clauses of the March agreement by 11 march 1974, the dead-line set for that. as a consequence the resumption o their large scale hostil-ities against our people is the possibility one for-sees. We expect that then all measure including non-conventional ones like poisenous gases will be used against our population, and we think that Kurdish people in Iraq has to become stronger in order not only t face events but to take initiatives against the aggresso

Iraqi political formula shows clearly that Kurdish el ment in Iraq is a strong and stable one and has the great influence on events in this country, Furthermore we think that this importance has now increased because Baath regi did bring in foreign powers and tries to create trobles i the Persian Gulf and in the area as a whole including the Indian Ocean and Pakistan in cooperation with the others.

The Kurdish movement in Iraq, being the only uncontrolled opposition, could through Your Majesty's support and under Your advices play a bigger role in the region's affaires and that role could well be backed by the big majority of Iraqi people who are against the regime. Taking into consideration the fact that the regime in Baghdad is not stable and internal differences are creating a process of gradual elimination of its members(well witnessed by latest events in Baghdad ) and the fact that its hated by the big majority of Iraqi people; the role that we can play cuuld go even up to the point of trying through cooperation with decent Arab elements and the way You think is feasible to change the present regime.

To try to take initiatives from our side and play that role our movement's capability level must be raised from a defensive to an offensive one and our financial problems need to be solved besides the utmost sponsoring possible by your Imperial Majesty's country for the whole thing .

At this very point we believe that full American understanding and backing for the big role Iran plays in the struggle for stability and freedom in the area,and for our cause and that of all the Iraqi people at this critical period is necessary specially when we see that the other front has USSR clearly and as deep as possible behind it and efforts are going on to strengthen Soviet influence and communism in the area .

Our people look at Your Imperial Majesty as a father and protector and is certain that any other door open to us had Your efforts behind it, Consequently and taking into consideration the fact that you have on many occasions said that

[328] عالیخانی، *یادداشت های علم*، جلد سوم، صفحه ۹۸-۱۰۰.

Iran cannot stay indifferent when genocide goes on against Kurds in Iraq and that relations between Iran and Iraqi Kurds should be deeper than what exist between Turkey and Cyprus Turks, we turn towards You to protect us from Baath threats backed by the Russians and to try to increase support to our movement in Iran and outside the way You think is feasible and through Iran, and we have no doubt that Your Imperial Majesty will not endeavour any efforts for that and on any occasion You have including Your coming visit to the United States of America . We have no doubt that any strength added to our movement will be an active participation in the struggle for stability ,freedom and getting rid of foreign inflence in the region that struggle which Iran under Your esteemed leadership courageously leads, and concerns all states who like that struggle to succeed .

We would like to make it clear here that Your Imperial Majesty could talk in United States or any other place you find it necessary for us and we are ready to accept the committ-ments needed from us when we are helped and the way Your Majesty thinks those committ-ments should be made .


We again present our gratefullness to Your Imperial Majesty for every thing and are sure that you do what is best for us. We express here also our gratitude for our friend general Nasiri who has always applied what you have ordered for our cause with the best of good - will

Mustafa Barzani

# پاشکۆی چوارەم

## وێناکردنی کیسنجەر لە جیهانی عەرەبییدا، بە پێی گۆڤاری (*Time*)، ئەپریلی ١٩٧٤[329]

لەم وێنەیەدا کیسنجەر، وەک رەنگدانەوەیەک بۆ کار و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی لە دۆسیەی ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلیدا، وەک "**جادووگەرێک**" دەردەکەوێ کە دەتوانێ هەندێ کاری **سەروو توانا مرۆییەکان** ئەنجامبدات؛ هەمووان، تەنانەت کەسایەتییە سیاسییە گەورە و ناودارەکانی ئەو کاتەش، سەرسامن بە کیسنجەرەوە.




[329] Suri, *Henry Kissinger*, 2007, p. 233.

# پاشکۆی پێنجەم

## نامەی بارزانی بۆ هێنری کیسنجەر،
## چوار رۆژ دوای شکستە کارەساتبارەکە، ١٩٧٥/٣/١٠[330]

His Excellency Dr. Henry Kissinger

Secretary of State

Washington, D.C.

March 10, 1975

Your Excellency:

Having always believed in the peaceful solution of disputes including those between Iran and Iraq, we are pleased to see that these two countries have come to some agreement in Algeria. However, our hearts bleed to see that an immediate by-product of this agreement is the destruction of our defenseless people in an unprecedented manner as Iran closed its border and stopped help to us completely and while the Iraqis began the biggest offensive they have ever launched and which is now being continued. Our movement and people are being destroyed in an unbelievable way with silence from everyone. We feel Your Excellency that the United States has a moral and political responsibility towards our people who have committed themselves to your country's policy. In consideration of this situation we beg Your Excellency to take action as immediate as possible on the following two issues.

1. Stopping the Iraqi offensive and opening the way for talks between us and Iraq to arrive at a solution for our people which will at least be face-saving.

2. Using whatever influence you have with the Iranian friends to help our people in these historically tragic and sad moments and at least in such a way that our people and Peshmergas could maintain some livelihood and perform at least partisan activities in Iraqi Kurdistan until our problem is also solved within the framework of the over-all Iranian-Iraqi agreement.

Mr. Secretary, we are anxiously awaiting your quick response and action and we are certain that the United States will not remain indifferent during these critical and trying times.

We have also written in detail on these issues a memorandum to His Imperial Majesty.

Please Mr. Secretary, accept our highest expressions of appreciation and good wishes.

Mustafa Barzani

---

[330] https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1969-76v27/d278. Retrived 24-2-2024

# پاشکۆی شەشەم

هێنری کیسنجەر وەک، گوایە، "ئەندازیاری رێکەوتنی جەزائیر"! بە پێی تەلەڤزیۆنی رووداو

